# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.546 Tue 8/ 9/ 2009 | نرخ 750 دینار | ژمارە 546 سێشەممە 8/ 9/ 2009




**٩** پارتیو یەکێتی مانگانە ٤٢ هەزار ملیۆن دینار بەناوی پێشمەرگەوە دەبەن

# تاڵەبانی لە (تەوێڵە) بە نهێنی لەگەڵ ئێرانییەکان کۆدەبێتەوە

**ڕۆژنامە**

سەرۆک کۆماری عێراقو یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی عێراق، سەردانی تەوێڵە (سنووری عێراق ئێران لە پارێزگای سلێمانی) دەکەنو کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی ئێرانی ئەنجامدەدەن.

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق بە یاوەری بەرپرسێکی باڵا، سەردانی شارۆچکەی تەوێڵە دەکات، لەگەڵ سەردانەکەیاندا چەند ئۆتۆمبێلێکی جامرەش لە سنووری رەسمیی (تەوێڵە- شۆشمێ لە نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران)ەوە هاتوونەتە ناو تەوێڵەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ تاڵەبانی کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شارۆچکەی تەوێڵە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو (٩/٥) هێزێکی زۆری پێشمەرگە سەر شاخەکانی تەوێڵەیان تەنیوەو دواتر لە سەعات (١٠ بۆ ١١)ی پێشنیوەڕۆ جەلال تاڵەبانی دوور لە چاوی کامێراو ڕاگەیاندنەکان سەردانی تەوێڵەیان کردووەو لە ماڵی (جەمیل هەورامی) سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لایانداوە».

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی ببرێت، ئاماژەی بەوەشدا «لەدوای گەیشتنی تاڵەبانی بۆ تەوێڵە چەند ئۆتۆمبێلێکی جامرەشی ئێرانی لە سنووری ڕەسمیی (تەوێڵە- شۆشمێ)وە هاتوونەتە ناو تەوێڵەو زۆربەی زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە شاندێکی ئێرانی بوونو لەگەڵ تاڵەبانی کۆبوونەتەوە، بەبێ ئەوەی ناسنامەی کەسە ئێرانییەکانو ئەجێندای ئەو کۆبوونەوەیە ئاشکرابکرێت».





جەلال تاڵەبانی

**٣** بە چەک دەورو تەسلیمی سکرتاریەتی خوێندکاران کراوە

**٣** پاش ئاگادارکردنەوەی سەرۆکی هەرێم، ١٠٠ کەسی دیکە نانبڕاوکراون

**٤** میدیای ڕەش لە کوردستان

**١٧** خاوەنی (٢٤٠٨) دۆنم زەوی داوای قەرەبوو دەکەنەوە

## ٧ حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح لەژێر هەیمەنەی پارتیدا دەبێت



**٥** بەغدا دەکولێتو کوردستان دەخولێتەوە

**١٣** سێگۆشەکە هەڵدەوەشێتەوە؟



**ئازاد چالاک:** دروستنەکردنی دەستەی نەزاهە گومانی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم دروستکردووە

١٢



شکست لە هزری برینداربووی یەکێتیدا

چیا عەباس ٢٢



بەرهەمی یەک لیستی چی بوو؟

ئاسۆعەبدوللەتیف ٢٠


ڕیکلام

**باخچەی ساوایانی پاندا و قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی لە گوندی ئەڵمانی کرایەوە**

لەهەنگاوێکی بێ وێنەدا کۆمپانیای نالیا باخچەیەکی ساوایانی نموونەیی و قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی لەناو گوندی ئەڵمانی کردەوە

کۆمپانیای نالیا سەرجەم دانیشتووانی خۆشەویستی شاری سلێمانی ئاگاداردەکاتەوە بۆ ئەمساڵی خوێندن باخچەی ساوایانی پاندا لەسەر سیستمی خوێندنی ئەڵمانیی و قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی بە هاوچەرخترین پرۆگرامی خوێندن لەگوندی ئەڵمانی دەکرێتەوە و لەئێستاوە ناونووسین دەستی پێکردووە

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارانەوە بکەن:

باخچەی ساوایانی پانـدای نموونەیی: ٠٧٧١٠١٣٣٧٨٤

قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی: ٠٧٧٠٥٠٤٩٦٧٨

نالیا هەمیشە پێشەنگە

## پاش ئاگاداركردنەوەی سەرۆكی هەرێم

# (١٠٠) كەسی دیكە نانبڕاوكراون

**شارا عەبدولڕەحمان**

لەدوای ئەوەی فراكسیۆنی گۆڕان كێشەی دەركردن و نانبڕاوكردنی ئەو كەسانەی كە گومانی ئەوەیان لێدەكرێت دەنگیان بە لیستی كوردستانی نەدابێت، گەیاندە سەرۆكی هەرێم، یەكێتی زیاتر لە (١٠٠)كەسی دیكەی لەدامودەزگا حكومییەكاندا دەركردووە.

ڕۆژی(٨/٢٧) لەمیانەی كۆبوونەوەی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ لیستی گۆڕاندا، مەسەلەی دەركردن و نانبڕاوكردنی زیاتر لە (١٧٠٠)كەس كە گومانیان لێدەكرێت دەنگیان بە لیستی كوردستانی نەدابێت، باسكراو هەر لە كۆبوونەوەكەدا مەسعود بارزانی نیگەرانیی خۆی لەحاڵەتەكە نیشانداو بەڵێنی بەدواداچوونی ئەو كێشەیەی دا، بەڵام نزیكەی (١٠)ڕۆژە هیچ بەرەوپێشچوونێك لەو مەسەلەیەدا بەدی نەكراوە.

د.فوئاد حسێن، سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەئێستادا سەرۆكایەتی هەرێم سەرقاڵی بەدواداچوونی حاڵەتەكانەو بەجدیی كاریان بۆ دەكرێت.

بڕیارە ئەگەر تا ئەمڕۆ سەرۆكایەتی هەرێم وەڵامی داواكارییەكەیان نەداتەوە، ئەوا فراكسیۆنی گۆڕان كە پڕۆژەبڕیارێكی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیە، بیباتە پەرلەمان و كار بۆ گەڕاندنەوەی دەركراوان بكات.

لەوبارەیەشەوە كوێستان محەمەد، سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان بە ڕۆژنامەی وت «ئێمە نوێنەری خۆمان بۆ بەدواداچوونی داواكەمان ناردووەتە لای سەرۆكی هەرێم و ئەگەر وەڵاممان نەدرێتەوەو بەجدیی كار بۆ داواكەمان نەكرێت، پڕۆژەبڕیارەكەمان دەبەینە پەرلەمان و لەوێ گفتوگۆی لەسەر دەكەین، تا چارەسەری گونجاو دەدۆزینەوە».

لەدوای ئاگاداركردنەوەی سەرۆكی هەرێمیشەوە، یەكێتی زیاتر لە (١٠٠)كەسی تری لەدامودەزگا حكومییەكاندا دەركردووەو فراكسیۆنی گۆڕان ناوی ئەو (١٠٠)كەسەی دیكەیان ئامادەیە كە ئاڕاستەی سەرۆكی هەرێم و پەرلەمانی بكەن، كوێستان پێشیوابوو، پێویستە یەكێتی ڕێزی ئەو هەوڵەی سەرۆكی هەرێم بگرێت كە بۆ گەڕاندنەوەی دەركراوان خستویەتییە كارو پێویستە لەدوای ئاگاداری سەرۆكی هەرێمەوە واز لەدەركردن و نانبڕاوكردن بهێنێت.

هەرچەندە فراكسیۆنی گۆڕان بەڵێنی بەخەڵكدا كە پەرلەمان بكاتە مەرجەعی سەرەكی بۆ یەكلاییكردنەوەی كێشەكان و دەرچواندنی بڕیارو یاسا، بەڵام بەپێچەوانەی بەڵێنەكەیانەوە، ئەو لیستە بۆ یەكلاییكردنەوەی یەكەمین كێشە كە هاتە بەردەمیان پەنایان بردە بەر سەرۆكی هەرێم.

لەوبارەیەوە كوێستان محەمەد وتی «دانیشتنەكانی پەرلەمان زۆر دواكەوتن، هاوكات، دەركردنی ئەو خەڵكانە پەیوەندیی بەقوتی خەڵكەوە هەیە لەئێستادا كە ڕەمەزانەو شتومەك گرانەو نزیك دەستپێكردنەوەی قوتابخانەیە، ویستمان ئاسانترین و خێراترین ڕێگابگرینەبەر، چوونیشمان بۆ لای سەرۆكی هەرێم بە هەڵ زانی كە مەسەلەكەی تێبگەیەنین، بەڵام بەجدیی هەوڵدەدەین بۆئەوەی كە پەرلەمان ببێتە مەرجەعی سەرەكی بۆ یەكلاییكردنەوەی كێشەكان».



بارزانی سوێندەكەی دەپارێزێت؟

# سكرتاریەتی كۆمەڵەی خوێندكاران بۆ دەركران؟

**دلێر عەبدولخالق**

لەسەر بڕیاری مەكتەبی سیاسیی یەكێتی، مەلا بەختیار لێپرسراوی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان سكرتاریەتی كۆمەڵەی خوێندكاران بە سكرتێرو دوو جێگرو (١٢) ئەندامی سكرتاریەتەوە ڕەوانەی ماڵەوە دەكات.

ئەندامێكی سكرتاریەتیش ئەو بڕیارە بە «نارەوا» دەزانێت و دەڵێت: «لە كاتی خۆیدا هەڵوێستمان دەبێت».

ستافی سكرتاریەتی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە كۆنگرەی شەشەمی ڕێكخراوەكە لە مانگی (ئابی ٢٠٠٧) متمانەی كۆنگرەكەیان پێبەخشراوە، بەپێی پەیڕەویش پێویستە دوو ساڵ جارێك ڕێكخراوەكە كۆنگرە ببەستێت و ستافی نوێ هەڵبژێرن، كادیرانی ڕێكخراوەكەش هۆكاری نەبەستنی كۆنگرە لە مانگی ڕابردوودا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، كە دۆخی یەكێتی و هەڵبژاردنەكان هۆكاری دواخستنی بووە.

دارا قەرەداغی سكرتێری كۆمەڵەی خوێندكاران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرلە بەیانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٦) مەلا بەختیار لێپرسراوی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی یەكێتی لەگەڵ لێپرسراوی لقەكانی خوێندكاران بێ ئاگاداریی و ئامادەبوونی ئێمە كۆبووەتەوە، ئێوارەش لەگەڵ ئێمە دانیشتوو، بێئەوەی گفتوگۆ بكەین پێیڕاگەیاندین بە بڕیاری مەكتەبی سیاسیی ئێوە لە سكرتاریەتی خوێندكاران نەماون».

لە بارەی هۆكاری ئەو حاڵەتە، دارا ئاماژەی بەوەكرد، دوو پاساویان هەبوو، یەكێكیان بەهۆی ئەوەی ئێمە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكان ئەركەكانی خۆمان ڕانەپەڕاندووە، ئەوی دیكەیش ئەو ڕێكخراوە بەشێكە لە كێشەو تەكەتولاتی ناو یەكێتی.

دارا قەرەداغی ئەوەشی وت: «ڕێكخراوەكەیان حیزبییەو ئەویش وەك كادیرێكی حیزبی پەیوەستە بەو بڕیارەوە، بەڵام بەشێك لە ئەندامی سكرتاریەت نیگەرانن لە بڕیارەكە، چونكە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ماندووبوون، بەڵام هیچ پێوەرێك نەبووە بۆ دیاریكردنی ئەوانەی ئیشیان كردووەو ئەوانەی نەیانكردووە».

بەپێی زانیارییەكان، دوای ڕەوانەكردنی ستافەكە، هەریەكە دوو چەكداریان لەگەڵ نێردراوە بۆ دەورو تەسلیمكردنی ئەو كەلوپەلانەی لایانبووە، ئەمەش نیگەرانییەكی زۆری لای ستافەكە دروستكردووە. هاوكاتیش كارگێڕێكی سكرتاریەتی خوێندكاران، كە نەیویست ناوی بهێنرێت، بڕیارەكەی مەكتەبی سیاسیی یەكێتی بە ناڕەوا لەقەڵەمداو وتی: «ئەو بڕیارە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی و ڕێكخراوەكەیە، هەربۆیە بڕیارە ئەو ستافە كۆببینەوەو پێكەوە هەڵوێستی خۆمان هەبێت لەكاتی دیاریكراودا».

## حكومەتی بەڕێكردنی كار، یان بەرژەوەندیی؟

لە (٢٠٠٩/٨/٤)وە ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان ڕاگەیەنراوە، لە (٢٠٠٩/٨/٢٠)وە پەرلەمانی كوردستان یەكەم دانیشتنی ئەم خولە نوێیەی ئەنجامداوە، هێشتا سەرۆكی هەرێم بە ڕەسمیی كاندیدی لیستی براوەی بۆ سەرۆكی حكومەت ڕانەسپاردووە بۆ پێكهێنانی كابینەی نوێی حكومەت.

لە غیابی حكومەتی نوێدا حكومەتەكەی نێچیرڤان بارزانی بووەتە حكومەتی ڕاییكردنی كار (حكومة تصریف الاعمال)و وەك حكومەتێكی متبوو، كاری ئیدارەی هەرێمەكە ڕایی دەكات.

ئەمەش ڕاستەوخۆ خەمساردیی لیستی براوەو دەسەڵاتبەدەستە، هۆكارەكەشی كەمتەرخەمیی و هەڵەو نابەجێیی كاروباری خولی ڕابردووی پەرلەمانە، كە نەیتوانیوە بە یاسا وادەی پێكهێنانی كابینەی نوێ دەستنیشان بكات.

بەپێی ڕێككەوتن دەبوایە، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەكێتی لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ بوایە، سەرۆكایەتی حكومەت تەسلیم بە یەكێتی و سەرۆكایەتی پەرلەمانیش بە پارتی، بەڵام بە پاساوی هاتنە پێشەوەی هەڵبژاردن، ئەم ئاڵوگۆڕە ڕووینەداو بە هەمان حاڵەتەوە بەردەوامییان بە كاری حوكمڕانی و پەرلەمانداو تا ئەو چەند ڕۆژەی پێویستیان بە تێپەڕاندنی دەستوور بوو، دەستەواژەیەكی نوێیان هێنایە ناو زاراوە سیاسیی و ئیدارییەكان، كە ئەویش پەرلەمانی تەسریف ئەعمال بوو، كە لە دەرەوەی وادەی شەرعی خۆیدا دەستووری هەرێمیان پێ تێپەڕاند، كە بە وردكردنەوەی ناوەڕۆكی دەستوورەكە پەرلەمانی تەسریفی مەرامەكانی دوو حیزبەكە بوو، نەك تەسریفی كاروباری وڵات.

حكومەت و پەرلەمانی بەڕێكردنی كارو كات دوو كەمتەرخەمیی مەبەستداری دوو حیزبی دەسەڵاتبەدەستن، كە هەم كەمتەرخەمن لە سۆنگەی دڵنیابوونیان لە پارێزراوی بەرژەوەندیی هاوبەش و وەك یەكی لە دەستكەوت و ئیمتیازو قۆرغكاریی، هەم مەبەستدار بەو مانایەی كە هەست بەو فەراغە یاساییە دەكەن كە پەرلەمانەكەیان بە درێژایی چەندین ساڵ نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕ بكاتەوە، بەڵام فەرامۆشیان كردووەو داوای چارەسەركردنیان نەكردووە.

لە ئێستادا ئەم حكومەتی بەڕێكردنی كارەو دواخستنی پێكهێنانی حكومەتی نوێ مەسەلەیەكی زۆر گرنگ و چارەنووسازی پەكخستووە، كە مەسەلەی چوونی وەفدی هەرێمە بۆ بەغدا كە لە میانی كۆبوونەوەی مالیكی و بارزانیدا بڕیاری لێدراوەو هەتا ئێستا وادەی چوونی ئەو وەفدە دیار نییە، كە هەندێكجار لێرەو لەوێ مەسەلەكە پەیوەست دەكرێت بە پێكهێنانی كابینە نوێیەكە مەسەلەی یەكلاییكردنەوەی ئەو كێشانە لە ئێستادا جێی گرنگیپێدانی ئەمریكایەو حكومەتی عێراقیش دەیەوێت لە پێش هەڵبژاردنی داهاتوودا چارەسەریان بكات، بۆئەوەی وەك دەستكەوتێكی خۆی لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا نمایشی بكاتەوە، بەڵام دەسەڵاتی هەرێم نەیتوانیوە تۆپەكە بباتە دەرەوەی گۆڕەپانەكەی خۆی بەهۆی پێكنەهێنانی كابینەی نوێ.

مەترسی ئەو خاڵەش لەوەدایە، هەر دواكەوتنێكی سەرئەنجام بە زیانی كورد دەشكێتەوە، بە حوكمی ئەوەی چوونە دەرەوە، یان دووركەوتنەوەی ئەمریكا لە هاوكێشەكان مەسەلەكان ئاڵۆزتر دەكات، بە تایبەت بۆ كورد، بەوپێیەی ئەو كات مەسەلەكە دەكەوێتە بەر ڕەحمەتی میزاجی دەسەڵاتی ناوەندی، كە تەنیا چەكو كارتی دەستی كورد، ئەو دەستوورە دەبێت، كە سەركردە كوردەكان تائێستا نەیانتوانیوە هیچ بەشێكی ئەوتۆ لە مافە نووسراوەكانمان لەوێدا بكەنە ئەمری واقیع.

ئەم مەسەلەیە خاڵێكە، كە دەبێت پەرلەمانی نوێ لە دانیشتنەكانی سەرەتاوە هەڵوەستەی لەسەر بكات و بەدوایدا بچێت. هەم بەدواداچوون و چارەسەری ئەو كەموكورتییە یاساییەی هەیە لە دیارینەكردنی وادەیەك بۆ ڕاسپاردنی كاندید بۆ سەرۆكی حكومەت و هەم بەدواداچوونی كەمتەرخەمیی لە بەدەمەوەنەچوونی یەكلاییكردنەوەی كێشەكانی نێوان هەولێرو بەغدا.

ڕۆژنامە

# «ئەگەر بەڵگەنامە لەدژی هەبێت، لە پۆستەكەی لادەبرێت»

# پەرلەمان لە فەرەج حەیدەریی دەپرسێتەوە

**هەستیار قادر**

پەرلەمانی عێراق لێپرسینەوە لە فەرەج حەیدەریی، سەرۆكی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دەكات و ئەگەر زۆرە سەبارەت بە پێشێلكارییەكانی هەڵبژاردنی كورستانیش پرسیاری لێبكرێت، پەرلەمانتارێكیش ئاماژە بەوە دەكات، ئەگەر بەڵگەی پێویست لەدژی حەیدەریی هەبێت یەكێتی و پارتیش ناتوانن بەرگریی لێبكەن و لە پۆستەكەی لادەبرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە كەوتوون، بڕیارە لە دانیشتنی (١٢)ی ئەم مانگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا فەرەج حەیدەریی، سەرۆكی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بانگهێشت بكات بۆ لێپرسینەوە، ئەوەش دوای ئەوەدێت كە كەریم یەعقوبی ئەندامی لیستی فەزیلە لەو ئەنجومەنە ئیمزای زیاد لە (١٠٠) پەرلەمانتاری كۆكردەوە. بۆ بانگێشتكردنی سەرۆكی كۆمسیۆن بۆ پەرلەمان.

سەردار عەبدولكەریم، ئەندامی ئەنجومەنی كۆمسیۆن وێڕای پشتڕاستكردنەوەی ئەو زانیارییانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «نووسراوی ڕەسمیمان لەو بارەیەوە پێگەیشتووە»، هەرچەندە سەردار عەبدولكەریم «بەدووری زانی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لێپرسینەوە لە فەرەج حەیدەریی بكرێت»، سەرەڕای ئەوەی سامی ئەتروشی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق كە پێشتر لەگەڵ (٩)پەرلەمانتاری كورددا بەیاننامەیەكی ناڕەزاییان لەدژی كۆمسیۆن دەركرد، سەبارەت بە پێشێلكارییەكانی ئەو پڕۆسەیە وتی: داوای لێپرسینەوەی فەرەج حەیدەریی لەلایەن كەریم یەعقوبی پەرلەمانتارەوە، دەرفەت دەرەخسێت بۆ پرسیاركردن سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانیش.

ئەتروشی وتیشی، ئەگەر بەڵگەی تەواو لە دژی فەرەج حەیدەریی بخرێتەڕوو، دەتوانرێت بەئاسانی لاببرێت و ئەوكات یەكێتی و پارتیش ناتوانن بەرگریی لێبكەن.



فەرەج حەیدەریی

بەپێی زانیارییەكانی ڕۆژنامە، تێبینییەكانی كەریم یەعقوبی پەرلەمانتار لەسەر ڕێوشێنەكانی كۆمسیۆن بووە لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاكانی عێراق و چۆنێتی مامەڵەكردنی كۆمسیۆن لەگەڵ سكاڵاكاندا، بەڵام سەرچاوەیەك لە پەرلەمانەوە ئاماژەی بەوەدا، كە ئەگەر هەیە یەعقوبی زانیاری لەسەر پێشێلكارییەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان كۆكردبێتەوە تا لەسەر ئەو دۆسیەیە پرسیار ئاڕاستەی فەرەج حەیدەریی بكات.

# «لیستی كوردستانیی، بڕوای بە ڕێكەوتن نییە»

**فەلاح نەجم**

پیش دووەم دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، لیستی كوردستانی سەرجەم هەوڵەكانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی تەواوی بڕیارەكانی پەرلەمان بگرێتە دەست و لیستەكانی دیكەی لێ بێبەش بكات.

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە پەرلەمانی كوردستان دووەم دانیشتنی خۆی سازبكات و ئەندامانی لیژنەكانی پەرلەمان دابنرێن، لیستی كوردستانیی دەیەوێت لیژنەكان لە (١٤) لیژنەوە بكات بە (١٨)و لیستی گۆڕانیش بۆ زیادكردنی لیژنەكان مەرجی هەیە.

د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لەسەر فراكسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیستی كوردستانیی دەیەوێت كۆنترۆڵی تەواوی پەرلەمان بكات، بڕوای بە تەوافوق و ڕێكەوتن نییە».

لیستی كوردستانیی لە دانیشتنی سەرۆكی لسیتەكاندا جەختیان لەوە كردبوووەوە، كە دەبێت ئەندامانی لیستی كوردستانیی لە ڕیزی پێشەوەی كورسییەكانی پەرلەماندا دانیشن بەو پێیەی كە ئەوان زۆرینەی پەرلەمان پێك دێنن، بەڵام لیستی گۆڕان جەخت لەوە دەكاتەوە كە دانیشتنی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت بەپێی پیتی ئەبجەدی بێت، یان ئەندامانی لیستەكان پێكەوە دانیشن.

ئەو ئەندامەی فراكسیۆنی گۆڕان تەئكیدی كردەوە، كە لیژنەكانی پەرلەمان دەبێت لە ڕێگەی ئەو دەنگانەوە بێت، كە لە هەڵبژاردندا لیستەكان بەدەستیان هێناوە، نەك بەپێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، چونكە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە لیستی كوردستانین، لە هیچ وڵاتێكدا نەبووە لیستێك كۆنترۆڵی حكومەت و پەرلەمانیش بكات.

بۆ زیادكردنی لیژنەكانی پەرلەمان پێوستی بە دەستكاریكردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەیە، بەرپرسانی لیستی گۆڕان دەڵێن، ئەگەر دەستكاری ئەو بەشەی پەیڕەوی ناوخۆ بكرێت، دەبێت ئەو خاڵانەی ئێمە كۆك نین لەسەری ئەوانەش دەستكاری بكرێت.

# کەی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت ناودەنێت؟

**بەهادین یوسف**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانن بەزووترین کات پەرلەمان، سەرۆک وەزیران ناوبنێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، ئەمە لە کاتێکدا هیچ دەقێکی یاسایی نییە، کە پەرلەمان ناچار بکات بەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرۆک وەزیران تەسمییە بکات، تا دواتر سەرۆکی هەرێم رایسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی.

د.رۆژان عەبدولقادر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانی بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی یاسا هیچ کاتێک دیارینەکراوە بۆ ئەوەی پەرلەمان (تەسمیە)ی سەرۆک وەزیران بکات، بەپێویستیشی زانی «هەتا زووبێت باشترە، چونکە ئەو حکومەتەی ئێستا حکومەتی بەڕێکردنی کارە (حکومەتی تصریف الاعمال)، هەرچەندە کارەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕانەوەستاون، بەڵام تازوو بێت باشترە».

دوو شێواز هەیە بۆ ڕاسپاردنی کابینەی نوێ، یان بە دەق دیاریدەکرێت، یاخود سەیری ئەوە دەکات پێشتر چۆن ئەو کارە ڕێکخراوە، لەم حاڵەتەدا مەرج نییە ڕۆژو کات دیاری بکرێت.

د.زانا ڕەئوف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، دواکەوتنی ناونانی سەرۆک وەزیرانی گەڕاندەوە بۆ پشووی پەرلەمان، وتیشی: «لە (٩/١)وە ئەو پرسیارە لەجێی خۆیەتی بۆ پەرلەمان کۆنەبووەوە، چونکە لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا دەبێت سەرۆک وەزیران تەسمیە بکرێت، ئەوەی ئێستا هەیە تەنیا لە ڕاپەڕاندنو ڕاییکردنی ئیشە ئیدارییەکان زیاتر هیچی دیکە نییە، بۆیە دەبێت بەوردیی لەناو پەرلەمانو دەرەوەی پەرلەمانیشدا چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەین، چونکە حکومەتی کار ڕاپەڕاندنە، تا نەتوانێت لەخۆوە کۆمەڵێک بڕیار دەربکاتو ببێتە هۆی پابەندکردنی حکومەتو دەسەڵاتی ئایندە».

بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، دوای ئەوەی پەرلەمان سەرۆک وەزیران (تەسمیە) دەکات، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو کەسە ڕادەسپێرێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی ڕاسپاردنییەوە کابینەی حکومەتەکەی پێکبهێنێتو دواتر لەبەردەم پەرلەماندا متمانە بەکابینەی نوێ بدرێت.

نەزانینی بەجێمانی میراتیی لە حکومەتی ڕابردوو، بەتایبەتی کۆبوونەوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەچی ئاستێک بوونو بەرپرسیارێتییەکان لە کوێدایە، وای لە د.زانا کرد بڵێت: «پێویستە ئێمە دەستووبرد بکەین لە بەرامبەر پێکهێنانی حکومەتی نوێو هەموو دواکەوتنێک دەبێتە هۆی دواخستنی پرسێک، لە ناوخۆی کوردستاندا بێت یان لە دەرەوە».

بەپێی زانیارییەکان مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو پارتی سەرگەرمی دانانی وەزیرەکانو دواتر دەیاننێرنە پەرلەمان، بەڵام، زانا وتی: «دەبێت دوا مەرجەع پەرلەمان بێتو لەو نەریتەی پێشوو دەربازبێت، کە پێشتر لە دەرەوەی پەرلەمان متمانە دراوەتە حکومەتو دواتر هێنراوەتە پەرلەمانەوە».

بەوتەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، کاتێک دەسەڵات لە حکومەتی کۆنەوە تەسلیم بە حکومەتی نوێ دەکرێت، لەوانەیە هەندێک بەرپرسیارێتی هەبێت هەردوولا لێی ڕابکەن، ئەمە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە هەندێک توێژی کۆمەڵگە یان پێشکەشنەکردنی بەشێک لە خزمەتگوزارییەکان، بۆیە پێویستە بەزووترین کات ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوە».

# عارف روشدی بە نایاسایی ماستەر دەخوێنێت

**شاڵاو فەتاح**

عارف روشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران، بەشێوەیەکی نایاسایی لە زانکۆی سلێمانی ماستەر دەخوێنێت.

بەپێی یاسای خوێندنی باڵا، ئەوانەی کە ماستەر دەخوێنن نابێت تەمەنیان لە ٤٠ساڵ زیاتر بێت، بەڵام عارف روشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی تەمەنی (٥٥)ساڵەو ئێستا لە بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی ماستەر دەخوێنێتو بەرپرسانی زانکۆش ئەوە ڕادەگەیەنن، کە وەرگرتنی عارف روشدی بەپێی بڕیارێکی دەرەکی بووە.

د.نزار محەمەد ئەمین، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بە ڕۆژنامەی وت، تەمەنی یاسایی خوێندنی باڵا (٥٠)ساڵەو ٤٠ نییە، سەرەڕای ئەوەش هەواڵەکەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوەو وتی: «وەرگرتنی عارف روشدی لە زانکۆی سلێمانی بەپێی فەرمانێک بووە کە لە خوێندنی باڵاوە بۆمان هاتووە، خوێندنی باڵاش فەرمانی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەرگرتووە، بەمجۆرە ئێمە عارف روشدیمان لە زانکۆی سلێمانی بۆ خوێندنی ماستەر وەرگرتووە».

ڕۆژنامە چەندجارێک پەیوەندی بە عارف روشدییەوە کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

# یەکێتی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کۆدەکاتەوە

**ڕۆژنامە**

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری چەند قوتابخانەیەک لە سنووری کۆمیتەی خەباتی یەکێتی لەشاری سلێمانی، بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە، کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە سەرجەم بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەکانی سنووری ئەو کۆمیتەیە ئەنجام بدرێتو تیایدا بەرپرسانی پەروەردە ئامادەبن.

سەرچاوەکە باسی لەوەکرد، کە لەلایەن (کەمال محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئاراسو بەرپرسی کەرتی مامۆستایانی خەبات)ەوە پێیانوتراوە کە (بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی) لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە دەبێتو گفتوگۆ لەبارەی کێشەو گرفتی ناوەندەکانی خوێندنەوە دەکرێت، وەکو کێشەی میلاکی فەرمانبەرانو پێداویستیی خوێندنگەکانو بڕیارە باس لە بابەتە سیاسییە هەنووکەییەکانیش بکرێت.

بەڵام کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، نکوڵی لەوەکرد کە بەهیچ شێوەیەک بانگهێشتی کۆبوونەوەی لەو شێوەیە کرابێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو کۆبوونەوەیە هیچ پەیوەندیی بە منەوە نییەو ئاگاداریش نەکراومەتەوەو وتاریشم نییە لەو کۆبوونەوەیەدا».

کەمال نوری هەروەها ڕایگەیاند: بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنادەین کۆبوونەوەی پەروەردەییو فەرمی لە دەرەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکاندا ببەسترێتو یاسایی نییە.

بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی چەند ساڵ جارێک کۆبوونەوە بە بەڕێوەبەری خوێندنگەکان دەکات لە بینای یەکێک لە خوێندنگەکان، کە تیایدا باسی گرفتی خوێندنو میلاکی خوێندنگەکان دەکرێت، بەڵام ئەمساڵ کۆبوونەوەکە لەناو بینای کۆمیتەی خەباتی یەکێتیدا ئەنجامدەدرێت.

مامۆستا سەلام، بەڕێوەبەری قوتابخانەی خالیدییە لە گەڕەکی خەبات، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەلایەن بەرپرسی (کەرتی ڕێکخستنی خەبات)ەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە ئامادەبین لەو کۆبوونەوەیەدا، هەروەها وتی: «من تائێستا لە دوو کۆبوونەوەی دیکەی لەو شێوەیەدا بەشداریم کردووە، بەڵام ئەمساڵ بەشداریی ناکەم، چونکە کێشەکانی پێشووی قوتابخانەکەمم بۆ چارەسەرنەکراوە، کە کەمیی کارگوزارە».

کەمال محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئاراس کە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی خەباتو یەکێک لە ئامادەسازانی کۆبوونەوەکەیە، نکوڵی لەوەکرد کە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی لەوشێوەیە هەبێتو وتی: «پەیوەندیم بەهیچ کەسێکەوە نەکردووە کە لەو جۆرە کۆبوونەوەیەدا ئامادەبێتو نازانم کەی کۆبوونەوە بە بەڕێوەبەرەکان دەکرێت».

# (١٣) قەوارەی کوردی بۆ هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی عێراق پەسەندکران

**هەستیار قادر**

(١٣) حیزبو لایەنی کوردستانی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناویان تۆمارکردووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا و لە نووسینگەی موسڵی کۆمسیۆنیش مۆڵەت بە حیزبەکەی ئەرشەد زێباری دەدرێتەوە.

بە پێی بەیاننامەیەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە تیایدا ناوی حیزب ولیستە تۆمارکراوەکانی تیایە وەک خۆئامادە کردنێک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کۆی ١٩٤ حیزبو لیستو کەسایەتیو گروپی پەسەندکراو ١٣ لایەنیان کوردینو لیستی گۆڕانیش یەکێکە لەو لیستانەی کۆمسیۆن پەسەندی کردووە.

هاوکات پارتی عەدالەتی کوردستانی عێراقی کە لەلایەن ئەرشەد زێباری وەزیری دەوڵەتی پێشوی سەردەمی بەعسەوە سەرکرادایەتی دەکرێت، پەسەند کراوەتەوە.

لەو بارەیەشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شاری موسڵەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئەگەر زۆرە پارتەکەی ئەرشەد زێباری دواتر هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی حەدباڵدا بکات.

# جوتیارانی پێنجوێن خۆپیشاندان دەکەن

**عەبدولڕەحمان عەلی**

جوتیارانی قەزای پێنجوێن خۆپیشاندانێکیان سازکرد، بە مەبەستی ساغکردنەوەی بەروبوومەکانیانو ڕێگرتنی هاوردەکردنی بەروبووم لە دەرەوەی هەرێم.

خۆپیشاندانەکە دوێنێ دووشەممە ئەنجامدراو ڕوویان لە قایمقامیەتی قەزاکە کرد، غەریب مستەفا نوێنەری جوتیارانی خۆپیشاندەر وتی: بەروبوومی ئەمساڵی جوتیارانی سنوورەکە تووشی چەندین نەخۆشیی جۆراوجۆری کشتوکاڵی بووەتەوەو لایەنی پەیوەندیداریش کەمترین ئاوڕی لە جوتیاران داوەتەوە.

وتیشی: هەرچەندە هاوردەکردنی بەروبوومی تەماتە لە مەرزە ڕەسمییەکانەوە ڕێگری لێدەکرێت، بەڵام لەژێر شمەکی دیکەوە لە مەرزە نارەسمییەکانەوە بەسەدان تەن بە قاچاخ هاوردەی سنوورەکەی ئێمە دەکرێن.

عەزیز مینە سۆفی، قایمقامی پێنجوێن، جگە لەوەی پشتگیریی داواکارییەکانی جوتیاران بوو بە ڕۆژنامەی وت: ئەو کێشەیە دوولایەنەیە، جوتیارانیش مافی خۆیانەو بەرگریشیان لێدەکەین، بەڵام حەقی بەکارهێنەریشە، کە ڕێگرتن لە هاوردەکردنی نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەروبوومەکان.

بڕیارە ئەمڕۆ لیژنەیەک لە وەزارەتی کشتوکاڵو پارێزگای سلێمانییەوە سەردانی پێنجوێن بکات بۆ ئەو مەبەستە.

ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاو بەروبوومی تەماتە لە ناوچەی پێنجوێندا بەرهەم دەهێنرێتو ساڵی ڕابردوو زیاتر لە (١٠٠٠٠) تەن تەماتە لەو سنوورەوە ڕەوانەی بازاڕەکان کراون.

# ئاوی (١٢) گوند دەدرێتە سەرمایەدارێک بۆ ئاوی کانزایی

**ئارام نەجیم**

سەرچاوەی ئاوی گەنجان، کە دەکەوێتە گەڕەکی قەڵای ناحیەی خورماڵ، سەرچاوەی ئاودێریی (١٢) گوندی شارەزوورو بژێویی ژیانی زیاتر لە (٥٥٠) جوتیارە، کە بۆ کشتوکاڵ سوود لەو ئاوە دەبینن و بەپێی وتەی جوتیارانی ئەو ناوچەیە «ئەو ئاوە دراوەتە سەرمایەدارێک بە مەبەستی بەکارهێنانی لە کارگەی ئاوی کانزاییدا». بەڕێوەبەری ناحیەش ڕەتیدەکاتەوە ئاوەکە بدرێت بە کۆمپانیا.

سەرلەبەیانی دوێنێش بە مەبەستی ڕێگرتن لە بردنی ئاوی (گەنجان) بۆ ناو ناحیەی خورماڵو دانی بە کۆمپانیاکە، جوتیارانی ئەو (١٢) گوندە چوونە بەردەم ناحیەی خورماڵ بۆ ئەوەی ڕێ لە بردنی ئاوەکەیان بگرنو ئەو (١٢) گوندە بە چۆڵ بوون نەدات.


فۆتۆ: ئارام

جوتیاران پێیانوایە، هەڵکەندنی ئەو جێگەیەو دانانی بۆری تیایدا ئاماژەیە بۆ پێدانی ئاوی (گەنجان) بە کۆمپانیایەک بۆ ئاوی کانزایی.

حەمە جافر حەمە فەرەج، جوتیاری گوندی تەپی سەفای خواروو بە ڕۆژنامەی وت: «بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ پێیراگەیاندین، کە ئێمە ئەو ئاوە ڕادەکێشین، تەنیا لە زستاندا سوودی لێ دەبینین، بەڵام ئێمە بەو داوایەی بەڕێوەبەری ناحیە ڕازی نینو ئەگەر سووربن لەسەر بردنی ئەو ئاوە، ئەوە بۆرییەکان دەردەهێنینو خۆمان دەچینە شوێنی بۆرییەکان».

مارف عوسمان، کە جوتیارێکی دیکەی ئامادەبووی خۆپیشاندانەکە بوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: حکومەت هیچ خزمەتێکی بە جوتیاران نەکردووەو با ئێستاش زیانمان پێ نەگەیەنێت ئەگەر ئەو ئاوە نەبێت ئێمە دەبێت لادێکان چۆڵ بکەینو بچین بۆ شارەکان، بردنی ئەم ئاوە تەنیا لە بەرژەوەندیی کەسێکدایەو مافی (٥٥٠) جوتیار بۆ بە تەنیا نەفەرێک پێشێل دەکرێت.

لەکاتی کۆبوونەوەی سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، فەرمانی دەستگیرکردنی یەکێک لە جوتیارەکان دەداتو لەلایەن پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆیەوە ڕەوانەی زیندان دەکرێتو بەو هۆیەشەوە گرژییو پێکدادان لە نێوان جوتیارەکانی دیکەو پۆلیسی ناحیەکە ڕوویداو ماوەی زیاتر لە نیو سەعاتی خایاند.

سمکۆ سالار، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە (٢٠٠٩/٩/٢) نووسراوی ڕەسمیم کردووەو ئەوەم ڕەتکردووەتەوە، کە ئەو ئاوە بگوازرێتەوە بۆ ناو خورماڵ نووسراوەکەشم لایە دەتوانن بیبینن و ئەو ئاوەش نەدراوە بە هیچ سەرمایەدارێک بۆ ئەوەی بیکاتە پرۆژەیەکی ئاوی کانزایی.

سەبارەت بە پێکدادانو گرژییەکانیش سمکۆ سالار وتی: «بەداخەوە لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەری جوتیارەکان ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی، کە دەستکاریی ئەو ئاوە ناکرێت، ئەو جوتیارانەی لە خوارەوەبوون خۆیان پێ نەگیراو لەگەڵ پۆلیسەکاندا تێکهەڵچوونو ئەوانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی ئەو گرژییە پۆلیس داوایان لەسەر تۆمار دەکات».

## ترسە شاراوەکانی پارتیو یەکێتی لە لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی بەغدا

# لیستی گۆڕان (٢٠-٢٢)و لیستی کوردستانی (٣٥ - ٣٨) کورسی پەرلەمانی عێراق بەدەستدەهێنن

سیروان ڕەشید
شیکاری ڕۆژنامەوانی

### بەغدا دەکوڵێتو کوردستان دەخولێتەوە

ڕەورەوەی پێکهێنانی لیستو هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنە چارەنووسسازەکەی پەرلەمانی نوێی عێراق چووەتە سەر سکەی خۆی. بزاوتی سیاسیی لەعێراق بۆپێکهێنانی هاوپەیمانی لەحاڵەتی کوڵان نزیکبووەتەوەو تەنیا مالیکی ماوە هاوپەیمانێتییەکەی ڕابگەیەنێت، بەڵام لەکوردستان بەهۆی شۆکی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەممووزەوە، لایەنە سیاسییەکان تەنیا لەچوارچێوەی دەرهاویشتەکانی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەخولێنەوەو هەڵبژاردنە چارەنووسسازەکەی بەغدای لە بیری هەندێک لایەن بردووەتەوە.

هەرچەندە تائێستا شێوازی بەشداریکردنی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەتەواوەتی ڕوون نییە، بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە هەرێمی کوردستانیش بەچەند لیستێکی جیا بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکاتو بلۆکی گەورەی لیستی هاوپەیمانیی کوردیش وەک پێکهاتەکانی شیعەو سوننە بکرێت بە چەند لیستێکەوە.

### جۆری سیستمی هەڵبژاردن

تائێستا لەعێراقدا دوو هەڵبژاردنی گشتی کراوە، یەکێکیان لە (٢٠٠٥/١/٣١) بۆ هەڵبژاردنی (کۆمەڵەی نیشتمانیی)، بە سیستمی یەک بازنەیی، واتە عێراق هەمووی کرابوو بەیەک بازنەی هەڵبژاردن، کە لەوهەڵبژاردنەدا کورد (٧٥)کورسی بەدەستهێنا بەهۆی بەشداریی کەمیی سوننەکانەوە، هەڵبژاردنی دووەمیش هەر لەکۆتایی هەمان ساڵدا (٢٠٠٥/١٢/١٥) هەڵبژاردن بۆ (ئەنجومەنی نوێنەران) ئەنجامدرا، بەڵام ئەمجارە بەسیستمی (فرەبازنەیی ڕێژەیی)، واتە عێراق کرا بە (١٨)بازنەو هەر پارێزگایەک یەک بازنەی هەڵبژاردنی سەربەخۆی بۆ دیاریکرا کە ژمارەیەک کورسی پەرلەمانی بەرکەوت بەگوێرەی قەبارەی دانیشتووانەکەیو بۆ هەر (١٠٠) هەزار کەسێک یەک کورسی ئەژمارکرا، کە لەم هەڵبژاردنەدا کورد (٥٨)کورسی بەدەستهێنا (لیستی هاوپەیمانیی ٥٣ کورسیو لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی ٥ کورسی).

بەپێی ئەم سیستمە تەنیا (٢٣٠)کورسی بۆ (١٨)بازنەکە تەرخانکراو (٤٥)کورسییەکەی دیکە تایبەتکرا بەکورسی قەرەبووکردنەوە (المقاعد التعويضية)، جیاوازی ئەم فرەبازنەییەش لەوەدایە کە لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان ململانێ دەکەنو ئەو لایەنانەی کە بەشێک لەدەنگەکانیان لەپارێزگاکان دەفەوتێتو ناگاتە نرخی یەک کورسی، ئەوا دواتر لەو (٤٥)کورسییەی وەک کورسی تەعویزی دانـدراون بەگوێرەی ڕێژەی دەنگەکانی پشکی خۆی پێدەدرێتەوە، هەرچەندە بەشێک لەکورسییە تەعویزییەکانیش کە خۆی لەنزیکەی (١٠)کورسی دەدات، دانراوە بۆ دەنگدەرە عێراقییەکان لە وڵاتانی دەرەوە.

### کێشە لەسەر سیستمی هەڵبژاردنەکە

ئێستا لەپەرلەمانی عێراق مشتومڕێکی زۆر لەسەر گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنەکان دروستبووە، کە هەندێک لایەن داوادەکەن گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر سیستمی هەڵبژاردندا بهێنرێتو هەندیک لایەنی دیکەش پێیانوایە سیستمەکە تەنیا پێویستی بەهەموارکردنێکی کەم هەیەو چەند لایەنێکیش هەن داوا دەکەن شێوازی هەڵبژاردنەکە وەک خۆی بمێنێتەوە. بەرچاوترین داواکاریش بۆ گۆڕانکاریی لەسیستمەکەدا لە مەسەلەی لیستی داخراو بۆکراوەو گۆڕینی سیستمی فرەبازنەیی بۆ یەک بازنەی هەڵبژاردنو دانانی سسیتمی کۆتا بۆهەندێک پێکهاتە خۆی دەبینێتەوە، کە دەبێت بەر لە ١٥ی تشرینی یەکەمی داهاتوو لایەنەکان لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە پێکبێن، هەرچەندە پێدەچێت بەهۆی درەنگی کاتەوە دیسانەوە کاربەیاسا کۆنەکەی(٢٠٠٥) بکرێت، ئەویش (سیستمی فرەبازنەیی ڕێژەییو لیستی داخـراوە) لەگەڵ هەندێک هەموارکردنی بچووک، بەنموونە ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانەوە لە (٢٧٥) کورسییەوە بۆ (٣٠١) یان (٣٠٥)کورسی بەرزدەبێتەوە.

### پێشبینیی ژمارەی کورسییەکانی گۆڕانو کوردستان

ئەگەر دیسانەوە هەڵبژاردنەکان بەهەمان سیستمی فرەبازنەیی ئەنجامبدرێتەوە، کە ئەگەری زۆرە هەربەوشێوەیە بێت کە ئەو کاتە ژمـارەی کورسییە دابەشکراوەکان بەسـەر ئـەو پـارێـزگـایـانـەی هەرێمی کوردستانو ئەوانەشی کوردی تێدابوو بەم شێوەیە بوو(سلێمانی ١٥کورسی، هەولێر ١٣کـورسـی، دهـۆک ٩کورسی، کەرکوک ٩کورسی، موسڵ ١٩کورسی، دیالە ١١کورسی)، کە ئەو کات لیستی هاوپەیمانیی (لە سلێمانی ١٣و لە هەولێر ١٢و لە دهۆک ٨و لە کەرکوک ٥و لەموسڵ ٥و لەدیالە ٣کورسی، هـەروەهـا ٢ کورسی دەرەوەی وڵاتو ٥کورسیی تەعویزیشی) بەدەستهێناوە، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیش (لە سلێمانی ٢ کورسیو لە هەولێر ١کورسیو لەدهۆک ١کورسیو یەک کورسی دیکەی تەعویزیشی وەرگـرتـووە)، کە نرخی یەک کورسیش (قاسمی ئینتیخابی) لەنێوان ( ٣٠ بۆ ٣٥)هەزاردەنگ ئەژمارکرا، ئەو ڕێژەیەش لە پارێزگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەبوو، بـەڵام بەگشتیی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لەو سنورەدابوو.







ئەم هەڵبژاردنە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ (٣٠١)یان (٣٠٦)کورسی زیاد دەکات، بەوپێیەی ژمارەی دانیشتووان زیادیکردووەو بەوپێیەش هەر پارێزگایەکی هـەرێـم نزیکەی (٢)کـورسـی زیـاتـری بەردەکەوێتو ڕێژەی کورسییەکان دەبێتە (سلێمانی ١٧کورسی، هەولێر ١٥کورسی، دهۆک ١١کورسی، کەرکوک ١١ کورسی، موسڵ ٢١ کورسی، دیالە١٣ کورسی).

بۆ پێشبینیکردن لەسەر ژمـارەی ئەو کورسییانەی بەدەستدەهێنرێن لەلایەن لیستەکانی کوردستانیو گـۆڕانو لیستی ئیسلامیەکانەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا، دروستترین فاکتەر پشتبەستنە بە بنەمای ڕێژەی دەنگەکانی لیستەکانی کوردستانیو گۆڕانو چاکسازی کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بەدەستیانهێناوە.

ڕێژەی دەنگەکانیش بەمجۆرە بوون، لە سلێمانی گۆڕان (٣١٠)هـەزار، کوردستانی (٢٦٦)هەزارو چاکسازی (١٢٠)هەزار دەنگ.

لە هەولێر کوردستانی (٣٦٠)هــەزار، گۆڕان (١٢٠)هەزارو چاکسازی (٦٩)هەزار دەنگ.

لـە دهـۆک کـوردسـتـانـی نزیکەی (٤٠٠)هەزار، چاکسازی (٤١)هەزارو گۆڕان (١٨)هەزار دەنگ.

بـەو پێیەبێت لە (١٧)کورسییەکەی پارێزگای سلێمانی هاوکێشەکە لەقازانجی لیستی گۆڕانە کە بەلایەنی کەمەوە (٨)کورسی بەدەستدەهێنێتو لیستی کوردستانیش (٧) کورسی، یەکگرتووی ئیسلامیی (٢)و کۆمەڵی ئیسلامیش (١) کورسی.

لە (١٥)کورسییەکەی پارێزگای هەولێر کوردستانی (٩)کورسی، گۆڕان (٤) کورسی، یەکگرتوو (١)کورسیو کۆمەڵی ئیسلامیی (١)کورسی.

لە (١١)کورسییەکەی پارێزگای دهۆکیش کوردستانی (٩)کـورسـی، یەکگرتووی ئیسلامیی (١)کورسیو گۆڕانیش (١)کورسی، بەڵام بە (کەسری بەهێز).

لە (١١)کورسییەکەی پارێزگای کەرکوک، کورد شەش کورسی دەبات کە پێدەچێت (٣)کورسی بۆ کوردستانیو (٣)کورسیش بۆگۆڕان بێتو لایەنە کوردییەکانی دیکە نەتوانن کورسی بەدەستبهێنن.

لە (٢١) کورسییەکەی پارێزگای موسڵیش کورد (٦)کورسی بەردەکەوێت، پێدەچێت کوردستانی (٥)کورسی بەدەستبهێنێتو گۆڕانیش (١)کورسی.

لە (١١)کورسییەکی پارێزگای دیالەش ڕەنگە کـورد (٣)کورسی بەدەستبێنێت، کوردستانی (٢)، گۆڕان (١)کورسی.

### دەنگی کوردەکانی دەرەوە

لە هەرسێ کیشوەرەکەی جیهان (ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستورالیا) ساڵی (٢٠٠٥) ژمارەی ئەو کوردانەی مافی دەنگدانیان هەبووە لە نێوان (٢٥٠)هەزار دەنگدەر بۆ (٣٠٠)هەزار بووە، بەڵام تەنیا (٧٨)هەزار کورد دەنگیدا، هۆکاری کەمیی بەشداریی کوردانی دەرەوە لەو هەڵبژاردنەشدا وەک خۆیان باسیدەکەن، بۆئەوەدەگێڕێتەوە کە لەهەڵبژاردنەکەدا کێبڕکێ نەبووە لەنێو لیستەکوردییەکانداو مەسەلەی تەکنیکیو دوری سندوقی دەنگدانیش هۆکارێکی دیکەبووە، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە ئەمجارە بەهۆی بەشداربوونی لیستی گۆڕانەوە ژمارەیەکی زیاتری کوردی دەرەوە بەشداریی بکەنو بەشی زۆرینەی دەنگی ئەو کوردانەش بڕوات بۆ لیستی گـۆڕان، بۆیە پێدەچێت دەنگی کوردانی دەرەوە بایی نرخی (٣)کورسی بێت (٢)کورسی بۆ گۆڕان (١) کورسی بۆ کوردستانی.

هەرچەندە هەندێکجار هەڵبژاردن موفاجەئەی سەیر بەخۆیەوە دەبینێت، بۆیە ئەگەری ئەوە دەکرێت کە ئەم لێکدانەوەیە سەدلەسەد وادەرنەچێت، بەڵام لەسەربنەمای دەنـگـە بـەدەسـتـهـاتـووەکـانـی کـوردو خوێندنەوەی دۆخی شەقامی کوردی بۆ ئەو هەڵبژاردنە، پێدەچێت دەنگان بەوجۆرە دابەش ببن.

لیستی کوردستانی ڕێـژەی کورسیە بەدەستهاتووەکانی پارێزگاکان و دەرەوەی وڵاتی ٣٥ کورسی+ ٣ کورسی تەعویزیی.

لیستی گـۆران ڕێــژەی کورسییە بەدەستهاتووەکانی پارێزگاکان و دەرەوەی وڵاتی ٢٠کورسی+٢ کورسی تەعویزیی.

لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی ٤ کورسی

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی ٢ کورسی.

### ڕێکەوتنی نێوان ( کوردستانی)و (گۆڕان)

مشتومڕی پێکهێنانی لیستی هاوبەشو فرەلیستی لە ناوەندی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وردەوردە بەرەو کوڵان دەچێتو پێدەچێت بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی ڕاگەیاندنی تۆمارکردنی هاوپەیمانی لەلایەن کۆمسیۆنەوە لە هەفتەی داهاتووەوە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر (مێزی سەراحەت) دابنیشنو بەجدیی تێڕوانینی خۆیان لەسەر ئـەو پرسە بخەنەڕوو، هەرچەندە لەدوو هەفتەی ڕابردوودا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تێکڕای هێزە سیاسییەکانی کوردستان گفتوگۆی سەرەتایی دەستپێکردبوو، بەڵام بەپێی زانیارییەکان پێدەچێت هەفتەی داهاتوو تا ئاستێکی زۆر سەهۆڵبەندانی نێوان لیستە ڕکابەرە سەرەکییەکان (کوردستانی و گۆڕان) بتوێتەوەو گفتوگۆ لەسەر چۆنێتی بەشداریکردنی لیستەکان لەنێوان سەرانی لیستی گۆڕانو کوردستانی ئەنجامبدرێت.

ئێستا لەناوەندی سیاسیی کوردیدا دوو ئاڕاستە لەسەر بوونی لیستی جیاو لیستی هاوبەش هەیە، لایەنی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان داوای لیستی هاوبەش دەکاتو لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش داوای لیستی جیا دەکات، بەڵام بە گوتاری هاوبەشەوە.

### قازانجە سیاسییەکانی لیستی هاوبەش

بێگومان بوونی یەک لیستی هاوبەش بۆ کورد، لە هەندێک لایەنی ڕووکەشییەوە قـازانـجـی هـەیـەو زیـاتـر لـەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تـەواوی لیستەگەورەکانی شیعەو سوننە لەپەرلەمانی عێراقدا تووشی دوولەتبوونو چەند لەتبوون هاتنو بلۆکی کـوردی بە یەکگرتوویی مایەوە، لە ئێستاشدا کە شیعەو سوننە چەند لیستێکی جیاجیایان تێدا دروستبووە، مانەوەی کورد بە یەک لیست، هەیبەتو پێگەی کورد لەپەرلەمانی عێراقداو سەنگی کورد لەهاوکێشە سیاسییەکاندا هەربەقورسی دەهێڵێتەوە، ئەوە جگە لەوەی کە لایەنی دەسەڵاتداری هەرێم پێیوایە، کە هێشتا کۆمەڵێک کێشەی بە بنبەستگەیشتوو لەنێوان هەرێمو بەغدا ماونو کورد دەتوانێت بە یەک لیستی ئەو کێشانە بەقازانجی خۆی یەکلایی بکاتەوە، نەک بە فرەلیستی.

### فرەلیستیش قازانجدارە

بەهۆی بوونی یەک سیاسەتی دیاریکراوو سەپێنراوەوە، نوێنەرانی کورد لە بەغدا تەنیا لە گۆشەنیگایەکەوە کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەندیان بینیوە، بەڵام پێدەچێت ئەمجارە گوتاری سیاسییانەی کورد بەرامبەر بەغدا بگۆڕدرێتو بەگوتاری جیاواز یاخود یەک هەڵوێستبوونی لیستەجیاکانی کورد لە داهاتوودا موخاتەبەی بەغدا بکرێتەوە. هـەروەک نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستیگۆران وتی، ئێمە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی میللەتەکەمان کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیی نەتەوەکەمانەوە هەبێت، بێگومان هاودەنگ دەبین، بەڵام گوتاری سیاسیمان جیاوازەو پێمانوایە «یەک هەڵوێستی کورد لە یەک لیستیدا نییە، بەڵکو لەگوتاری یەکگرتوویدایە»، هەروەها نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد «پارتیو یەکێتی پەیوەندیی حکومەتی عێراقو هەرێمیان قەتیسکردووە لە پەیوەندیی ئەو دوو حیزبەوە بە حکومەتی مەرکەزییەوە، ئێمە هەوڵدەدەین بیگۆڕین بە پەیوەندیی قەومییەتی کورد بەحکومەتی عێراقەوە».

سروشتی زۆرێـک لە هەڵبژاردنەکان وایـە، کاتێک کێبڕکێ لەناو لایەنەکاندا نەبێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریی هاوڵاتییان لـەو پرۆسەیەداو ململانێی ڕاستەقینە نامێنێت وەک لەهەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا دەرکــەوت، بەهۆی نەبوونی کێبڕکێوە لە ناوەوەی کوردستانو لەدەرەوە ژمارەیەکی بەرچاوی کورد نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنـگـدان، بـەڵام پێدەچێت بەهۆی بوونی کێبڕکێیەکی سەختەوە لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەیەکی زۆرتر لەهاوڵاتییان بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدانو حەماسی خەڵک زیاتر بێتو ڕێژەی کورد لەپەرلەمانی عێراقی زیاد بکات، کە ئێستا ڕێژەی (٢٠,٥٪) کۆی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنێت.

### شینی هەریسەکە؟

ئێستا دەسەڵات پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە بوونی لیستی جیا مانای لێکترازانی نێو ماڵی کوردە، لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش لەهەرێمدا پێیانوایە «شینی پـارتـیو یەکێتی بۆ هەریسەکەیە، نەک بۆ حسێن»، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتیان لەبەغداو پۆستەکان دابەشدەبنو چیتر ئەو دوو هێزە لێرە بەدواوە ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە تەنیا ئەوان نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکەنو بەهۆی بوونی لیستی گۆڕانەوە کە ئێستا وەک هێزێک بووە بەئەمری واقیعو قورسایی لیستی هاوپەیمانی کەمدەبێتەوە. هەربۆیە چاودێران پێیانوایە، کە شینی یەکێتی و پارتی پەیوەندی بە بەرژەوەندیی حیزبییەوە هەیەو دەیانەوێت دەستکەوتەکان بۆخۆیان قۆرغبکەن.

### ترسێکی شاراوە

ترسێکی دیـکـەی پـارتـیو یەکێتی لەجیایی لیستی گۆڕان ئەوەیە، کە پێیوایە گۆڕان لە پەرلەمانی بەغداوە فشار لەسەر یەکێتیو پارتی دروستدەکات بۆ زانینی چۆنێتی خەرجی بودجەی ساڵانەو داهاتە دەستکەوتووەکانی هـەرێـم، هەروەها لەمەسەلەی فشارخستنە سـەر هەرێم بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتو دروستکردنی دامـودەزگـای دەوڵـەتـیو نەهێشتنی هـێـزی چـەکـداری حیزبو ڕێکخستنەوەی لە سوپایەکی نیشتمانی کوردستانیدا بەشێوەیەکی نیزامی.

# میدیای ڕەش لە کوردستان

فرمان عەبدولڕەحمان



«ماوەیەکە تا دێت ڕەوتی پێچەوانەی کارکردن بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان لای هەندێک ڕۆژنامەو گۆڤار پەرەدەسێنێت». ئەمە چەند دێڕێکە لە بەیاننامەیەکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ڕۆژی (١)ی ئەم مانگە بڵاویکردەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو پەرەسەندنە ترسناکانەی کە ماوەیەکە هەندێک میدیا بۆ بەرجەستەکردنی ستراتیژێکی سیاسیی، هەموو ئێتیکو ئاکارێکی ڕۆژنامەنووسییان تێپەڕاندووە، سەندیکا ڕاشیگەیاندووە «ئەو جۆرە زمانەی نووسینو تانەو تەشەرە بە توندی مەحکوم دەکەین».

## تای هەڵبژاردن بەرینەداون

دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (٢٢)ی حوزەیرانی (٢٠٠٩)کیفایەت بوو بۆ ئەوەی زمانی میدیای حیزب ئاوێتەی توندوتیژییو زمانێکی بریندارکەرو تەشهیرئامێز ببێت، کە بە بڕوای چاودێران ئەو قۆناغە پەیوەندیی بە کاتی هەڵبژاردنەوە هەبووەو لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە (تای هەڵبژاردن) ناسراوەو ئامانج لێی دژایەتیکردنی ئەو هێزانە بووە کە ڕکابەری دەسەڵاتیان کردووە لە ململانێی هەڵبژاردنەکاندا.

دوای دەرکەوتنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانو سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانیو مسۆگەرکردنی زۆرینەی دەنگەکانی (١١)قەزای پارێزگاکە لە کۆی (١٥)قەزا، یەکێتی لەبەردەم پارتیدا تووشی ئیحراجییەکی گەورە هات، بە تایبەتی کە هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە پارتییان ڕاگەیاندبوو، لیستی گۆڕان لە (٥)کورسی زیاتر ناهێنێتو هەندێکی دیکەیان تا (١٠)کورسییان بۆ خەملاندبوون، بەڵام لیستی گۆڕان (٢٥)کورسی بە دەستهێناو لە سلێمانیش سەرکەوتنێکی گەورەی مسۆگەرکرد، کە ئەوەش وەکو ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە، سەرکردە باڵاکانی یەکێتییان تووشی شۆک کرد.

## میدیای یەکێتیو پرسی بەخۆداچوونەوە

بەرپرسانی یەکێتی دوای ئاشکراکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بڕیاری نوێکردنەوەو پێداچوونەوەیان دا بە کاروبارەکانی یەکێتیو دەزگاکانیدا، لەو چوارچێوەیەدا بەرپرسی چەند مەڵبەندێکی یەکێتی لەسەر کار لابران، هاوکات، سەرنووسەرو جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ش لەسەر کارلابران.

هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی پێیانوایە، بەشێک لە شکستەکەیان لەوەدابووە کە ڕاگەیاندنەکەیان لە ئاست پێویستدا نەبووەو وەڵامی ئەو نووسینو ڕاپۆرتو بە دواداچوونانەیان نەداوەتەوە کە میدیای ئەهلیی لەسەر کەمتەرخەمیو گەندەڵییەکانی حیزبو حکومەت بڵاویکردووەتەوە.

مەحمود سەنگاوی لە چاوپێکەوتنێکی هەفتەنامەی ئاوێنەدا دەڵێت: «من بە برادەرانم دەوت، وەڵامی ئەو نووسینانە بدەنەوە، بەڵام نە خۆیان دەیانکردو نە دەیانهێشت منیش وەڵام بدەمەوە».

بەڵام پێدەچێت مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی ئەو مەسەلەیەی یەکلاییکردبێتەوەو بڕیاریدابێت بۆچوونەکەی مەحمود سەنگاوی بەرجەستە بکاتو بە زمانێکی توند وەڵامی هەموو نووسینو کارێکی ڕۆژنامەوانی بدەنەوە کە دەربارەی یەکێتیو ئیدارەکەی دەنووسرێن، جگە لەوەش سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ڕابردووەوە پلانی هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن دژی کۆمپانیای وشەو لیستی گۆڕان داڕێژراوە، هەر لەو چوارچێوەیەدا تەنیا لە ژمارەی (٤٩٦٥ - ٤٩٧٠)ی کوردستانی نوێ کە (٦) ژمارەی سەرەتای ئەم مانگە دەکات، (٢٨) نووسینی جیاواز دژی کۆمپانیای وشە بڵاوکراوەتەوە، کە خاڵی هاوبەشیان زمانێکی توندو زبرە.

چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، ئەگەر ستراتیژی بەخۆداچوونەوەی یەکێتی ئەم هەڵمەتە ئیعلامییەی بێت، ئەوا شکستی گەورەتر چاوڕێی دەکات، ئەم مەسەلەیەش مشتومڕی زۆری لەنێو سەرکردایەتی یەکێتیدا دروستکردووە.

## نووسەرو نەفەسەکانی شەڕی ناوخۆ

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ پێیانوایە، هەوڵەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بە تایبەتی یەکێتی لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناڕۆژنامەوانیو ئەوەی پێیدەوترێت (موهاتەرات) بۆ ئەو مەبەستەیە کە میدیای ئەهلیو کاری ڕۆژنامەگەریی لە شکۆی خۆی بێنێتەخوارەوە.

سۆران عومەر، سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا ئاماژەی بەوەکرد، کە میدیای حیزبی باکی بەسەر ئایندەی ڕۆژنامەگەرییەوە نییەو دەیەوێت پێگەی ڕۆڵی میدیا لەبەرچاوی مرۆڤی کورد بێبایەخ بکات، بەوپێیەی کە «کاری ڕۆژنامەگەریی هەمووی موهاتەراتو شەڕەجنێوە»، ڕوونیشیکردەوە، ئەو هەوڵانە سوودیان نابێتو میدیای ئەهلیی لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێتو کاریگەرییەکانیشی لەسەر کۆمەڵگە درێژەیان دەبێت.

بە بڕوای چاودێران، زۆرێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە کاراکتەری بزواندنی ئەو زمانە تەشهیرئامێزەن، هەمان ئەو نووسەرو ئەکتیڤستانەن کە «تەپڵەکانی شەڕی ناوخۆیان گەرمکردووەو قەڵەمی شەڕی ناوخۆبوون». سۆران عومەر ئەوەی خستەڕوو کە ئەو هەڵمەتەی میدیای حیزب دەستیپێکردووە هەمان نەفەسی ڕاگەیاندنی شەڕی ناوخۆی پێوە زاڵە کە ڕاگەیاندنی پارتیو یەکێتی بە یەکیانکرد، وتیشی: «ئێستاش کاراکتەرەکان هەمان کاراکتەرنو هەمان زمان بەکار دەهێننەوە، بەڵام ئەمجارە بە ئاراستەیەکی دیکەدا».

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێیوابوو، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بە زمانی تەشهیرو توندوتیژیی دەنووسن هەندێکیان لەبەر پلەوپایەو دەستکەوتی مادییە، هەندێکیشیان دەیانەوێت بارودۆخە سیاسییەکە بقۆزنەوەو بەهۆیەوە دەرکەونو بناسرێنو شوێنپێی خۆیان قایم بکەن، هەندێکیشیان دەیانەوێت لە وڵاتێک مافی پەنابەری پێوەربگرن.

لە سەرەتای مانگی ئایاری (٢٠٠٩)دا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بڵاویانکردەوە، کە هەر ڕۆژنامەنووسێک لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پابەندی ئێتیکەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی نەبێتو پەنا بۆ تەشهیرو ناوزڕاندنی کەسایەتییەکان بەرێت، ئەوا لە ڕاپۆرتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانداو لە لیستی ڕەشدا ئەژمار دەکرێت،

بەڵام ئەو هۆشیاریدانەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نەبووە ڕێگر لەبەردەم مەکینەی ئیعلامی یەکێتیو پارتیدا، بەڵکو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بە زمانێکی بریندارکەرو توند ڕووبەڕووی میدیای ئەهلییو میدیای ئۆپۆزسیۆن بوونەوە، لەگەڵ تەواوبوونی کەشوهەوای هەڵبژاردنەکاندا، میدیای یەکێتی بەردەوامبوو لەسەر هێرشەکانی، کەچی تائێستا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هیچ ڕۆژنامەنووسێکی نەخستووەتە لیستی ڕەشەوەو کارە نائێتیکییە ڕۆژنامەوانییەکانیشیانی ئیدانە نەکردووە.

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئەوان پابەندن بە بەڵێنی خۆیانەوەو بڕیاریانداوە لەو ڕاپۆرتانەدا کە هەر شەش مانگ جارێک بۆ ڕای گشتیی بڵاویدەکەنەوە، ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بڵاوبکەنەوە کە بنەماکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسییان بەزاندووەو زمانی تەشهیرو موهاتەراتیان بڵاوکردووەتەوە.

زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان لەو باوەڕەدان، کە لەبەرئەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێلایەن نییەو سەر بە یەکێتیو پارتییە، تەنیا لەسەر میدیای حیزب دێتە قسەو بۆ میدیای ئەهلیی هەڵوێستی نییە، یاخود لاوازە.

سۆران عومەر وتی: «سەندیکا لەبەردەم ئەو هەڵمەتەی دەکرێتە سەر میدیای ئەهلیی کەڕولاڵە، بەڵام بچووکترین شتی میدیای حیزبی گەورە دەکاتو لەسەری دێتە قسە».

هاوکات، لە ژمارە (٥٥٧)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا نەبەز گۆران وتارێکی نووسیوە بە ناوی (دەزانم هەمووتان لێم تووڕەن) تیایدا نووسیویەتی: «(١٨)وتارم لەبەردەستدایە لە ماوەکانی ڕابردوودا پیاوانی حیزب نووسیویانەو باس لە بێئەخلاقیو بەدڕەوشتی من دەکەنو تۆمەتم دەخەنە سەر، کەچی سەندیکا بێدەنگە».

دەربارەی ئەو قسانە، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان داکۆکی لە سەندیکاکەی کرد کە سەربەخۆو بێلایەنەو جەختیشی کردەوە، کە ئەو ڕاپۆرتەی بڵاویدەکەنەوە دەریدەخات کە چەند بێلایەنانە کاریان کردووە.

## میدیا «ئەهلییەکان»ی زمانحاڵی حیزب

بەرپرسانی یەکێتیو پارتی پێیانوایە، کە میدیای ئەهلیی سەر بە بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە ئامانجیان ناشیرینکردنی دەسەڵاتی کوردیە، لەوبارەیەوە مەحمود سەنگاوی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا دەڵێت: «چوار پێنج ساڵە دەڵێم کوردستانپۆست سایتی ئەوانە، هەتا ڕۆژنامەی ئاوێنەو هاوڵاتیش هی ئەوانە».

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یەکێتی دەیەوێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە قەرەبووی چەند ساڵی ڕابردوو بکاتەوەو پێیوایە میدیای ئەهلییو کۆمپانیای وشە گورزی لێوەشاندووە، هەربۆیە لە پلانیدایە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتو بڵاوکراوەی جیاواز بە ناوی ئەهلییەوە دروست بکاتو پارەو بودجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخانکردووە، کە بڕیاردراوە بە زمانی تەشهیرو تۆمەتبەخشینەوە، دژایەتی لیستی گۆڕانو کۆمپانیای وشە بکات».

لەو چوارچێوەیەدا جگە لەو چەندین گۆڤارو بڵاوکراوانەی لە بودجەی هەرێم پارەیان بۆتەرخانکراوە، لەهەفتەی ڕابردوودا دوو وێبسایتی کوردی کرانەوە بە ناوەکانی (ئێستا نێت، پەیڤ نێت)، کە جنێوفرۆشی یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانیان.

هاوکات، ئەو بابەتانەی دژی کۆمپانیای وشە دەنووسرێن لە میدیای حیزبدا لە یەکێک لەو دوو وێبسایتەدا بڵاودەبنەوە، لە ژمارە (٤٩٦٦)ی (کوردستانی نوێ)دا نووسینێکی تۆمەتبەخشینەوە بڵاوکراوەتەوە بەناوی (کرۆزانەوەکەی KNN) کە هەمان بابەت لە وێبسایتی (ئێستا نێت)یشدا بڵاوکراوەتەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە، ڕۆژنامە پەیوەندی بە چەند بەرپرسێکی میدیای حیزبییەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون لێدوان بدەن.

## دیمەنە ناتەباکان

سۆران عومەر، سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو زمانە توندوتیژو پڕتەشهیرەی میدیای حیزب دژی نەیارەکانی بەکاریدەهێنێت، بەرامبەر حیزبی بەعس بەکاری نەهێناوە.

ئەوەی خاڵی کۆمیدیو سەیرە لەو نێوەندەداو ڕۆژنامەنووسانی جدیشی تووشی سەرسوڕمانێکی کۆمیدی کردووە ئەوەیە، ئەوکەسانەی خۆیان سەرنووسەری بڵاوکراوە تەشهیرییو موخابەراتییەکانن، باس لە ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی دەکەن.

هەر لە چوارچێوەی پارادۆکسەکانی میدیای حیزبیدا، وێبسایتی (پی یو کەی میدیا) کەمپینێکی بۆ پاراستنی میدیای کوردی لە کاری نائێتیکی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هەر لە هەمان وێبسایتو لە کەمێک خوارتری لینکی کەمپینەکەدا، لینکی ئەلیکترۆنی گۆڤارێک هەیە کە بە بڕوای سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی جدیی «ناشیرینترین گۆڤارە لە ڕووی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییەوە». ئەمە جگە لەوەی کە لەو کەمپینەی سایتی (پی یو کەی میدیا)دا بڵاویکردوەتەوە، کەسانێک پشتگیرییان لێکردووە کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ناشیرینترین لاپەڕەیان لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی نووسییەوە لە ڕۆژنامەی هەولێردا.

# ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە قەیراندایە

شارا عەبدولڕەحمان

بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێیانوایە، ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قەیرانی ناحاڵیبووندایە لە نێوان ڕۆژنامەنووسانو دەسەڵات لەلایەکو ڕۆژنامەنووسان لە ناوخۆشیاندا لەلایەکی دیکە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین ڕێگە چارە بۆ ئەو مەبەستە دەبینن، هاوکات سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆتایی ئەم هەفتەیەوە چەند کۆبوونەوەیەک بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدەدەن.

## کێن ئەو لایەنانەی قەیرانەکەیان دروستکردووە؟

بە بڕوای مەم بورهان قانع، ڕۆژنامەنووس، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کورد تیایدا نەبینراوە کە لە قۆناغێکی پرشنگداردا بووبێت، بەتایبەت لە ئێستادا، کە باری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە حاڵەتێکی خراپدایەو لە هەندێک لە میدیاکاندا بنەماکانی ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی وەلانراوە، وتیشی: «ئەو خەوشەی ئێستا ڕۆژنامەنووسی گرتووەتەوە بەشێکی پەیوەندیی بە ڕۆژنامەنووسان خۆیانەوە هەیە، کە بنەماو یاساکانی کاری ڕۆژنامەنووسی وەک خۆی جێبەجێ ناکەن، بەڵام بەشێکی گەورەتریشی پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، کە حزورێکی بەرچاوی هەیە لەوەی کە ڕێگە نادات ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا بێتە دەسەڵاتی چوارەمو ناهێڵن ڕۆژنامەنووسان بگەنە سەرچاوەکانی زانیاری».

بە بڕوای مەم ئەمەش وا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات یان بە تەخمین شتەکان بڵاوبکەنەوە یان بکەونە هەڵەوە، بەو هۆیەشەوە مسداقیەتی ڕۆژنامەکە لەدەستدەچێت، ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە دەسەڵات شەڕی تۆمەتبارکردن بە ڕۆژنامەنووسان دەگێڕێت.

ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە، لە ئێستادا چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێک لە کوردستاندا بڵاو دەکرێنەوە، کە دوورن لە هەموو ئەخلاقێکی پیشەییو کاریان بووەتە ناشرینکردنی کەسایەتییەکانو هەڵدانەوەی چەند تایبەتمەندییەکی کەسەکان، کە پێویست بە بڵاوکردنەوە ناکات، بەمەش ڕەوشەکە ئاڵۆزتر بووە.

ئاسۆس هەردی نووسەرو ڕۆژنامەنووس پێیوایە؛ ئەوڕەوتە نائاساییەی کە باسدەکرێت بەرپرسان دروستیانکردووە، هەروەک وتی: «بەرپرسان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە ڕۆژنامەگەریی کوردی زمانی زبر بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا لە نزیکترین نموونەداو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئەو ڕستەیە تەنیا شمولی ڕاگەیاندنەکانی خۆیانی دەکرد، لە ئێستادا چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار هەیە، کە خۆیان ژێر بەژێر دەعمی دەکەن بە زمانێکی زۆر دوور لە ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی دەنووسن، دەنا ڕاگەیاندنە سەربەخۆکان هەرگیز زمانێکی لەو شێوەیە بەکارناهێننو خەڵکیش خۆی ئەوە باش دەزانێت».

سەبارەت بە باشکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی کوردیو پابەندبوون بە بنەماکانی ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان چەند کۆڕو کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخات.

فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کۆبوونەوەکان بۆ ئەوەیە، ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو قەیرانەی ئێستا تێیکەوتووەو لە زۆر حاڵەتدا لادانە لە ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی، بێتە دەرەوە».

ئەوەی لە ئێستادا ڕۆژنامەنووسانی نیگەرانکردووە، ئەو مۆدێلە نوێیەی ڕۆژنامەنووسییە کە بێ ناونیشان دەردەکەوێت، واتە نە ڕاگەیاندنی حیزبییەو نە ڕاگەیاندنی ئەهلیی، بەو هۆیەشەوە بێ ناسنامەییەک بەو ڕاگەیاندنانەوە بەدی دەکرێت.

ئاسۆ عەبدوللەتیف، ڕۆژنامەنووس ئاماژەی بەوە کرد، کە لە ئێستادا چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێک هەن، کە خوێنەر نازانێت سەر بە چ ئایدیۆلۆژیایەک یان قوتابخانەیەکی ڕۆژنامەنووسین، هەروەک وتی: «بەگشتیی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەسەڵات پاڵپشتیانە، بەڵام نازانرێت سەر بە کام ئەندامی مەکتەبی سیاسیین، چ بەرپرسێک ڕێگە بەخۆی دەدات کە بەو شێوەیە هەڵکوتێتە سەر شتە تایبەتییەکانی کەسانی دیکە، کە بەهۆیەوە جۆرێک لە تیرۆرکردنی مەعنەوی تاکەکان پەیدابووە».

## چارەسەر چییە؟

مەم بورهان قانع چەند چارەسەرێک بۆ ئاساییبوونەوەی باری ئاڵۆزی ڕۆژنامەنووسی دەبینێت، لەوانەش: (باشکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی، دانانی پەیمانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمدا، دەرچواندنی یاسایەک کە بەهۆیەوە ڕۆژنامەنووسان بگەنە سەرچاوەکانی زانیاری، دەزگای داواکاریی گشتیی کاری خۆی ڕایی بکات بە دیفاعکردن لە مافی گشتیی بێ جیاوازی، باشکردنی ئەو زمانە زبرەی کە لەناو میدیای کوردیدا پیادە دەکرێت).

## ...ەکگرتنەوەی

پرۆسەکەش تا کۆتایی ئەمساڵ دەخایەنێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات سەرەڕای سێ ساڵ کۆبوونەوەو بەناو یەککگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکە بەهۆی ترس و تەحەفوزی هەردوولاوە تائێستا هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە بە فیعلی یەکیان نەگرتووەتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم بەڵگانەدا، ڕۆژنامە چەندین بەڵگەو نووسراوی نهێنی دیکەی بەردەست کەوتووە، کە تایبەتە بە گفتوگۆکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر ژمارەو قەبارەو مەسەلەی پێشمەرگەو گۆڕینی ئەرکیان بۆ پاسەوانی هەرێمو داننەنانی حکومەتی عێراق بە پێشمەرگەداو، هەروەها کۆنووس و کۆبوونەکانی نێوان هەردوو لایەنی هەرێمو ناوەند لەگەڵ هێزەکانی فرە ڕەگەزدا سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی دۆسییەی ئەمنیی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکاو فرە ڕەگەز جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە دەیانەوێت دۆسییەی ئەمنیی تەسلیمی دەسەڵاتی مەدەنی حکومەتی هەرێم بکەنەوە، نەک حیزبێکی کوردی.

بەشێکی دیکەی ئەو بەڵگەنامانەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە تایبەتە بە ژمارەی کورد لە هێزەکانی وەزارەتی بەرگری عێراقو هەیکەلی وەزارەتو ژمارەی کورد لەو پۆستانەدا، کە زۆربەی بەر ئەفسەرانی پارتی کەوتووەو لە سەرووی هەموویانەوە بابەکر زێباری کە سێ پۆستی گەورەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراقی بەدەستەوەیەو جگەلە سەرۆکی ئەرکان پۆستەکەی بروسک نوری شاوەیسیش بەڕێوەدەبات، کە (وکیل امین عام)ە هەروەک ڕاوێژکاری سەربازیی پێشکەوتووشە، بەشێکی دیکەی بەڵگەکان تایبەتن بە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە بەشداریی کورد لە سوپای عێراقو چەکەکانیانو ئاراستەکردنی ئەو هێزانە بەدڵی کوردو چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو بەشدارییە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

**لە ژمارەکانی داهاتوودا بەزنجیرە ئەو بەڵگەنامانە بڵاو دەکەینەوە**



فۆتۆ: ئەرشیف

## ...یزبیدا

ڕێکخستنی مووچەین، بەشێوەیەکی یەکسانو دواتر خستنەوە سەر وەزارەت بەپێی یاسای پێشمەرگە کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە». بەپێی وتەکانی ئەو سەرچاوەیە، ڕێکخستنی میلاکاتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی تەواو بووەو نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی، لەبارەی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پارتی ئاماژە بەوە دەکات، فەرماندەی لەشکری کوردستانی پارتی هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە بەوپێیەی سیستمو پێکهاتەی جیاوازیان هەیە.

سەرچاوەکە دەڵێت: «دوای پێکهێنانی کابینەی نوێ، وەزارەت لیژنەیەکی باڵا پێکدەهێنێت بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی دەرەوەو خستنەسەر وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوکاتیش ئەو هێزە لە سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتدا کۆدەبێتەوە، هەرچی هێزەکانی فەلەکو فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیشە تائێستا لەژێر دەسەڵاتی حیزبیدانو تا پێکهێنانی کابینەی نوێ بەو شێوەیە دەمێننەوە».



ئەندامێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتیی ئەو دۆخە بە درێژکردنەوەی هەژموونی دوو ئیدارەیی حکومەت دەبەستێتەوەو پێیوایە پەرلەمانی نوێ ئەرکی سەرەکیی دروستکردنی هێزێکی نیشتمانییە، نەک حیزبیی.

بارزان محەمەد قادر، ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە خولی دووەمی پەرلەمان ڕایگەیاند: «تێکەڵاوکردنی کارەکانی هێزی پێشمەرگەو مامەڵەی حیزبیی بە ناوەندی حکومیی، دوو ئیدارەییو دوو وەزارەتی خولقاندویەتی، بەڵام ئێستا لە کوردستان دۆخێکی دیکەیەو پەرلەمانی نوێ پێویستە هەوڵبدات هێزێکی نیشتمانیی، نەک حیزبیی دروستبێت، هێزێکی سەر بە حکومەت کە وەلائی بۆ نیشتمان بێتو تەداخولی بەرژەوەندیی گروپە سیاسییەکان نەکات».

# حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح لە ژێر هەیمەنەی پارتیدا کارەکانی ڕایی دەکات

**ئیبراهیم عەلی**

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم زۆریی ژمارەی وەزیرەکان بوو، بەشێک لە وەزارەتەکانو وەزیرەکان پۆستیان بۆ داتاشرابوو لەو کابینەیەدا، ئەمەش بە ئامانجی ڕازیکردنی ئەو هێزانەی کە بەشدارن لەو کابینەیەدا، بەرپرسانی پارتیو یەکێتی بەردەوام ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە، کە ئەم قۆناغە قۆناغێکی ئینتیقالیی دەبێتو لە کابینەی داهاتوو بارودۆخەکە بەمشێوەیە نامێنێت.

## کابینەی (٤٧) وەزیر

ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکان بەردەوام دووبارە دەکرایەوە، ئەوەبوو کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم پێکهاتووە لە (٤٢) وەزیر، بەڵام لە ڕاستیدا کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بریتیبوو لە (٤٧) وەزیر، چونکە کۆمەڵێک دەزگای دیکە هەن کە لە دەرەوەی وەزارەتەکانن، بەڵام بەرپرسەکانیان پلەیان وەزیرەو لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەشداریی دەکەن ئەوانیش بریتین لە، (فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم، کە فەلاح مستەفا بەرپرسیەتی، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، کە د.نوری شەنگاری سەرۆکیەتی، دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، کە فوئاد حوسێن سەرۆکیەتی، نووسینگەی حکومەتی هەرێم لە شاری بەغدا، کە دڵشاد میرانی بەرپرسیەتی، دەستەی وەبەرهێنان کە هێرش موحەڕەم بەرپرسیەتی).

ئەمە جگە لەوەی کە لەو پێنج پۆستە تەنیا بەرپرسی یەک دەزگایان یەکێتییەو لەو دامەزراوانەدا کۆنترۆڵی دەسەڵات لە دەست پارتیدایە، بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پارتی دیموکراتی کوردستان، «پارتی ئامادەنییە جگە لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوپۆستانەی بدرێت بە یەکێتی کە بەرپرسەکانیان پۆستی وەزیریان هەیە، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە دەزگای وەبەرهێنان هەڵبوەشێتەوە، کە بەرپرسەکەی یەکێتییە، لە ئەگەری مانەوەی ئەو دەزگایەش دەبێ یەکێتی دەستبەرداری پۆستێکی دیکە بێت بۆ پارتی».

## کەمکردنەوەی وەزیرو وەزارەتەکان

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە حکومەتی هەرێم (١٩) وەزارەتی دەمێنێت، کە بەمشێوەیە دابەشدەکرێت، حەوت وەزارەت بۆ یەکێتیو حەوت وەزارەتیش بۆ پارتیو یەک وەزارەت بۆ تورکمانەکان دەبێت، کە حیزبەکەی کەرخی ئاڵتی بەرماخ زۆرینەی کورسییەکانی کۆتای تورکمانی بەدەستهێناوەو بە نزیک لە پارتی هەژمار دەکرێت، وەزارەتێکیش دەدرێت بەو هێزە مەسیحییەی کە سەرکیس ئاغاجانی وەزیری دارایی پارتی پاڵپشتی دەکردن، وەزارەتێکیش دەدرێت بە بزووتنەوەو ئەمەش دوای ئەوەی پارتی هەوڵی زیندوکردنەوەی بزووتنەوەی دا بە زیادکردنی بودجەی حیزبەکەیانو ناردنی نووسراو بۆ هەندێ لقی خۆیان بۆ ئەوەی بەشێک لە کادیرانو ئەندامانی پارتی دەنگ بە لیستی ئەو حیزبە بدەن.

وەزارەتێکی دیکەش دەدرێت بە لیستی ئازادییو عەدالاتی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو وەزارەتە لەو لیستەدا دەدرێت بە باڵی مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشان بەمەش پارتی دەیەوێت قەرەبووی ئەو باڵە بکاتەوە، کە هیچ کورسییەکی پەرلەمانیان بەدەست نەهێنا، یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمیش دەدرێت بە کەسێکی تەکنۆکرات، لە ئەگەری بەشداری نەکردنی هەر هێزێک لەو هێزانە لە حکومەتی هەرێم، ئەوا وەزارەتەکە کەسێکی تەکنۆکراتو سەربەخۆی بۆ دیاریدەکرێت.

## هەیمەنەی پارتی بەسەر حکومەتەوە

بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە دەست ڕۆژنامە کەوتوون لە ستافی ئەنجومەنی وەزیراندا، کە کۆی ستافەکە دەبێتە (٢٦) کەسو لەو بیستو شەش کەسە (١١) ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران پارتی دەبێتو (١٠) ئەندامیشی بەشی یەکێتیو (٤) ئەندامیشیان نزیک لە پارتیو (١) ئەندامیشی سەربەخۆ، بەمەش هەیمەنەی پارتی بەسەر حکومەتەوە دەمێنێتو سەرۆکی حکومەت یەکێتی بەلای پارتیەوە زۆر گرفت دروست ناکات، بەو پێیەی لەناو ستافی ئەنجومەنی وەزیراندا دەتوانێ هەر بڕیارێک بە ئاراستەی قازانجی خۆی بشکێنێتەوە ئەگەر بەدڵی نەبێت بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە سەر بە پارتینو لە بەرژەوەندیی پارتیدا کار دەکەن، لەلایەکی دیکە پارتی بە نیازنییە وەزارەتە هەستیارەکان بدات بە یەکێتی وەکو وەزارەتی وزەو ناوخۆ لە بەرامبەر ئەمانەشدا وەزارەتی دارایی دەدرێت بە یەکێتی، کە ئەمە خواستی تاڵەبانییەو دەیەوێ ئەو پۆستە لە کابینەی نوێدا بۆ بایز تاڵەبانی مسۆگەربکاتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرە گشتییەکەی دارایی ڕەشید تاهیر دەبێت، کە بەهۆی شارەزاییو ئەزموونی لەو وەزارەتە دەتوانێ تەواوی دەسەڵاتی وەزیر ئیفلیج بکاتو خۆی حوکمی ئەو وەزارەتە بکات.

## ناوی وەزارەتەکانی کابینەی شەشەم

وەزارەتی وزە (سامانە سروشتییەکان، پیشەسازی)، وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە، وەزارەتی داراییو ئابووریو بازرگانی، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ڕۆشنبیرییو وەرزشو لاوان، وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی داد، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی تەندروستی، هەر یەک لە وەزارەتەکانی ژینگەو مافی مرۆڤ لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا نامێنن.

## بەرهەم ساڵح نوێنەرایەتی کێ دەکات؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە کۆبوونەوەکانی نێوان مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی دزە دەکەن، ئەوە ڕوون دەکەنەوە گوایە پێدانی پۆستی سەرۆکی حکومەت بە یەکێتی بۆ ئەوەیە، کە ئەو حیزبە بتوانێ قەرەبووی شکستەکانی خۆی بکاتەوە لە سنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پارتی تائێستاش ئەو شکستەی کە لە (٢٥)ی تەمموز بەسەریان هات بە شکستی یەکێتی دەزانێتو پێیوایە؛ یەکێتی نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت.

ئەندامێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی، کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی ئەوەندە گرنگ نییە، چونکە بەرهەم ساڵح ئەو دەسەڵاتەی نابێت کە بتوانێت وەک سەرۆک حکومەتێکی حەقیقی مامەڵە بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان لیستی گۆڕان حوکمی پارێزگای سلێمانی دەکاتو پارتیش بە هیچ شێوەیەک ئامادەنییە دەست بەرداری هەولێرو دهۆک بێتو دەیەوێ کۆنترۆڵی ئەو دوو شارە لەدەست جێگری سەرۆک حکومەت بێت، کە ئازاد بەرواریی‌یە».

بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارەی خولی دووەم، «ئازاد بەرواری کەسێکە بە ئاسانی دەتوانێ کۆنترۆڵی هەولێرو دهۆک بکات»، بۆیە ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە؛ نازانرێت لە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت بە حەقیقی نوێنەرایەتی کێ دەکات؟.



د. بەرهەم ساڵح




# حکومەتی دامەزراوەو لێپرسینەوە

یەکێک لەو تەحەدییانەی کە رووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە بریتییە لە رێکخستنەوەی ناوخۆی هەرێمەکە.

پێویستە ئەو میراتەی کە لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوو هاتووەتە کایەوە بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبردنێکی دامەزراوەیی. بەهێزکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دەبێت ببێتە ئەولەوییەتی حکومەتو پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان. لەم رێگەیەشەوە گەشەیەکی راستەقینەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خۆرئاوا لی دێتە بەرهەم.

پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی دەوڵەت، لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام نەیتوانیوە سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت، هۆکارەکەشی بریتییبووە لەوەی، کە حیزب لە هەموو کایەکانی ژیان دەستێوەردانی هەبووە. ئەم دەستێوەردانەش بووەتە هۆی ئیفلیجکردنی دەزگاکانی حکومەتو هەروەها نەبوونی سیستمی لێپرسینەوە.

هەتا ئێستا زۆربەی پۆستەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دڵسۆزیی بۆ حیزب دانراون، نەک ئەزموونو لێهاتوویی، بەمانایەکی دیکە حکومەتی هەرێم مانای حکومەتی لەدەستداوەو بووەتە دەزگایەکی گەندەڵ. دەسەڵات ئەوەندە لەناو مەکتەبی سیاسییو لقو مەڵبەندەکاندا هەبووە ئەوەندە لەناو دەزگاکانی حکومەتدا بوونی نەبووە.

لە سیستمی حوکمی مۆدێرندا، بێلایەنیو پرۆفێشناڵیزمو لێپرسینەوە سیفەتی دامەزراوە مەدەنیو سەربازییەکانە، لە دونیای دەرەوەدا پۆستەکان بەهۆی کەفائەتەوە دەبەخشرێتو پەیوەندیی بە حیزبی سیاسییەوە نییە. لەکاتی هاتنی حکومەتی نوێش بەهۆی هەڵبژاردنەوە، ئەوا تەنیا چەند کەسایەتییەکی سیاسیی دەگۆڕدرێت باقی ستافەکەی دەوڵەت دەمێنێتەوە. لابردنیش هەبێت لە نێو بیرۆکراسیی وڵاتدا ئەوا بەهۆی گەندەڵییو خراپ بەکارهێنانی پۆست دەبێت، هەروەها هەر لە سیستمی مۆدێرندا دەسەڵاتو هێز شێوەیەکی دامەزراوەیی هەیە، هەر بە گەیشتنت بۆ ئەمریکا دەزانیت ئەمریکییەکان چەند هەستیارن بەرامبەر بە پۆلیسی ئەو وڵاتە، چونکە دەزانن پێشێلکردن چ سزایەکی قانوونیی هەیە، بەڵام لێردا ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە، خۆپاراستنی ئەمریکییەکان لە شەخسی پۆلیسەکە نییە، بەڵکو لەبەر ستانداردی وڵاتە. چونکە ئەو جلەی بەر پۆلیسەکە نمایندەی دامەزراوەی حکومەتەکەو ئەرکی پاراستنی ئەمنی گشتییە.

سیستمی حوکم لە کوردستان پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە، هەم دەسەڵاتو هەم ئۆپۆزسیۆن ئەرکی سەرشانیانە کوردستان بەرەو سیستمی دامەزراوەیی بەرن. دەزگای مەدەنیو سەربازیی لە کوردستان بە دیموکراسیی بکرێتو لە چنگی حیزبە سیاسییەکان دەربهێنرێت. ئێستا کاتی ئەوەیە ئیتر کوردستان بەرەو حوکمی قانوون ببرێت، لێپرسراوە گەندەڵەکان دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. دەسەڵات دەبێت بۆ حکومەت بێت نەک بنکەکانی حیزب. حکومەتیش تا چەند دامەزراوەیی بێت ئەوەندە لەلایەن هاوڵاتیانیەوە دڵسۆزییو رێزیی پێدەبەخشرێت.

حکومەت لە کوردستان، پێویستە بکرێتە دامەزراوەیی.

سەرۆکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی، کە کۆمەڵێک کەسی تەکنۆکرات بهێنێتە نێو حکومەتەکەی. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بە دامەزراوەییبوونو دیموکراسییو رێزگرتن لە مافی مرۆڤەوە پەیوەندییە ناوخۆییو دەرەکییەکانی لەگەڵ جیهانی خۆرئاواو ئەمریکا بەهێز دەکات.

## «پارتی، وەزارەتی پێشمەرگەو سەرۆکایەتی ئەرکانی فیعلی نییە»

# «وەزارەتی پێشمەرگەی یەکێتیی خۆی بە قوربانیی یـ هەردوو وەزارەتەکە دەزانێت»

رۆژنامە

بەپێی چەند نووسراوێکی نهێنی، کە دەستی رۆژنامە کەوتوون تایبەتە بە گفتوگۆکانی ساڵی (٢٠٠٦)ی نێوان هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو فەرماندەی لەشکری کوردستان (فەلەک)ی پارتیو فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی، دەرکەوتووە کە وەزارەتی پێشمەرگەی یەکێتی، خۆیان بە قوربانییو (فیداکاری) یەکگرتنەوەکە زانیوەو بۆیە پێشنیازیان کردووە پرۆسەی یەکگرتنەوەی پێشمەرگەو هەردوو وەزارەتەکە پەلەی تێدا نەکرێتو بە هێمنیی بکرێت، هەروەک دان بەوەشدا دەنێن، کە پارتی بە فیعلی وەزارەتی پێشمەرگەی نییەو دەسەڵاتەکان لای (فەلەکە).

نووسراوە نهێنییەکە کە لە رۆژی (١٢)ی ئابی ٢٠٠٦ نوسراوەو ئیمزای بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگەی پێوەیەو ئاراستەی فەرماندەیی گشتییو وەزارەتو بەرپرسانی یەکێتی کراوەو نهێنیو تایبەتە، تایبەت بە کۆبوونەوەی سەرۆکو جێگری سەرۆکی هەرێمو نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو فەلەکو فەرماندەیی.

لەو کۆبوونەوەیەدا جەبار یاوەر بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە (یەکێتی) پێشنیازی کردووە لیژنەی هاوبەش لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنرێت بۆ یەکگرتنەوەکەو لیژنەی مەیدانیی لە هەر چوار پارێزگاکە پێکبهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لیژنە باڵاکانو هەروەک لیژنەیەکی باڵا لە ئەفسەرانی هەردوولا (یەکێتیو پارتی) پێکبێت لەسەر ئاستی وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ سەرپەرشتیو ئاراستەکردنی هێزی کوردی لەو وەزارەتەدا بۆ کاتی پێویستو بەرژەوەندیی کورد.

هاوپێچ لەگەڵ ئەو نووسراوەدا بریکاری وەزیر چەند تێبینییو سەرنجێکی «گرنگ»ی نووسیووەو تارادەیەک نیگەرانیی پێوە دیارە، ئاماژەی بەوە کردووە (پارتی) وەزارەتی پێشمەرگەی نییە وەکو یەکێتی، بەڵکو هەر بەناو بووەو هەموو دەسەڵاتەکان لای فەلەک بووە، هەروەک پارتی سەرۆکایەتی ئەرکانی نییەو هیچ جۆرە یەکەیەکی فیعلیی چەکی قورسی نییە وەکو (تانکو زرێپۆشو کاتیۆشا، ناقلە) هەرچی چەکی قورسی هەبێت خەزنی کردووە.

لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکەن، کە «مەسعود بارزانی ئاگای لە چەکی قورسی خۆیانو ژمارەی فیرقەکانی عێراقو ژمارەی کورد لە سوپای عێراقو بەستنەوەی ئەکادیمیاکانی سەربازیی قەڵاچوالانو زاخۆ نەبووە بە بەغداوە، کە پرسیاریشی کردووە ئەندامانی پارتی وەڵامیان لانەبووە».

هەروەک لە نووسراوەکەدا هاتووە؛ «مەسعود بارزانیو ئەندامانی فەلەک زۆر پەلەیانکردووە لە یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکەو فەرماندەییو نوێنەرانی یەکێتیش پێیان باش بووە پەلە بکرێت، هەرچەندە دڵنیا بوون لەوەی کە لە داهاتوودا پایەی فەرماندەیی گشتییو وەزارەتی پێشمەرگە بەر پارتی دەکەوێت»، هەروەک ئەوەش ئاشکرا دەکات لە کۆبوونەوەکانی پێشووی هەردوو وەزارەتو لە کۆبوونەوەکەی ئەو رۆژەشدا «نوێنەرانی پارتی هیچ پڕۆژەیەکیان پێ نەبووە، بەڵام نوێنەرانی یەکێتی پڕۆژەیان هەبووە».

بەرپرسانی پێشمەرگەی سەر بە یەکێتی لەگەڵ ئەوەی بە پێویستیی دەزانن بۆ ئەو کاتە هەردوو وەزارەتو پێشمەرگە یەکبگرنەوەو بە «مەسەلەیەکی حەیاتی» دادەنێن، لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکەن پرۆسەکە بە شێنەییو هێمنیی بکرێتو زۆر پەلە پەلی تێدا نەکرێتو دیسانەوە نەبنەوە بە فیداکار، (یەکێتی قوربانیی یەکگرتنەوەکە نەبێت).

بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگانە لەکاتێکدایە، کە جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگە لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئاکای، ئاماژەی بەوە کردووە کە بە چەند قۆناغێک هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزی پێشمەرگە یەک دەخرێتەوەو


نمایشێکی هێزی پێشمەرگە

# سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان مامەڵەی حکومیی، لە بەرگی حـ

دلێر عەبدولخالق

سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی سەر بە فەرماندەیی گشتیی (یەکێتی) لە (٢٠٠٣)ەوە بە فەرمانی سیاسیی بودجە، مووچە، دەسەڵاتەکانی خراوەتە سەر حکومەتی هەرێم، بەڵام پێکهاتەکانی ئەو ئەرکانە لە دەرەوەی حکومەت ماوەتەوە، کە نووسراوەکانی بە «بەرگێکی حیزبی»و بەناوی یەکێتی نیشمانی کوردستان دەستپێدەکاتو دواتریش لە «مامەڵەیەکی حکومیدا» بڕیارو رێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێدەکات.

سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە لەساڵی (١٩٩٩) دامەزراوەو سەر بە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتییە، هەیکەلی ئیداریی ئەو سەرۆکایەتیە لە (٢٤) یەکە پێکدێت، کە گرنگترین هێزی نیزامی لە ئەفسەرو سەرباز لەسەر ئاستی هەرێمو عێراقی تێدایە، هاوکاتیش کولیەی ئەرکان سەر بەو سەرۆکایەتییەیە بڕوانامەکەی هاوتای ماستەرە لە بواری سەربازیداو ساڵانە چەندین ئەفسەر لە بواری عەسکەریدا بڕوانامەی لێوەردەگرنو پلە بەرزەکانی بواری سەربازیی دەبڕن.

لە (٢٠٠٣) دوای پرۆسەی رزگاریی عێراق بە فەرمانی سیاسیی مووچەو میزانیەی سەرۆکایەتی ئەرکان دەخرێتە سەر حکومەتی هەرێم، پاشانیش مووچەی ئەفسەرو سەربازەکانی هاوتاکراوە بە مووچەی سەپای عێراقی. زانیارییەکان ئەوە دەخەنەڕوو ئەو سەرۆکایەتیە نووسراوەکانی راستەخۆ لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بووەو دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەبووە لە دەرکردنی بڕیارو دامەزراندن لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی حکومیدا مامەڵەی کردووە، بەڵام نووسراوە فەرمییەکانی کە پشتی بەستووە بە هەموو رێنماییە داراییو ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێم بە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەستپێکردووە، بەمەش هەرچەندە ئەو سەرۆکایەتیە مامەڵەیەکی حکومیی کردووەو دەکات، بەڵام دواجار لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتەو لە بنەڕەتدا حیزبییە، لێرەوەش سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە لە دووڕیانی بوونی وەک هێزێکی «نیزامیی» یان «میلیشایی» ماوەتەوەو خۆی شوناس نەکردووە.

رۆژنامە بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر سروشتی ئیشوکاری سەرۆکایەتی ئەرکانو چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم، پەیوەندیکرد بە لیوا رەشید عەبدولڕەحمان، جێگری ئیداریی سەرۆکی ئەرکان، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بداتو وتی: «ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ رۆژنامەکان نییە».

لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ نووسراوەکانی ئەو هێزە حیزبیانەو پێدانی دەسەڵات بە چوارچێوەی کارەکانیان، د.نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران تەنیا ئەوەی وت: «دوای یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هەموو ئەو هێزانە دەبنە یەک هێزو ئەو کێشەیە نامێنێت، بۆ نووسراوەکانیشیان ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کردووە».

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە هەبوونی ئەو حاڵەتە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هێزەکانی فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی (یەکێتی)و فەرماندەیی لەشکری کوردستانی (پارتی) بەهۆی بوونی دوو وەزارەتەوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانینو تائێستا لەژێر دەسەڵاتی حیزبدان.

سەرچاوەکە وتیشی: «دوای ئەوەی قۆناغی دوو وەزارەتی پێشمەرگەمان تێپەڕاند، ئێستا لە هەنگاوی یەکخستنی هێزەکانو میلاکاتیانو دانانی بودجەو


Patriotic Union of Kurdistan
The General Command of Kurdistan Peshmerga Forces
General Staff


Patriotic Union of Kurdistan
The General Command of Kurdistan Peshmerga Forces
General Staff

چەند بەڵگەنامەیەکی رەسمی کە هێزی پێشمەرگە کە کۆنترۆڵکرانی لە لایەن حیزبەوە دەسەلمێنن



ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە پارکی ئازادی فۆتۆ: ڕۆژنامە

## هێزە بێ دیسپلینەکە بە تەنیشت ڕاپەوە

# بەناوی پێشمەرگەوە مانگانە زیاتر لە ٤٢ هەزار ملیۆن دینار لە پارەی خەڵک دەچێتە حساباتی چەکدارەکانی یەکێتیو پارتییەوە

فازڵ نەجیب

بە تەنیشتی ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە خەریکی وێنەگرتنی سیناریۆی گۆرانییەکی ڕاپ بوون، ژمارەیەک سەرکردەی سەربازیی هێزی «پێشمەرگە»ی کوردستان لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی، کە پێشووتر سەربازگەی ڕژێمی عێراق بووە، کۆبوونەوەیان دەکرد تا هەڵوێستی خۆیان دەربڕن سەبارەت بە دەرکردنیان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە بەهۆی «جیاوازی بیروڕا»وە.

دوابەدوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی (٢٥) تەممووزی ئەمساڵ، کە بووە هۆی دووبارە دابەشکردنەوەی تەوازنی هێز بەشێوازێکی زۆر جیاوازو دابینکردنی نزیکەی یەک لەسەر چواری کورسییەکانی پەرلەمان (بەشی کورد) بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوەش وایکرد گۆڕان گرەو لەسەر جێپێلێژکردنی یەکێتیو پارتی بکات. لە هەڵبژاردنەکەدا لیستی گۆڕان بەشێکی زۆری دەنگەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانو فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی بەدەستهێناو وەک کاردانەوەیەکیش، یەکێتی لە تۆڵەی ئەو شکستەی لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا بەریکەوتووە، بەشێک لە سەرکردە سەربازییەکانی لەشوێنی خۆیان گواستەوە.

(٢٢) سەرکردەی سەربازیی کە تۆمەتی «گۆڕان» بوونیان لێدەکرا، کەوتنە بەر ئەو تۆڵەکردنەوەیە، ئەویش لەپێناوی دوو ئامانجی سەرەکیی:

**یەکەم:** دەرکردنی ئەو سەرکردە سەربازییانەی کە هەواداری لیستی گۆڕانن لەشوێنی خۆیانو نەهێشتنی کاریگەرییان بەسەر پێشمەرگەو سەربازەکانی ژێر دەستیانەوە، کە چەندین ساڵە پێکەوەن.

**دووەم:** چاوترساندنی سەرکردە سەربازییەکانی دیکەو هەموو هێزی پێشمەرگە، بەتایبەت بۆ دوو هەڵبژاردنی داهاتوو (ئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی عێراق) کە ئەو دوو هەڵبژاردنە بەتەواویی ڕووخساری ساحەی سیاسیو قەبارەی هێزە کوردییەکان دیاری دەکات لە کوردستانو ناوچە جێناکۆکەکانو پەرلەمانی عێراق.

شکستی ئەمجارەی یەکێتیو پارتی، ململانێ سیاسییەکان لە دەرئەنجامی کۆتایی نزیک ناکاتەوە، بەڵکو تەنیا ئەوە دەستپێکردنێکی سەرەتاییە، چونکە دەسەڵاتو هەیمەنەی ئەو دوو حیزبە تەنیا لەو هۆڵە بێدەنگەی پەرلەمانی کوردستاندا نەبووە تائێستا ئێمە واتێبگەین بزووتنەوەی سیاسیی گۆڕان یەک لەسەر چواری هەموو مەسەلەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، هەر بۆیە یەکێتیو پارتی بیر لە تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە دەکەنەوە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیداو بزووتنەوەکەش هەوڵی پەلهاویشتن دەدات بۆ هەموو ئەو ناوەندانەی کە یەکێتیو پارتی ئیلهامی دەسەڵاتو شەرعییەتیان لێوە بەدەستهێناوە، ئەویش بریتییە لە تێکشکاندنیان لە ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەت شاری کەرکوکو لێسەندنەوەی دەمڕاستیو نوێنەرایەتیی ڕەهایان لە پەرلەمانو حکومەتی بەغدا، چونکە هەر لایەنێک بتوانێت ئەو گرەوە (نوێنەرایەتیی ناوچە جێناکۆکەکانو بەغدا) بباتەوە، بەشێوەیەکی دراماتیکی کوردستانی دەکەوێتە ژێردەستو ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

## سەرکردە دڵسۆزەکانی شەڕ، خیانەتکارەکانی سەردەمی ئاشتی

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) قسەیەکی باو هەبوو لەسەر یەکێتی نیشتمانی، کە دەوترا «ئەگەر یەکێتی کەسی دەستنەکەوێت شەڕی لەگەڵ بکات، شەڕ لەگەڵ خۆی دەکات». ئەو قسەیە دوای ئەوە هات کە ئەو حیزبە لە تەمەنی خۆیدا شەڕی لەگەڵ زۆرینەی حیزبە چەکدارە کوردستانییەکان کرد (مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە بزانین شەڕەکە هەق بووە یان نا هەق). هەر بۆیە پێشمەرگەکانی یەکێتی لە تەمەنی خۆیاندا زۆرترین ئەرکی قورسو ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرکەوتووەو هەر کەسێک لەوان کە تائێستا لە ژیاندا ماوەتەوە، دیارە بەخت یاوەری بووە.

بەشێکی زۆری ئەو سەرکردە سەربازییانەی یەکێتی کە کۆبوونەوەکەیان بە تەنیشتی ئەو گەنجانەوە بوو کە خەریکی ڕاپکردن بوون، پێشمەرگەی کۆنو کوڕە شەهیدو پیاوە ئازاکانی هەموو شەڕە یەک لەدوایەکەکانی یەکێتی بوونو ڕۆژگارێک سەرکردەکان مەدالیای جەنگاوەرییو نیشتمانپەروەرییو دڵسۆزییان بە بەرۆکیاندا دەکردو لە میدیاکانیشدا بە دەنگێکی گڕاوی بە کوڕەکانی هەورو پڵنگەکانی بێشەو گەردەلولی تۆڵە ناویان دەبردن، بەڵام ئەمڕۆ کە دەنگو بۆنی شەڕ لە هیچ جێگایەکەوە دیار نییە، لەبری خوێنڕشتنو سەربڕینو گوێبڕینو ئاوارەکردنی ژنو منداڵ، دیموکراسییەت ڕووی کردووەتە کوردستانو خەڵکەکەی دەچێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، ئەم کوڕی هەورو بەچکە پڵنگو گەردەلولانەی تۆڵە، بە تۆمەتی خیانەتکردن لە یەکێتی لە پۆستەکانیان دەردەکرێنو وەک ئیهانەکردن دەگوازرێنەوە بۆ جێگایەکی دیکە، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا گومان دەکرێت دەنگیان بە لیستی یەکێتیو پارتی نەدابێت. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە نازانێت ئەو هێزە لەسە بنەماو ستراتیجو بەها سەربازییو نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەنابرێت یان مەزاجو تەبیعەتو بەرژەوەندیی چەند کەسێک ئاراستە دەکات.

## پێشمەرگە، میلیشیایەکی بێ دیسپلین یان گەندەڵخانەیەکی بێ چاودێر؟

لە نۆڤەمبەری ساڵی (٢٠٠٧)دا چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتی کرد، ئەو وتی: «ئێمە زیاتر لە (٧٠) هەزار پێشمەرگەمان هەیەو پارتییش لە ئێمە زیاتری نەبێت، کەمتری نییە».

لەئێستادا مووچەی هەر یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە خێزاندارن (٣١٨) هەزار دینارەو مووچەی پێشمەرگەیەکی سەڵتیش (٢٨٨) هەزار دینارە، ئەگەر ئەو دوو ژمارەیە کۆبکەینەوەو دابەشی دووی بکەین، بەشێوەیەکی گشتیی مووچەی هەر پێشمەرگەیەک (٣٠٢) هەزار دینار دەبێت، کەواتە مانگانە یەکێتیو پارتی بەناوی «پێشمەرگە»وە زیاتر لە (٤٢) هەزار ملیۆن دینار لە بودجەی خەڵکی کوردستان دەبەن، لەکاتێکدا ئەو هێزەش لە یارییەکی منداڵانەی دەستی چەند سەرکردەیەک دەچێتو لە بچووکترین پێناسەدا لەگەڵ هێزێکی نیشتمانیی خاوەن دیسپلینو بەرنامە یەکناگرێتەوە، چونکە هەرکاتێک بەرژەوەندیی چەند سەرکردەیەک شەڕو ئاژاوەگێڕیی بخوازێت، بێ گەڕانەوە بۆ ڕای میللەتو پەرلەمان ئەو هێزە ڕووبەڕووی مەرگ دەکەنەوەو باشترین نموونەش ئاڵۆزییەکانی ساڵی ڕابردووی ناوچە جێناکۆکەکان بوو.

تائێستا تەنیا یەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لەسەر گەندەڵییە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە بڵاونەکراوەتەوە، چونکە پیرۆزیی ناوی پێشمەرگە کراوەتە قەڵغانو لەژێر ئەو قەڵغانەدا کەس نازانێت چی دەگوزەرێت. گومانی زۆر لەسەر بوونی (١٤٠) هەزار پێشمەرگەی ڕاستەقینە دەکرێت، چونکە بەرپرسەکان (بە هەندێک لەوانەی سەر گردەکەو خوار گردەکەشەوە) چەندین کەس لە خزمو دۆستی خۆیان بە پێشمەرگە ناونووسکردووەو مانگانەش مووچەیان بۆ وەردەگرن، لەکاتێکدا ئەوان پێشمەرگە نین، جگە لەوەش بەرپرسەکان چەندین کەسیان بە ناوی پێشمەرگەوە نووسیوە، لەکاتێکدا ئەو کەسانە خزمەتکاری بەرپرسەکەو باخو ماڵو میوانەکانیانن.

نموونەیەکی زۆر ڕوون بۆئەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی ئەو هێزە بێ دیسپلین بزانین کە ناونراوە پێشمەرگە، هەر ئەو ئاڵۆزییانە بوو کە لە خانەقینو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە دروستکرا، هەر ئەوکات یەکێک لە سەرکردەکان پێیوتم، هێزی پێشمەرگە (ئەو سەرکردە بە هێزی فەل ناوی برد) وتی: «لیوایەکی هێزی پێشمەرگە کە (٥٠٠) کەسە، کەمتر لە (١٠٠) کەسیان لەوێ بوون».

واتە ئەو هێزەی کە بڕیارە ئەگەر مەترسییەک ڕووبکاتە کوردستان، خەڵکەکەی بپارێزێت، هێزێکە بەشێکی زۆری وەهمییەو لە واقیعدا بوونی نییە.

## بە بەغدادیان وت (١٨٠) هەزار پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام...؟

لە دەستووری عێراقیدا دان بەهێزی پێشمەرگەدا نراوە تا بەپێی یاسایەک ئەو هێزە ڕێکبخرێتو بە هەمانشێوەو چەکی سوپای عێراق پۆشتە بکرێتەوە، ئەویش بۆ پاراستنی هێمنایەتی هەرێمەکە لە هەر هێرشێک، بەڵام ئەوە زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر ئەو دەستوورەدا تێدەپەڕێتو ئەوەی ناونراوە «پێشمەرگە» وەک هێزێکی میلیشیایی بێ پرەنسیپ هێڵراوەتەوەو لەماوەی ڕابردوودا یەکێتیو پارتی بەهیچ جۆرێک ڕێگەیان نەداوە ئەو هێزە یەکبخرێتو ڕێکبخرێت، چونکە خۆیان باش دەزانن کە بەشی زۆری ئەو دەسەڵاتەی کە هەیانە، لە هێشتنەوەی پێشمەرگەوەک میلیشا سەرچاوەی گرتووە.

مستەفا چاوڕەش کە خوازیاری ڕێکخستنو یەکگرتنەوەی پێشمەرگەکانی یەکێتیو پارتی بوو، وتی: «ئێستا تەقریبەن هێزی پێشمەرگە لەشکری یەکێتیو پارتییە، چونکە بە نەواتی فکریی یەکێتیو پارتی پەروەردە کراوەو خوانەخواستە ئەگەر لە ئێستادا شتێک ڕووبدات، هەریەک لەو لەشکرانە بە جادەی تایبەتی خۆیدا دەڕوات، ئێمە ئێستا هیچ بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەمان لە ناوچەکانی پارتی نییەو لە ناوچەی ئێمەش پارتی هێزی نییە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانیشمان خەڵکی ئەو ناوچانەن».

ئەم هێزە شپرزەکراوەی کە ناونراوە «پێشمەرگە» پاش چەندین بەڵێنی سەرۆکی هەرێمو بەرپرسەکانی دیکە نەتوانرا یەکبخرێتەوە، کەچی وەک یەک پاکیچو وەک دەنکەکانی شانە، ڕیزکرانو خرانە بەردەم حکومەتەکەی بەغدا تا مووچەیان بۆ ببڕدرێتەوەو جارێکی دیکەش لەوێوە سەدان ملیۆن دۆلار بەناوی پێشمەرگەوە بچێتە گیرفانی چەند کەسێک.

حکومەتی عێراق کە بە قسەی سەرکردەکانی یەکێتیو پارتی، چاویان بە بەرژەوەندییو دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان هەڵنایەت، تائێستاش ئامادە نییە مەلەفێکی ناڕوونی پڕ لە ڕەقەمی وەهمیی بە ناوی «مووچەی پێشمەرگە» قبووڵ بکاتو هیچ کاتێکیش سەرۆکی کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیرانو جێگری سەرۆکی پەرلەمانو وەزیری دەرەوەو چەندین وەزیری دیکەی حکومەتەکەی بەغدا ئامادەنەبوون بچووکترین هەڵوێست لە دژی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق وەربگرن، ئێستا ئێوە بپرسن ئەگەر ئەو مەلەفە مافەکانی کوردو دەستکەوتی کوردە، بۆچی سەرکردە کوردییەکان لە بەغدا داکۆکی لێناکەنو لە کوردستانیش کە خەڵکی لادێکان کۆدەکەنەوە باسی نییەتی دوژمنکارانەی نوری مالیکیو حکومەتی عێراق دەکەن؟

# سەرکیس ئاغاجان: ئەگەر بەغدا ئۆتۆنۆمیمان پێبدات، بە خۆشحاڵییەوە دەچینە سەر بەغدا

نامۆ عەبدوڵڵا



لەکاتێکدا خواستی مەسیحییەکانی بۆ دروستکردنی ئۆتۆنۆمی (حکم الذاتي) مێژووەکەی بۆ نزیکەی نیو سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لەناوبردنی ڕژێمی سەدام لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە، وای لە مەسیحییەکان کرد هەوڵ بۆ بەکردەنیکردنی ئەم خواستە بدەن.

مەسیحییەکان پێش شەڕی عێراق ژمارەیان نزیکەی (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەس بوون، بەڵام بەهۆی ئەو هێرشانەوە کە زۆرێکیان لەلایەن قاعیدەو گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دیکەوە ئەنجامدراون، نزیکەی نیوەی مەسیحییەکان بۆ دەرەوەی عێراق کۆچیانکردو ئێستا ژمارەیان نزیکەی (٨٠٠) هەزار کەس دەخەمڵێنرێت.

سەرکیس ئاغاجان، جێگری پێشووی حکومەتی هەرێمو کەسایەتی سیاسیو وەزیری پێشووی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا، خۆشحاڵیی دەردەبڕێت کە لەگەڵ حکومەتی هەرێم بێت بە مەرجێک ئۆتۆنۆمی بۆ دابینبکات، بەڵام ئاغاجان ئەوەش دەڵێت: «ئەگەر بەغدا ئۆتۆنۆمیمان بۆ دابینبکات، بەخۆشحالییەوە لەگەڵ بەغدا دەبین».

ئەم قسانەی ئاغاجان لە ڕاپۆرتێکی کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نیوپۆرک تایمز دەڵێت، دیدارەکە ساڵێک لەمەوبەر کراوە.

ڕاپۆرتەکەی تایمز باس لە پلانێکی ئاغاجان دەکات بۆ دروستکردنێکی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ مەسیحییەکانو کەمینەکانی دیکە لە دەشتی نەینەوا هەرێمێک کە پەرلەمانو کابینەو بودجەی خۆی هەبێت.

وەزیرەکەی پارتی کە ئێستا بزرەو لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەرناکەوێت، بە نیویۆرک تایمز دەڵێت: «ئێمە دەچینە ژێر ئیدارەی بەغدا یان هەولێر، ئەوەی پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کێ زۆرترین پاڵپشتیمان دەکات».

مەسیحییەکانی عێراق کە مێژووەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ سەر بابلییەکان، بە ناوی دیکەش بانگدەکرێن، وەکو ئاشوورییەکان، یاخود کلدانییەکان، ئەمانە ئەو مەسیحییانەن کە سەر بە کڵێسەی کلدانین.

## پیاوە دەوڵەمەندەکە بزرە

گۆڤاری نیوزماکسی ئەمریکی ساڵی پار ڕاپۆرتێکی لەسەر سەرکیس ئاغاجان بڵاوکردەوەو گومانی خستەسەر ئەو هەموو سەروەتو سامانەی کە لەبەردەستیدایە. گۆڤارەکە دەڵێت: «لە پاڵەوانی ڕۆمانە کلاسیکییەکەی سکۆت فیتزجێراڵد ساڵانی ناهەمواری بیستەکان، وەزیری نادیاری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر خاوەنی هێزو دەسەڵاتە».

ڕاویژکارێکی ئەمریکی لە ڕاپۆرتەکەی نیوزماکسدا ئاماژە بەوەدەکات، کە ئاغاجان (٢٠) هەزار خانووی بۆ مەسیحییەکانی عێراق دروستکردووە.

دەوترێت هۆکاری دەوڵەمەندییو بە دەسەڵاتی ئاغاجان بۆ پەیوەندییەکی شەخسی دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانیدا هەیەتی.

چەند دۆستێکی ئەم وەزیرە مەسیحییە بە نیوزماکس دەڵێن: «کاتێک هەرزەکاربوون نیچیرڤان بارزانیو سەرکیس ئاغاجان بەیەکەوە لەگەڵ خانەوەداکانیاندا ساڵی (١٩٧٥) بەرەو ئێران کۆچیانکردو لەوێ لەناو خاکی خانەوادەی ئاغاجاندا گەورەبوون ئەمە ئەو کاتەبوو کە ئەمریکا وازی لە هاوکاریکردنی عەشیرەتی بارزان هێنابوو کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەجەنگان لەدژی دەسەڵاتی سەدام حوسێن».

خودی ئاغاجان بانگەشەی ئەوە دەکات کە زیاتر لە (٨٠) گوندی مەسیحی ئاوەدانکردووەتەوە کە بەشی زۆریان دەکەوێتە ناوچەی بادینانەوە، بۆ ئەوەی مەسیحییەکانی بەغداو موسڵ کە لەترسی توندوتیژیی هەڵاتوون تێیدا نیشتەجێبن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە مەسیحییەکانی عەنکاوەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، یەک مەسیحی نەماوە زەوی یاخود خانووی لە حکومەتی هەرێم وەرنەگرتبێت.

تەنانەت ڕۆمیۆ هەکاری، پەرلەمانتاری پێشووی کوردستانو سەرۆکی پارتی بەیت نەهرێنی ئاشووری، تایبەت بە ڕۆژنامە دەڵێت: «ئەو مەسیحیانەش کە لە ناوچەکانی باشوورو خوارووی عێراقەوە کۆچیانکردووە خانوو و زەوییان وەرگرتووە هەر یەکێکیان بڕێکی دیاریکراو مووچە وەردەگرێت».

ڕۆمیۆ هەکاری پێیوانییە یارمەتیدانی مەسیحییەکان هاوکاری شەخسی نێچیرڤان بارزانی بێتو دەڵێت: «دوو، سێ، تا چوار خانووش با هاوکاری شەخسیی بێت، بەڵام بە هەزاران خانوو دروستکراون لە دەڤەری بادینانو دهۆک ناوچە ئاشوورییەکان بەگوێرەی تەخمین ژمارەیان (٣-٥) هەزار خانوو دەبێت».

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمتیازیداوە بە مەسیحییەکانی کوردستان بە بەراورد بەو عەرەبانەی دیکە کە لە بەشەکەی دیکەی عێراقەوە کۆچیانکردووە بۆ کوردستان لەژێر چاودێریی وردی هێزەکانی ئاسایشدانو خۆیان بەدوای بژێویی ژیانو شوێنی نیشتەجێبووندا دەگەڕێن.

عومەر فەتاح، جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ کیند ئار تیمارماندا کە لە سایتی حکومەتی هەرێمدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: «مەسیحییەکان پێویستە سەرنجی تایبەتیان پێبدرێت، چونکە لەبەر مەسیحیبوونیان ئازاریان چەشتووە، ڕەنگە ئێمە چەند ڕێو شوێنێک بۆ خەڵکی دیکە دابنێین کە بۆ کوێ دەتوانن بچنو نەچن، بەڵام بۆ مەسیحییەکان، هەرگیز، چونکە ئێمە ناترسین ئەوان ببنە تیرۆریست».

## بەغدا یان هەولێر؟

ڕۆمێو هەکاری بانگەشە بەوەدەکات کە پارتەکەی (بەیت نەهرێن) لە (١٩٧٠)ەکاندا داوای ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان یاخود گەلی ئاشووری کردووە.

هەرچەندە بە جدیی نزیکەی دوو ساڵە زۆرێک لایەنە کلدانو ئاشوورییەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن لە کوردستاندا تا دواجار توانیان ئەم کارە لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنن، بەڵام زۆربەی زۆری ناوچە مەسیحی نشینەکان دەکەوێتە دەرەوەی سنووری جوگرافی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە کە پارێزگای موسڵو ناوچەکانی دەوربەریەتی وەکو قەرەقوشو تەلەسکیفو چەند ناوچەیەکی دیکە کە مەسیحییەکان ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن.

ئیدریس میرزا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، وتی: «ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئێستا لەگەڵ ئۆتۆنۆمیدا نین».

میزرا تایبەت بە ڕۆژنامە دەڵێت: «مافی هیچ کەسێکیش نییە بڕیاربدات مەسیحییەکان بچنە سەر کێ، تەنیا خەڵک خۆیان لەڕێگەی ریفراندۆمەوە دەتوانن ئەو بڕیارە بدەن».

ئەگەر دەستووری هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە بمێنێتەوەو گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، مەسیحییەکان عێراق وا دەردەکەوێت لە قازانجیاندا بێت خۆیان بخەنەوە سەر کوردستان، چونکە دەستووری هەرێمی مافی دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆی پێداون لەکاتێکدا لە دەستووری عێراقدا شتی لەمجۆرە نییە.

ڕۆمیۆ هەکاری دەڵێت: «لە دەستووری عێراقدا زوڵمێکی زۆر لە ئێمە کراوە، بەڕاستی ئێمەش وەکو نەتەوەیەکی یەکگرتوو پارچەکراوین بۆ سەر دوو نەتەوەو زیاتریش تائێستا هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە باشتربووە».

واتا ئێستا مەسیحییەکان ئەگەر سەر بە هەرێمی کوردستان بن، دەتوانن تەنیا بە یەک ڕاپرسیی لەناو خۆیاندا ببنە خاوەنی هەرێمی سەربەخۆو خۆیان ئیدارەی ناوچەکەیان بکەن».

زیاد لەمانەش هەکاری دەڵێت: «ژیانێکی هێمنانەو پڕ ئەمنو ئاساییش لە هەرێمی کوردستاندا دەبەنەسەر بە تەئکید مەسیحییەکان دەیانەوێت ئۆتۆنۆمییەکەیان لە شوێنێکدا بێت کەپڕە لە ئەمنو ئاسایش».

ئەوەی کوردو ئاشوورییەکان جارێکی دیکە لە یەکتر نزیک دەکاتەوە ئەوەیە کە هەردووکیان دوو گەلی نا عەرەبن لە عێراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو دۆستایەتیان بۆ خۆرئاوا کۆیاندەکاتەوە هەردوولایان مێژوویەکی تاڵیان لەگەڵ حکومەتە عەرەبییەکانی عێراقدا هەبووە. ڕەنگە ناخۆشترین ڕووداو کە بەسەر مەسیحییەکاندا هاتبێت ساڵی (١٩٣٠)ەکان بووە، کاتێک حکومەتی عێراق (٣٠,٠٠٠) کەس لەو گروپە بچووکە دەکوژێتو بەدوایدا ئاهەنگی سەرکەوتن لە وڵاتدا دەگێڕێت.

# هێزی هاوبەش گرژییەکانی نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق کەمدەکاتەوە؟

پشتیوان سەعدوڵڵا

بەرپرسانی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک پشتگیریی پێکهێنانی هێزی هاوبەشی (پێشمەرگە، سوپای عێراق، سوپای ئەمریکا) دەکەنو پێیانوایە ئەو هێزە «یارمەتیدەر» دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق.

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەکو بەرپرسانی ئەمنیی کەرکوک لەگەڵ پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشەداین»، چونکە لەهەندێک شوێنی کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان بوونی سوپای عێراق کێشە دروستدەکاتو بوونی پێشمەرگە لە هەندێک شوێنی تر کێشە دروستدەکات، ئەو هێزە هاوبەشە ئەو کێشەیە چارەسەردەکاتو ئەوکاتە پاراستنی ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک دەدرێتە دەست هێزی پێشمەرگەو ناوچەکانی تر بە سوپای عێراق دەسپێردرێن.

دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ژەنەڕال ڕەی ئۆدێرنۆ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی فرەڕەگەز لەعێراق، پێشنیازی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی لەنێوان (پێشمەرگە، سوپای عێراق، سوپای ئەمریکا) کردو دواتریش لیژنەیەک لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو هێزەکانی فرەڕەگەز پێکهێنرا.

بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کەرکوک ئەوەشی وت: «داوامان لە لیژنەکە کردووە پێشنیازەکەی ئۆدێرنۆ قبوڵبکەنو چاوەڕوانی وەڵامین، پێدەچێت لەم هەفتەیەدا وەڵام بدرێینەوەو بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش سازبکەین».



پێشمەرگە لە هێڵی سنوری خانەقین
فۆتۆ: عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

# پەرلەمانی نوێ چی دەکات؟

**دلێر عەبدولخالق**

(١١١) پەرلەمانتار لە پانتاییەکی بچوکی جوگرافیدا، لەسەر (١١١) کورسی سەوز ڕەنگ دادەنیشن‌و نوێنەرایەتی دانیشتووانی سێ پارێزگاکەی هەرێم دەکەن لە ڕێکخستنی بڕیارە سیاسییەکان، چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، پاراستنی ماڵ‌و موڵکی گشتیی‌و بەرژەوەندییە باڵاکان. ئەگەرچی سروشتی کۆبوونەوەکانی خولی یەکەم‌و دووەمی ئەو پەرلەمانە لەناو هۆڵە زۆر بینراوەکەیدا دڵخۆشکەر نەبوون لە بەجێگەیاندنی سێ ئەرکە سەرەکییەکەی‌و لە سەرو هەمووشیانەوە چاودێریکردن، بەڵام ئێستا پەراوێزێک دەبینرێ، کە ئەندامانی نوێ «هۆڵە ماتەکە» بجوڵێنن‌و ڕاستگۆبن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان.

هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩)دا بەڕێوەچوو، کە تیایدا (٢٤) لیست‌و قەوارە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد، سیماکانی ئەو هەڵبژاردنە هەر لە سەرەتاوە جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی دیکە خۆی وێنا دەکرد، کەمپەینی هەڵبژاردنەکە بەهۆی پەیدابوونی چەند لیست‌و قەوارەیەکی جدیی بەرامبەر (لیستی کوردستانی) جۆش‌و خرۆشێکی تایبەتی بە هەڵبژاردنەکە بەخشی. ئەنجامی هەڵبژاردنەش بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو پەرلەماندا هێزێکی کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی کردە واقیع‌و لەناو هەناوی پەرلەماندا جێیکردنەوە، هەرچەندە ئەو ئەنجامانە بۆ حیزبە باڵادەستەکان دڵخۆشکەر نەبوون، بەهۆی کورتهێنانی ژمارەی کورسییەکانیان، بەڵام دواجار ئیرادەی جەماوەر ئەوەی سەپاند. براوە سەرەکییەکانی ئەو هەڵبژاردنە لیستی کوردستانی (یەکێتیی‌و پارتیی) (٥٩) کورسی، لیستی گۆڕان (٢٥) کورسی، لیستی چوارحیزبەکە بە (١٣) کورسی، چەند حیزبێکی دیکەو کورسییە کۆتاکانی پێکهاتەکانی وەک کلدو ئاشوورو تورکمانەکانیش دوا ژمارەی کورسییەکانی خولی سێیەمیان تەواو کرد.

ئێستا کە لە سەروبەندی ڕێکخستنی دانیشتنە ئاساییەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانین، پرسیاری هەرە گرنگ لە ستراکتۆری ئەو پەرلەمانە ئەوە دەبێت تاچەند لایەنە جیاوازەکان بەدەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنەوە کۆکن لەسەر کاراکردنی بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریکردنی ئەو دەسەڵاتە، بەشێوەیەک کە بتوانێت لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەی لە کۆی پێکهاتەکانی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن بکات‌و بیانهێنێتە سەر سەکۆی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان.

## دەیانهێنینە پەرلەمان!

گۆران ئازاد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی کوردستانی ئاماژە بەوە دەکات؛ پەرلەمانی پێشوو کە پەرلەمانێکی تەوافقی بوو، سەرکەتوو نەبوو لە چاودێرکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هۆکاری شکستەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەگەر وەزیرێکی پارتیی بانگبکرایە، دەوترا ئەی وەزیرە یەکێتییەکە؟ ئەی ئێمە وا ڕێکنەکەوتین.. بەوشێوەیە ڕێککەوتنەکە ئەو ئەرکەی پەک خست.

گۆران ئازاد پەرلەمانتار دەڵێت: «بە سەرۆکی لیستەکەمان وتووە، کە کاندیدی سەرۆکی حکومەتە، ئەگەر لە ئەدای کارەکانی حکومەت باش نەبن، دەتانهێنێتە پەرلەمان، ئەویش لە بەرامبەردا چاودێریکردنی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بە گرنگ زانی، هاوکاتیش لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی باسی لەوە کردووە؛ ئەگەر وەزیرێک دابنرێت شیاو نەبێت، هەزار جار یەکێتیی‌و پارتیی ڕەزامەندبن لەسەری، لە دانیشتنی پەرلەمان متمانەی پێ نادەین».

## ئەرکی گۆڕان، چاودێریکردنە

فراکسیۆنی گۆڕان یەکلایی بووەتەوە لەوەی وەک ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا دەمێنێتەوە، ئەندامێکی ئەو فراکسیۆنەش جەخت لەسەر چاودێرییەکی توندی دامودەزگاکانی حکومەت دەکات‌و پێشیوایە، لەو هەوڵەدا دووچاری ڕێگری سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لیستی دەسەڵات دەبنەوە، بەڵام کۆڵنادەن.

ڕێباز فەتاح ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا چاو لە کەموکورتییەکان نەپۆشن‌و چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن، ئێمەش وەک فراکسیۆنی گۆڕان چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن‌و کارەکانی حکومەت‌و دامودەزگاکانی بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵیی‌و ڕۆتینات‌و ڕاییکردنی ئیش‌و کاری خەڵک لە ئەرکە گرنگەکانی ئیشکردنمانە».

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان خوازیارە ئەندامانی لیستی کوردستانی بتوانن خاوەنی بۆچوونی خۆیان بن لەمەڕ بەرژەوەندییە گشتییەکان، بەڵام پێشیوایە ئەندامانی ئەو لیستە لە ڕووی ئازایی‌و ئازادییەوە نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی بتوانن بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانیان ڕەتبکەنەوە، کە دەنگ بەو وەزیرە نەدەن کە حیزبەکانیان دیاریکردوون.

لەبارەی ڕێگرییەکانی ناو پەرلەمان لە بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێریکردنی فراکسیۆنەکەیان، ڕێباز فەتاح دەڵێ: هەوڵی خۆمان دەدەین‌و فشار دەخەینە سەر لیژنەکان‌و سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی لە کاتی داواکردنی وەزیرێک یان بەرپرسێک هاوکارمان بن، ئەگەریش سەرۆکایەتی‌و پێکهاتەکانی دیکە هاوکارمان نەبن لەو ئەرکەدا بێگومان ڕایگشتیی کوردستانی لێ ئاگادار دەکەینەوەو دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی هەبێت.

## خولی دووەم، نەیتوانی!

ئەندامێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە، «ئەندامانی ئەو خولەی پەرلەمان نەیانتوانیوە لە بواری چاودێیکردنی کارەکانی حکومەت بە ئەرکی خۆیان هەستن»، هۆکارەکانی پشت جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکەش پەیوەست دەکات خراپیی سیستمی سیاسیی‌و کارگێڕیی هەرێم بەکۆسپی گەورە ناو دەبات.

ئارێز عەبدوڵڵا ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، «خولی دووەمی پەرلەمان نەیتوانیوە لە بواری چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت ئەرکی خۆیان بە تەواوی جێبەجێبکەن». هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک لەوانە: مانەوەی ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی، نەبوونی ئەزموونی کاری پەرلەمانیی، نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان، لە سەرو هەموو ئەوانەشەوە «خراپیی سیستمی سیاسیی کارگێڕیی کوردستان ڕێگرێکی گەورە بووە».

نەبوونی لێپرسینەوەو هەوڵدان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت، یەکێکە لەو ڕەخنانەی بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاراستەی ئەو خولەی پەرلەمان کراوە، لە بەرامبەریشدا ئارێز عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوە کرد؛ هەوڵ هەبووە بۆ لێپرسینەوەو پەنجە خراوەتە سەر گەندەڵییەکان، بەڵام خواستی تۆڕی گەندەڵەکان لەناو دامودەزگاکانی حکومەت گەورەتر بووە، لە خواستی ئەوانەی ویستوویانە بەگژ گەندەڵیدا بچنەوە. وتیشی: «بەشێوەیەکی گشتیی خواستی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی نەبووە، خۆ حیزبیش دەستی ئێمەی نەگرتبوو لە چاودێیکردنی کارەکانی حکومەت، بەڵکو پەنجەمان خستووەتە سەر گەندەڵییەکان‌و ئاشکرامان کردوون، بەڵام نەک نەمانتوانیوە لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرەکان بکەین، بەڵکو نەهاتوونە ناو پەرلەمانیش بۆ ئەوەی لە ڕاستیی‌و دروستی کارەکانیان بپرسینەوە».

بە بڕوای ئەو ئەندامەی پەرلەمانی پێشوو، هەلومەرجەکان هاوکاری خولی سێیەمی پەرلەمانن، کە دەستکراوە بێت لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت‌و وتی: «هەلومەرجەکە گۆڕاوە، حکومەت یەکی گرتووەتەوە، نەخشەی سیاسیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئۆپۆزسیۆن دروستبووە، ئەزموونی کاری پەرلەمانی هەیە، هۆشیاریی خەڵک‌و ڕەخنەی شەقام بوونی هەیە، هەموو ئەمانە وا دەکات، نەک ئۆپۆزسیۆن بەڵکو دەسەڵاتیش بە بەرنامەو پرۆگرامی خۆیاندا بچنەوەو چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەن».



«خولی دووەمی پەرلەمان سەرکەوتوو نەبوو، لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن»

# لەبارەی کێشەکەی دانای ئەحمەد مەجیدو چاودێریی داراییەوە

**سیروان ڕەشید**



چەند ڕۆژێکە لەسەر ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی مشتومڕێکی زۆر لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەسەڵات‌و پارێزگای سلێمانیدا دروستبووە کە بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی دانای ئەحمەد مەجیدو نیهایەت جەبار کەریم وەک سەرۆکی دوو لیژنەی بەرنامەی کاری وشکەساڵی لەدیوانی پارێزگای سلێمانی تۆمەتبارکراون بە «ئیختیلاس»کردنی بڕێک پارەو چاودێریی دارایی داوای لەوەزارەتی ناوخۆ کردووە کە سەرۆکی ئەم دوو لیژنەیەو چەند کەسێکی دیکەی ناو لیژنەکە بدرێنە دادگا.

لەڕاستیدا من لایەنگیری لێپرسینەوەو سزادانی هەر لایەن‌و بەرپرسێکم ئەگەر تۆمەتباربن بە گەندەڵی‌و بەکارهێنانی دارایی گشتی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی‌و ئەم هەوڵە ئاشکرایەی دیوانی چاودێریی داراییش جێگای دەستخۆشییە، بەڵام پرسیارێکی گرنگ لەزیهنی مندا خۆی قوتتدەکاتەوە، کە بۆچی ئەم دیوانە تائێستا ڕاپۆرتێکی لەسەر هیچ بەرپرسێکی حکومەتی هەرێم لەمیدیاکاندا بڵاونەکردووەتەوە کەچی ئێستا بووەتە پەیامنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی‌و دوای دوو ڕۆژ لەنووسینی ڕاپۆرتەکەیان لە سەر دیوانی پارێزگای سلێمانی لە میدیاکانی ئەو حیزبەدا بڵاویدەکەنەوە، کە ئەوەندەی من بزانم پێشتر لەسیاسەتی کارەکانیاندا نەبوو ڕاپۆرتەکانیان لەسەر هیچ بەرپرس‌و فەرمانگەیەک بدەن بە ڕاگەیاندنەکان! وا دیارەو پێدەچێت لەمەودوا دەسەڵات شەڕی سیاسی بەو دەزگایە بکات.

دیوانی چاودێریی دارایی ساڵی ١٩٩٧ بەبڕیارێکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئیدارەی سلێمانی، بەحیساب بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی داهات‌و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم‌و پاراستنی دارایی گشتی لەهەموو خراپ بەکارهێنانێک دامەزراوە، بەڵام ئەم دەزگایە بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە بەر بەهەدەردانی ماڵی گشتیی میللەت بگرێت ئەگەر نا بۆچی؟

یەکەم: کام ساڵ لەوساڵانەی چاودێری دارای هەبووە ئاگای لەبودجەی ساڵ بێت و لەکۆتای ساڵی داراییدا نوسخەیەکی حساباتی کۆتای بودجەی پێبدرێت و بۆی هەبێت تەنیا سەرنجەکانی خۆی لەبارەوە بدات؟.

دووەم: لە دوای ڕوخانی بەعسەوەو دروست لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا ئەمڕۆ کە پێنج ساڵ دەکات، حکومەتی عێراق زیاتر لە ٣١ملیارو ٤٩ملیۆن دۆلاری لە پارەی بودجەی گشتی‌و بودجە بۆ پەرەپێدانی پارێزگان ناردووە بۆ هەرێم، بۆچی ئەم دیوانی چاودێرییە تائێستا پێی نەوتوین ئەم پارەیە چۆن خەرجکراوەو لەچیدا بەکارهاتووە؟.

سێیەم: پارتی‌و یەکێتی مانگانە و بەئاشکرا زیاتر لە ٣٠ملیۆن دۆلار لەپارەی میللەت کە ڕۆژانە زیاتر لەیەک ملیۆن دۆلار دەکات (دەدزن)، بۆچی ئەم دیوانی چاودێرییە پێی نەوتین، خەڵکینە ئەوە حیزب ساڵانە ( ٨٤٠ ) ملیۆن دۆلار لە بودجەی میللەت بەهەدەردەدات‌و دەیخاتە گیرفانی تاقمێکی دەسەڵاتدارەوە بۆتائێستا نەمان بیست لە کۆی نزیکەی ١٥٠وەزیرو سەرۆک وەزیرانی پێنج کابینەی ڕابردوی حکومەت تۆبڵێی هیچ یەکێک لەمانە گەندەڵ نەبوبن، یان ئەمان تەنها ڕاوی بەرپرسە بچوکەکان دەکەن و بەتەحدیدیش ئەوانەی کە لەسەرەوە پێیان دەوترێت!؟.

چوارەم: تائێستا یەکێتی‌و پارتی ٢٧ گرێبەستی نەوتیان ئەنجامداوەو زیاتر لە ٧٥٠ملیۆن دۆلاریشیان وەک شیرینی (کۆمۆیشین) ئەو کۆنتراکتە نەوتییانە وەگرتووە، ئایا چاودێریی دارایی ئاگای لەم حیساباتانە هەیەو قەت هاتووە بپرسێت لایەنی قانونی‌و ناقانونی ئەم گرێبەستانە چییە؟.

پێنجەم: لە ٢٠٠٨/٥/٢٦ەوە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسایەکی نوێ بڕیاری کارکردن‌و یەکگرتنەوەی دیوانەکانی چاودێریی دارایی سلێمانی‌و هەولێری داوە، بەڵام تائێستا یەکێتی‌و پارتی نایانەوێت ئەم دوو چاودێرییە داراییە یەکبخرێن.

کەواتە دەسەڵات تەنها بۆ جوانکردنی ڕوخساری ناشیرین و گەندەڵکارانەی خۆی‌و بۆ ئەوەی بەخەڵکی بڵێت ئەوەتا لایەنێک هەیە کە وردبینی لە حیسابات‌و چۆنێتیی خەرجکردنی بودجە دەکات، ئەم دەزگا کارتۆنییەی دروستکردووە.

serwan_rm@yahoo.com



## عێراق لەبەردەم دووەم هەڵبژاردندا

# سێگۆشەکە هەڵدەوەشێتەوە؟

**بەرهەم خالید**

به بڕوای لێکۆڵیاران و چاودێرانی سیاسیی، هەڵبژاردنەکانی سەرەتای ساڵی داهاتووی پەرلەمانی عێراق نەخشەی سیاسیی ئێستای ئەو وڵاتە دەگۆڕێت و پێشبینی دەکرێت هاوسەنگیی هێزو قورسایی هەر سێ لایەنی سەرەکیی سێگۆشەی پێکهاتەی عێراق (شیعەو سوننەو کورد) بچێتە قۆناغێکی نوێوە، بە تایبەت کە چاوەڕواندەکرێت هەردوو هاوپەیمانیە گەورەکەی کوردو شیعە قورسایی پێشوویان لە دەست بدەن، لەبەرئەوەی لیستی گۆڕان لە کوردستان بە جیا بەشداریی هەڵبژاردن دەکات و مالیکیش لە هاوپەیمانیی شیعە کشاوەتەوە، ئەوەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ سوننەکان کە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی پێشووەوە بە قورسایی خۆیان دابەزن و ببنە ژمارەیەکی گەورە لەم هەڵبژاردنەدا.

ئێستا عێراق خۆی بۆ دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئامادە دەکات لە دوای ڕووخانی حکومەتەکەی بەعس لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکا لە نیسانی (٢٠٠٣)دا، لە هەڵبژاردنی پێشوودا لیستی هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعەکان زۆرینەیان بەدەستهێناو مالیکی بووە سەرۆک وەزیران، ئێستاش زۆربەی لایەنەکان چاویان لە هەڵبژاردنەکەی (٢٠١٠/١/١٦)یەو بە گرنگییەوە لەو هەڵبژاردنە دەڕوانن، لەبەرئەوەی لە سەرەتای ئەو ساڵەدا زۆربەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشە دەکەن و ئەوەش ڕێگە بۆ وڵاتانی دراوسێی عێراق خۆشدەکات کە دەست لە کاروباری ناوخۆی وەربدەن، وەک چۆن لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا عێراق، سوریای بە هەوڵدان بۆ تێکدانی ئارامیی ئەو وڵاتە تۆمەتبارکرد، سەرەڕای ئەوەش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ هێزە ئەمنییە عێراقییەکان، بەتایبەت دوای ئەو زنجیرە تەقینەوەیەی مانگی ڕابردوو عێراق بەخۆوەی بینی و بەهۆیەوە زیاتر لە (٤٠٠) کەس بوونە قوربانی.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق هەڵبژاردنەکانی سەرەتای ئەمساڵی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و هەڵبژاردنی تەمموزی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانی ڕیشەییان بەسەر پێکهاتەی سیاسی وڵاتدا هێنا، هەروەک ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرکەوتنی لیستەکەی مالیکی ئاماژەی ئەوەبوون کە گەلی عێراق پشتیان کردووەتە لایەنە تائیفیە سیاسییەکان و بنیادنانی دەوڵەتێکی سیاسییان دەوێت لەسەر بنەمای نیشتمانیی، ئەوەش پێچەوانەی خواستەکانی ئێرانە کە دەیەوێت لە ڕێگەی لیستی شیعەکانەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە عێراق.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پاشەکشەیەکی بەرچاوی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بەخۆوەبینی بەتایبەت بۆ یەکێتی، کە لە ناوچەی قورسایی خۆیدا لە پارێزگای سلێمانی شکستی هێنا لە بەرامبەردا لیستی گۆڕان بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا لە یەکەم بەشداریی خۆیدا توانی (٢٥) کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت و بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ئەو لیستەش بە لیستێکی جیاواز خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئامادە دەکەن.

هەروەک محەمەد تۆفیق ڕەحیم لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامە ڕایگەیاندبوو، کە ئەوان بە تەنیاو بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکەی کانونی دووەمی ساڵی داهاتوو دەکەن، ئەو هەنگاوەش کاریگەریی دەبێت بەسەر پێگەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغداو پێدەچێت پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە دەست بدەن، جگە لەوەش هاتنە پێشەوەی سوننەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە پێدەچێت لە قورسایی کورد کەمبکاتەوە.

حاڵی هێزە سوننەکانیش بە بەراورد لەگەڵ شیعەکان زۆر لە باشیدا نییە، چونکە ئەوان نەیانتوانی بەڵێنەکانیان بۆ هەموارکردنی دەستوور ببەنەسەرو دەوڵەتی تائیفی کۆتایی پێبهێنن، بەڵام گەڕانەوەی عەرەبی سوننە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و بڕیاری دادگای باڵای عێراق بە گەڕاندنەوەی (١٠) کورسی پەرلەمانی بۆ ئەو پارێزگایانەی زۆرینەی دانیشتووانیان سوننەن پێگەی ئەوان بەهێزتر دەکات، هەرچەندە گرژییەکانی ئەمدواییەی نێوان سوریاو عێراق لایەنە سوننەکانی نیگەرانکردووە، لەبەرئەوەی لە کاتی ئاڵۆزتربوونی ئەو گرژیانەدا حکومەتی سوریا کارئاسانی بۆ دەنگدانی ئەو ئاوارە عێراقییە سوننانە ناکات کە لەو وڵاتە نیشتەجێن و ژمارەیان ملیۆن و نیوێک زیاترە، کە دەنگەکانیان دەکاتە نزیکەی (١٥) کورسی پەرلەمانی داهاتووی عێراق.

لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا پێگەی حیزب و لایەنە عێراقییەکان بەشێوەیەکی گشتیی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە ئێستاوە کار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی نوێ دەکرێت لەنێوان ئەو لایەنانەدا.

### پەرتبوونی شیعەکان

هێزە شیعییەکان بڕیاریانداوە سەرلەنوێ هەیکەلەی ئیئتیلاف ڕێکبخەنەوە، بەڵام ئەمجارە بەبێ حیزبی دەعوەی مالیکی، پێکهاتەی نوێی ئەو هاوپەیمانێتیە پێکدێت لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی عەمار ئەلحەکیم و ڕەوتی سەدرو چەند لایەنێکی دیکەی بچووک و چەند کەسایەتیەک، کە پێیانوایە دەبێت شیعە حوکمی عێراق بکات، بەبێ گوێدانە ئەوەی سیستمی سیاسیی لەسەر بنەمای تائیفی بێت، لەوانە ئەحمەد چەلەبی، سیاسەتمەداری عەلمانی و ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆک وەزیرانی ماوەی ئینتیقالیی، کە لە سەردەمی حوکمڕانێتیدا نزیک بوو شەڕی ناوخۆیی سەرهەڵبدات، هەرچەندە بەشێک لە سەرکردەکانی ئیئتیلاف مەترسیی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتیان لەدەستبچێت و بەوەش ئەو دەستکەوتانەیان بفەوتێت کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە کاری بۆ دەکەن، بەتایبەت ڕەتکردنەوەی حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتیی مالیکی بۆ چوونە ناو هاوپەیمانێتیەکەوەو ڕاگەیاندنی حیزبی دەعوە_ڕێکخستنەکانی عێراق بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم عنێزی بۆ ناو ئیئتیلاف و مردنی عەبولعەزیز حەکیم و پاشەکشەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە هەڵبژاردنەکەی سەرەتای ئەمساڵی پارێزگاکاندا، لیستەکە زۆر بەرەو لاوازیی دەبات بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا، لەلایەکی دیکەوە ناکۆکییەکانی نێوان پارتەکانی ناو هاوپەیمانێتیەکە هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی ئیئتیلافە بەتایبەت لەنێوان ڕەوتی سەدرو ئەنجومەنی باڵادا، چونکە جەعفەری پشتگیریی لیستی کراوە دەکات و ئەنجومەنی باڵاش پشتگیریی لیستی داخراو دەکات بۆ هەڵبژاردنەکان.

### کشانەوەی مالیکی لە ئیئتیلاف

کۆتایی مانگی ڕابردوو نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕایگەیاند: ئامانجی ئەوەیە بچێتە نێو هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانییەوە، ئەگەر دڵنیا نەبوو لەو هاوپەیمانێتیە، ئەوکاتە لیستی دەوڵەتی یاسا دروستدەکاتەوە، کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەشداریی پێکرد، هاوکات ڕەوتی سەدر چوونە نێو ئیئتلافی یەکگرتووی شیعەی ڕاگەیاندو هەروەها عەقیل عەبدولحوسێن، سەرۆکی لیستی سەدر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاند: ڕەوتەکەیان بڕیاریداوە بەشداریی پێکهێنانی لیستی ئیئتیلافی نیشتیمانی عێراقی بکات، دوای ئەوەی بەشداریی لە نووسینەوەی بەرنامەی ئەو لیستەدا کردووە.

مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە میانی سەردانێکیدا لە میسر ڕایگەیاند: لە ئێستادا کار دەکات لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیی دوور لە ئینتیمای مەزهەبی و تایفی. وتیشی: «ئەگەر هاتو هاوپەیمانێتییەکە نا نیشتمانیی بوو، ئەوا ناچینە چوارچێوەی و دەچینە ناو هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، کە بەو هاوپەیمانییە بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کرد».

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش، مالیکی ڕایگەیاندووە؛ «هەوڵەکانی ئەوو هاوکارەکانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نیشتمانییەو پرەنسیپ و بنەماکانیان ئامادەکردووەو بەسەر پێکهاتەکانی عێراقدا دابەشیانکردووە بە سوننەو شیعەو عەرەب و کوردو تورکمان و کریستیانەوە، لە پێناو ئەوەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە، کە لەسەر بنەمایەکی نیشتمانیی دابمەزرێت».

بە بڕوای چاودێران ئەگەر مالیکی سووربێت لەسەر هەڵوێستەکانی، ئەوا پێشبینی دەکرێت بە تەنیاو بە لیستی دەوڵەتی یاسا کە کار بۆ بەهێزکردنی دەکات بەچەند پاڵێوراوێکی سوننی لەپێناو پێدانی مۆرکێکی نیشتمانیی، ئەوەش لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی عەرەبە سوننەکان، ئەوەش گرەوێکی قورسە بۆ مالیکی بە تایبەت لە کاتی بوونی ڕکابەری سوننی بەهێزو توانای حکومەتەکەی ئەو لەماوەی چەن مانگی داهاتووی پێش هەڵبژاردندا.

### هاتنەوەی سوننە

وەک خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان، حیزبی ئیسلامیی کە بە ڕووکاری سیاسیی ئیخوان موسلمین دادەنرێت، بناغەی بەرەیەکی تەوافوقی سوننی داناوە، بەڵام پاڵپشتی جەماوەریی بۆ ئەو حیزبە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، بەتایبەت دوای لادانی تاریق هاشمی لە سەرکردایەتی ئەو حیزبە، چونکە جێگرەوەکانی هاشمی جەماوەریان کەمترەو چاوەڕوانیش دەکرێت هاشمی بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی بکات، ئەوەش لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە پاشەکشەی بەرەی تەوافوق دەزانرێت، هەروەها هەوڵێک هەیە بۆ پێکهێنانی لیستێکی نیشتمانیی نوێ لەچەند کەسایەتی و لایەنێکی سوننی بەدەر لە تایەفەگەریی، ئەوانیش لیستی ئایندە بە سەرۆکایەتیی ڕافع ئەلعیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کە لە چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆو ئیسلامیی و عەرەبی میانڕەو پێکهاتووەو بەرەی دیالۆگی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتیی ساڵح موتڵەگ، کە چەند کەسایەتییەکی قەومیی عەرەبی تێدایە، هەروەها لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتیی ئوسامە نوجێفی، کەسایەتی شاری موسڵ. ئەو سێ لایەنە توانییان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا ئەنجامی باش بەدەستبهێنن و هەوڵدەدرێت ئەو سێ لایەنە لە هاوپەیمانیەکدا کۆبکرێنەوەو لیستی عێراقیەی ئەیاد عەلاوی و لیستەکەی هاشمیش بهێننە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەوە، ئەوەش لەکاتی دروستنەکردنی لیستی هێزە بەرەنگارییەکانەوە پاڵپشتی ئەو لایەنانەش بەدەستدەهێنێت، بەوەش دەبێتە لیستێکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەهای سوننەی عەرەب و بەشێک لە شیعەکان، کە ئەوەش دەبێتە جێگەی پێشوازیی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا، چونکە تا ڕادەیەکی باش عێراق لە پارچە پارچەبوون دووردەخاتەوە، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەو لیستە زۆری سەرکردەکانیەتی، کە پێدەچێت لە داهاتوودا کێشەیان بۆ دروست ببێت لەسەر پۆست و بیرو بۆچوونەکانیان.

### کورد دابەشی چەند لیستێک دەبێت

لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا، لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەردوو پارتی سەرەکیی، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەند لایەنێکی دیکەی بچووک و کەسایەتیە سەربەخۆکان، توانییان نزیکەی (٢٠٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنن و چاوەڕوانیش دەکرێت ئەمجارەش بە پشکێکی زیاتر بۆ پارتی بە هەمانشێوە بە یەک لیست بەشداریی بکەن و هەروەها لیستی گۆڕان کە خاوەنی (٢٥) کورسی پەرلەمانی کوردستانە بڕیاریداوە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکەن، بەوەش کۆتایی بە قۆرغکاریی ئەو دوو پارتە دەهێنن لە نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغداو چاوەڕوانیش دەکرێت یەکگرتووی ئیسلامیی بە هەمانشێوەی هەڵبژاردنی پێشوو بە جیا بەشداریی بکات، کە توانیبووی (٥) کورسی بەدەستبهێنێت، ئەوە لە کاتێکدایە یەکێتی و پارتی بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی و بارزانی باس لەوەدەکەن، کە بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق بکەن، لە بەرامبەردا لایەنەکانی دیکە پێیانوایە گرنگە کورد یەک هەڵوێست بێت نەک یەک لیست.

لە ماوەی ڕابردوودا کێشەو ناکۆکیی لەنێوان هەریەکە لە هەرێم و بەغدا دروست بوو لەسەر دەسەڵاتەکانی هەردوو حکومەت و مەسەلەی بودجەو هێزی پێشمەرگە، کە ئەوەش ئەگەری دووبارەکردنەوەی هاوپەیمانێتیی لاواز دەکات، لەلایەکی دیکەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاتنە ناوەوەی بەهێزی سوننەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە پێگەی کورد بەرەو لاوازبوون ببات و ژمارەی کورسییەکانی ڕوو لە کەمبوونەوە بکات، بەوەش ئەگەری وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار کە ئێستا تاڵەبانی بەڕێوەی دەبات لاواز دەبێت، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم هاوپەیمانێتی و هاوکێشانەوە گەلی عێراق چاوەڕوانی دەرئەنجام و موفاجەئەکانی هەڵبژاردنی (٢٠١٠/١/١٦) دەکات، کە ئایا ژیانی سیاسیی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات و نەخشەی سیاسیی چ گۆڕانێکی بەسەردا دێت.

> **لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)داو لە کۆی (٢٧٥) کورسی پەرلەمانی عێراق، لیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتووی شیعەکان ڕێژەی (٤٦,٥٥٪)ی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناو بووە خاوەنی (١٢٨) کورسی، هەروەها لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕێژەی (١٩,٢٧٪)ی بەدەستهێناو بووە خاوەنی (٥٣) کورسی و بەرەی تەوافوقی عێراقیش (١٦٪)ی بەدەستهێناو (٤٤) کورسی مسۆگەرکرد و لیستی عێراقیەش بە ڕێژەی (٩,٠٩٪) بووە خاوەنی (٢٥) کورسی و بەرەی دیالۆگی نیشتمانیش (١١) کورسی و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش کە بە جیا بەشداریکرد توانی (٥) کورسی بەدەستبهێنێت و چاوەڕواندەکرێت ژمارەی ئەو کورسیانە زیاد بکرێن.**

ژمارە (546) سێشەممە 2009/9/8
aburi.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

## هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا نییە

# سەدان بیناو باڵەخانەو کارگە بە چۆڵیی دەمێننەوە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

تائێستا بیناو باڵەخانەو کارگەو پرۆژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دوور لە بنەما زانستیو ئابوورییەکان لەلایەن چەندین دەزگاو دامەزراوەوە مۆڵەتیان پێدەدرێتو سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیش پێیوایە، بێپلانی هۆکارێکە بۆئەوەی سەدان بیناو باڵەخانەو کارگە بە چۆڵیی بمێنێتەوە.

### بەپێی یاسای وەبەرهێنان مۆڵەت بە پرۆژەکان دەدرێت

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە بەشێک لەو کەسانەی بەناوی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی وەرگرتنی بینا وەردەگرن، بەڵام ئەوبینایانە لە بواری وەبەرهێناندا بەکارناهێنرێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئەوە سەرباری ئەوەی بەپێی یاسای وەبەرهێنان پێویستە پرۆژەکانی بواری وەبەرهێنان لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدابێت.

ئەوکەسەی دەیەوێت مۆڵەتی بینای وەبەرهێنانی پێبدرێت سەرەتا پرۆپۆزەڵێکی بیناکەی پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان دەکاتو دواتر بەپێی یاسای دەستەی وەبەرهێنان هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکەی دەکرێت بۆئەوەی بزانرێت تا چەند کارەکەی لەگەڵ یاسای وەبەرهێناندا دەگونجێت دواتر لە ڕێگەی شارەوانی یان وەزارەتی کشتوکاڵ یان وەزارەتی دارایی هەوڵی دابینکردنی زەوی بۆ دەدرێتو دواتریش دیراسەی (جدوا الاقتصادی)ی پرۆژەکەو بڕی تێچوونی بۆدەکرێتو دوای ئەوە مۆڵەتی پێدەدرێت، هەروەک ماوەی دوومانگیش دیاریدەکرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی، بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا پرۆژەکەی جێبەجێ نەکرد، ئەوا زەوییەکەی لێ وەردەگیرێتەوەو دەدرێتەوە بە لایەنی پەیوەندیدار.

یاسین فەقێ سەعید، سەرۆکی لقی سلێمانی دەستەی وەبەرهێنان، ئاماژەی بەوەکرد، دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەت بە پرۆژەیەک دەدات کە لەبواری وەبەرهێناندا کاربکات بەمەرجێک لەسەر تابلۆیەکیش بنووسرێت کە ئەوبینایە یاخود ئەوپرۆژەیە سەر بە دەستەی وەبەرهێنانە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە «هیچ کەسو بازرگانێک ناتوانێت گۆڕانکاریی لە بیناکەیدا بکاتو چالاکیی پرۆژەکەی بگۆڕێت بێ ئاگاداری دەستەی وەبەرهێنان».

تائێستا زیاتر لە (٢٠٠) پرۆژە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی وەرگرتووەو پرۆژەکانیش هەمەچەشنن، وەک ئوتێلو کارگەو پرۆژەی کشتوکاڵیو چەندین جۆری دیکە.

### کێ مۆڵەتی بە بینا چۆڵەکان داوە

ئێستا ژمارەیەکی زۆر بینا لەناو شاری سلێمانیدا بوونی هەیە، بەڵام بەشێک لەو بینایانە چۆڵن یاخود لێیان نووسراوە بۆ کرێ بێئەوەی سوودیان لێوەرگیرابێتو بۆ یەکێک لە بوارەکان بەکارهێنرابن.

یاسین فەقێ سەعید، ئاماژەی بەوەرکرد، ناکرێت ئەوان بانگەشەی ئەوەبکەنو بە خەڵک بڵێن تۆ وەرە فلان کار بکە، بەڵام وەک خۆی وتی ئەوان یاسایەکیان هەیە بەناوی یاسای وەبەرهێنانو هەرکەسێک پرۆژەیەکی هەبوو کە لەگەڵ یاساکەی ئەواندا گونجا، ئەوا مۆڵەتی پێدەدرێتو پرۆژەیەکیش ئەگەر بودجەکەی لە (٢٥٠) هەزار دۆلار کەمتربێت، ئەوا ئەوان بە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان حسابی ناکەنو مۆڵەتی پێنادەن.

ئەوەشی نەشاردوە «ئەو بینا زۆرەی ئێستا لەناو شاردانو چۆڵن، لەلایەن شارەوانییەوە مۆڵەتیان پێدراوە بێئەوەی دیراسەیان بۆ کرابێت»، بەڵام ئەو بینایانەی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێدراوە وەک خۆی وتی: «بە پەنجەی دەست» دەژمێردرێنو چۆن لە سەرەتادا مۆڵەتیان وەرگرتووە ئێستاش بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن.

### بازرگانەکان لە قاچاخچێتییەوە دروستبوون

دەربارەی ئاستی تێگەیشتنی بازرگانی کورد، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: دەتوانم بڵێم ئێستا بارودۆخی کەرتی تایبەت زۆر زۆرخراپە، چونکە زۆربەی لە قاچاخچێتیو بازرگانییەوە هاتووەو ئێستا بووەتە دەوڵەمەندو سەرمایەدارو هیچ هۆشیاریی دەربارەی وەبەرهێنان نییەو لە وەبەرهێنان تێناگاتو تەنانەت ناتوانن جیاوازیی لەنێوان پرۆژەیەکی بازرگانیو پرۆژەیەکی وەبەرهێناندا بکەن».

وتیشی: «ئێمە ئەم گلەییەمان لە ژووری بازرگانیو چەند شوێنێکی دیکە کردووە بۆئەوەی ئاستی بازرگانەکان بەرزبکرێتەوەو بازرگانەکان بتوانن جیاوازیی بکەن لە بەینی پرۆژەیەکی بازرگانیو پرۆژەیەکی وەبەرهێناندا، چونکە ئەوە کێشەی هەموومانە.

### هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا نییە

ماوەیەک لەمەوبەر دەستەی وەبەرهێنان کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی پیشەسازی کرد بۆئەوەی لیژنەیەکی هاوبەش پێکبهێنرێتو لیژنەکەش کار لەسەر ئەوە بکات کە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەوەبکرێت، کە ئایا چ جۆرە پرۆژەیەک پێویستەو لە چ بوارێکدا بێت، نەک هەرکەسێک داوابکات کارگەیەک یان پرۆژەو بینایەک دروستبکات بێ لێکۆڵینەوە مۆڵەتی پێبدرێت.

دەربارەی بوونی هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک ژووری بازرگانیو دەستەی وەبەرهێنانو شارەوانیو بەڕێوەبەرێتی پیشەسازی.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: «لەم وڵاتەدا چەندین لایەن دەتوانن مۆڵەت بدەن، بۆ نموونە پرۆژەیەکی پیشەسازی، دەستەی وەبەرهێنان دەتوانێت مۆڵەتی بداتیو لەهەمانکاتیشدا بەڕێوەبەرێتی پیشەسازی سەر بە وەزارەتی پیشەسازیو وزەش دەتوانێت مۆڵەتی بداتێ لەبەرئەوە ئێستا پلانێکی تۆکمەو گشتگیر لە هەموکوردستاندا کاری پێناکرێت بۆئەوەی بزانرێت تاچەندو بە چ جۆرێک بیناو پرۆژەو کارگەیەک مۆڵەت بدرێتو چ سێکتەرێک لاوازەو پێویستی بەوە هەیە زیاتر کارابکرێتو بەرەو پێشەوە ببرێت، هەربۆیە دەبینیت «لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پیشەسازییەوە (٢٠) کارگەی ئاو مۆڵەتی پێدراوە بێئەوەی ئێمە ئاگامان لێبێت، چونکە ئەو کارگانە نەخراونەتە چوارچێوەی پرۆژەی وەبەرهێنانەوە، ئێمەش لەبەرئەوەی داتامان لانییە لەوانەیە مۆڵەتمان دابێت بەچەندین کارگەو پرۆژە کە لایەنەکانی دیکە بێ ئاگابوون لێی، چونکە پلانو هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بوونی نییە»

### پرۆژەکان بەپێی پێداویستی ناوچەکان نەبوون

تاکۆتایی ساڵی ڕابردوو لە بواری وەبەرهێناندا مۆڵەت بە (٣٦٥) پرۆژە لەسەر ئاستی کوردستان دراوە. حەسەن باقی هەورامی، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی، ئاماژەی بەوەکرد، «ئەو پرۆژانە بەپێی پێویستی ناوچەکان نەبوونو هەموو ئەو پرۆژانە بەشێوەی لێشاو خەڵکی دەستیانکرد بە دروستکردنی، ئێستا بەشێکی زۆریان چۆڵەو لە ڕووی ئابوورییەوە هیچ سوودێکیان لێوەرناگیرێت»

وتیشی: «دروستکردنی ئەو ژمارە زۆرەی بینا لەناو شارەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرەتا ئەگەر وەبەرهێنێک بیویستایە کارێک یان پرۆژەیەک لە شوێنێکدا ئەنجام بدات بینایەکی شیاو بۆ کارەکەی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێگە بە دروستکردنی ئەو هەموو بیناو باڵەخانە زۆرە درا، بەڵام پێوەرێک نەبوو کە ئاخۆ دروستکردنی ئەو هەموو بیناو باڵەخانایە تا چ ئاستێک پێویستە.

پێشیوابوو، ئەو کەسانەی ئەو هەموو بینایەیان دروستکردو بێئەوەی سوودێکی ئەوتۆی لێوەربگرن، ئەگەر بەشێک لەو پرۆژانە لە بواری پیشەسازی یان کشتوکاڵیدا بوونایە بێگومان سوودی زیاتریان لێوەردەگرت.

### ئاماری پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان

بەپێی ئامارێکی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، لەساڵی (٢٠٠٧)دا (١١٨) مۆڵەتی بازرگانیو (٦٦) مۆڵەتی پیشەسازیو (١٩٦٠) مۆڵەتی جۆراوجۆر دراوە.

لەساڵی (٢٠٠٨)دا (١٠٣) مۆڵەتی بازرگانیو (٢١) مۆڵەتی پیشەسازیو (١٤٧٧) مۆڵەتی جۆراوجۆر دراوە. تا مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٩) (٩) مۆڵەتی بازرگانیو (٣٤٥) مۆڵەتی جۆراوجۆر دراوە.

### یاسای بازرگانی جێبەجێ ناکرێت

هەرچەندە یاسای بازرگانی لە کوردستاندا بوونی هەیەو بەپێی یاساکەش دەبێت کێبڕکێ لەسەر بنەمای کەمترین نرخو باشترین خزمەتگوزاریی بێتو بیناو پرۆژەو کارگەکانیش بەپێی پێویستیو لەسەر بنەمای جوگرافی ناوچەکان دابەشبکرێن، بەڵام حەسەن باقی ئاماژە بەوەدەکات، ئێستا یاسای ئابووری بازاڕ لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەودەکرێت، بە نموونە بەپێی یاسای بازرگانی دەبێت سەمونخانەیەک (٥٠٠) مەتر لە سەمونخانەیەکی دیکەوە دووربێتو ئێمەش بۆ ئەو مەبەستە داوامانکردووە پێدانی مۆڵەتی پرۆژە بچووکو مام ناوەندەکان بهێنرێتەوە ژێر ڕکێفی ژووری بازرگانیو لە ژووری بازرگانی تۆماربکرێن، بەڵام هەرچەندە نووسراومان بۆ پارێزگای سلێمانی کردووەو ئەوانیش پشتگیریمان دەکەنو نووسراویان بۆ سەرجەم فەرمانگەو لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، بەڵام ئەو یاسایە جێبەجێ ناکەن، وتیشی: «ئەگەر زانیاریی نەبێت ناتوانرێت پلانو بەرنامە دابڕێژرێت، بە نموونە ئەگەر نەزانرێت لەناو بازاڕدا چەند چێشتخانە هەیە، ناتوانرێت دواتر پلانت هەبێت بۆ دابەشکردنو پێدانی مۆڵەت بە کەسێکی دیکە، کە دەیەوێت چێشتخانەیەک لە شوێنێکی دیکەی ناوبازاڕدا بکاتەوە، هەربۆیە ئەوکاتەش ناتوانرێت ڕێنمایی حکومەت بکرێت بۆئەوەی لەکاتی دانانی نەخشەی ناوچەیەک مۆڵەتی چەند چێشتخانە بدات بە هاوڵاتییان».

### مۆڵەتی کارگەکان بێپلان بووە

دەربارەی کارگەکانیش سەرۆکی ژووری بازرگانی ئەوەی ڕوونکردەوە، کارگە کۆنەکان وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام پێیوابوو؛ «کارگە نوێکان بەهەمانشێوە بەپێی پێداویستی ناوچەکان دیراسە نەکراونو دابەش نەکراون، چونکە دەبێت پێش پێدانی مۆڵەت دیراسەی ئەو شوێنە بکرێتو شوێنی بۆ دیاریبکرێتو ژووری بازرگانیش ئاگاداربکرێت بۆئەوەی ئێمەش ڕێنمایی خۆمان لەوبارەیەوە بدەینو دواتر مۆڵەتیان پێبدرێت، بەڵام پێدانی مۆڵەتەکان لەسەر ئەو بنەمایە نەبووە، بەڵکو بێپلان بووە.

دەربارەی ئەوەش، کە ئایا ئەرکی کێیە دیراسەی ئەو شوێنانە بکات، حەسەن باقی وتی: «دیراسەکردنی ئەو بوارە بە پلەی یەک ئەرکی وەزارەتی پلاندانەو دەبێت لە پەرلەمانیش لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆئەوەی لەو بوارەدا دیراسەبکاتو پێشنیاز پێشکەش بکات».

حەسەن باقی ئەوەشی نەشاردەوە، کە جۆرێک لە ناهەماهەنگی بوونی هەیەو بێپلانییش هۆکارێکە بۆ مانەوەی ئەو هەموو بیناو باڵەخانەو کارگانە بە چۆڵیی، بۆیە پێیوابوو دەبێت بۆ هەرکارێک لیژنەیەک پێکبهێنرێت.

### دەبێت پێداچوونەوە بە یاسای وەبەرهێناندا بکرێت

بەپێی بۆچوونی شارەزایان کۆی ئەو هەموو سەرمایەی بۆ دروستکردنی بیناو باڵەخانە لە شارەکاندا تەرخانکراوەو ئێستاش زۆربەیان بە چۆڵیی ماونەتەوە، دەکرا دەستەی وەبەرهێنان یاخود وەزارەتی پلاندانان بەپێی پلانێک ڕێنمایی ئەو سەرمایەدارانەی بکردایە کە سەرمایەکانیان لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی وەک وێستگەیەکی گەورەی کارەبا یاخود کارگەیەکی گەورەدا بخەنەگەڕ بۆ ئەوی خۆیانو هاوڵاتییانیش لێی سوودمەند بن. سەرۆکی ژووری بازرگانی ئاماژەی بەوەکرد، «مەرج نییە هەموو یاسایەک کە دەردەچێت بەدەربێت لە کەموکوڕییو سەرجەم ئامانجەکانی خۆی پێکابێت، بۆیە پێیوابوو یاسای وەبەرهێنان دەبێت پێداچوونەوەی تێدابکرێت بەجۆرێک لەگەڵ خواستی ئەمڕۆدا بگونجێت» پێشیوابوو کاتێک پرۆژەیەک لە بواری وەبەرهێناندا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبێت (تقیم) هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت بۆئەوەی بزانرێت ئاخۆ ئەو پرۆژەیە تاچەند ئامانجی خۆی پێکاوە.

وتیشی: «دەبێت دەستەی وەبەرهێنان وەڵامگۆی ئەوەبن کە ئاخۆ تائێستا (تقیم) هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکانی بواری وەبەرهێنان کراوە یان نا، بەڵام ژووری بازرگانی جگە لە تۆماری پرۆژەکان تەنیا مۆڵەت بەو پرۆژە بچووکو مامناوەندانە دەدات کە بڕی تێچوونیان لە (٧٠) ملیۆن دیناردایە بەمەرجێک دەبێت پرۆژەکانیش پێشتر ڕەزامەندیی شارەوانییان وەرگرتبێت».





## ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەران:

# دروستنەکردنی دەستەی نەزاهە لەکوردستان گومانی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم دروستکردووە

سازدانی: سەنگەر جەمال

**ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بە کاری دەستەی نەزاهەو لێپێچینەوەکانی دەکاتو بە پێویستیشی دەزانێت لە کوردستان دەستەیەکی نەزاهە دابمەزرێت کە لە گەندەڵییەکانی ناو فەرمانگە حکومییەکان بکۆڵێتەوە.**

**رۆژنامە: کارو ئەرکی دەستەی نەزاهە چییەو چۆن ئیش دەکەن؟**

* ئەو دەستەیە لە دەرەوەی پەرلەمانە، دەستەیەکی سەربەخۆیەو سەر بە هیچ وەزارەتو لایەنێک نییەو کارەکانی بە یاسا رێکخراوە، دەستەکە کۆمەڵێک بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تێدایە کە یەکێکیان بەڕێوەبەرێتیی بەدواداچوونە کە بۆیان هەیە بەدواداچوونو لێپێچینەوە بکەن هەر کەسێک بێت وەزیر بێت یا بەرپرس بێت ئەوان دەتوانن بانگیان بکەنو بەدواداچوونی بۆبکەن، دوای ئەوەی کە مەلەفەکەیان تەواو دەبێتو دادوەری لێکۆڵینەوە لە دەستەی نەزاهە بڕوادەکات بەوەی ئەو کەسە دۆکیۆمێنتو بەڵگەکان زۆرن یان هی ئەوەن ئیدانەبکرێت، ئەوکاتە رەوانەی دەکات بۆ قەزا، دواتر ئەوان لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەنەوەو دواتر دادوەر بڕیار دەدات بە تۆمەتبارکردن یان ئازادکردنی ئەو کەسە، هەروەها چەند بەڕێوەبەرێتییەکی دیکەش هەیە وەک ویقایەو شەفافیە، هەروەها بەڕێوەبەرێتی دیکەشیان هەیە کە کاری خۆیان دەکەن.

**رۆژنامە: جیاوازی ئەرکو کاری چاودێریی دارایی گشتییو دەستەی نەزاهە لە چیدایە؟**

* دیوانی چاودێریی دارایی گشتیی یەکێکە لە دامەزراوە کۆنەکانی عێراق، کە لە ساڵانی (٣٠)یەکانەوە دروستبووە، ئیشوکارەکانیان زیاتر چاودێرییو وردبینیکردنی حساباتو ئەو سەڵاحیاتیانەیە کە دراوە بە بەرپرسان لە وەزارەتەکانداو لێکۆڵینەوە لەوانە دەکەن، دواتر راپۆرتی خۆیان دەنێرن بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو ئەنجومەنی وەزیرانو دەستەو لیژنەی نەزاهە، بۆئەوەی بە هەموولایەک بڵێن کە ئەو کێشانە لەو شوێنانە هەیەو دەبێت چارەسەر بکرێن، سەڵاحەتیان هەیە ئەو زانیاریانە لەسەر گەندەڵییە داراییەکان ئاشکرابکەنو دواتر داواکاری گشتیی دەتوانێت بەدوایدا بچێتو داوای یاسایی لەسەر تۆمار بکات، کەواتە سەڵاحیەتی چاودێریی دارایی لەوە تێپەڕ ناکات، بەڵام دەستەی نەزاهە مافی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی هەیە، ئەگەر راپۆرتی چاودێریی دارایی بخوێنێتەوەو بزانێت هەڵەیەکی بەمەبەستی تێدایە یان جێی گومانە دەتوانێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات، کەواتە هەریەکەیان ئیشێکی تایبەت بەخۆی دەکات.

**رۆژنامە: وەک ئاماژەت پێکرد لە کۆنەوە لە بەغدا چاودێریی دارایی هەیەو ئێستا دەستەی نەزاهە هەیەو کارەکانیشیان جیاوازە، بەڵام بەرپرسانی هەرێم زۆرجار ئاماژە بە بوونی چاودێریی دارایی دەکەنو پێیانوایە جێی دەستەی نەزاهە دەگرێتەوە، لەکاتێکدا تائێستا دوو دیوانی چاودێریمان هەیەو هێندەش کاریگەر نین، ئایا دەستەیەکی نەزاهە بۆ کوردستان پێویست نییە؟**

* نەک هەر دەستەی نەزاهە بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە، دەبێت روونتر قسە بکەین، کە ئەوەیە هەم پارتیو هەم یەکێتی دیوانی چاودێریی دارایی گشتییان هەیە لە هەرێم، ئەوەش بۆخۆی خەلەلێکی گەورەیە، باشتر وایە ئەوانە سەربەخۆبنو بە یاسا کارەکانیان رێکبخرێت، چونکە لە چاودێریی دارایی گشتیی عێراقیش سەربەخۆیەو سەر بەهیچ وەزارەتو دامەزراوەیەک نییە.

لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەگەر دیوانی چاودێریی دارایی ئیشێکی زۆر باشیش بکەنو هەموو کەموکورتییەکان بدۆزنەوە، بەڵام ئەنجام ئەو راپۆرتانە بۆ کێ دەنێردرێتو کێ پێی دەزانێتو کێ لەسەری محاسەبە دەکرێت، لە عێراقدا ئەوە دەکەوێتە بەر دەستی ئێمەو خەڵکانی دیکەو هەندێکجار دەدرێتە راگەیاندنەکانیش بۆئەوەی رای گشتیی دروستبێت لەسەر گەندەڵیی، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا راپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی گشتیی نهێنییەو کەم کەس دەیبینێت، کە لە پەنجەکانی دەست زیاتر نەبن، جگە لەوە ئەو راپۆرتانە ناخرێتە بەردەمی خەڵکو میدیاکان تا فشارێک دروستبێت لەسەر دەسەڵات یان ئەو کەسەی گەندەڵیی دەکات کە مەرج نییە بۆلایەنێکی بکاتو رەنگە خۆی گەندەڵ بێت، بۆیە بە بڵاونەبوونەوەو سزانەدانی ئەو گەندەڵانە سوودی ئەو راپۆرتە چییە؟ ئەوەش وەکوئەوە وایە هیچی نەکردبێت.

بەداخەوە ئەو بڕیارەی دراوە لەبارەی بڵاونەکردنەوەو نهێنی راپۆرتەکانەوە، کە تەنیا چەند کەسێک بیبینێتو بڵاونەکرێتەوە بۆ رای گشتییو میدیاکان بۆئەوەی قسەی لەسەر بکەنو ببێتە فشارێک بۆسەر دەسەڵات، ئەوەش وایکردووە ئیشوکارو ئەرکو

> **گرنگی هاتنەکایەی پەرلەمانێکی بەهێز کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی تێدابێت کلیلی چاککردنی ئەم بارودۆخەیە لە هەرێم**

ماندوبوونی ئەو دامەزراوەیە ونبێت لەناو ئەو هەموو قسەو باسانەی لەسەر گەندەڵیی دەکرێت لە هەرێمی کوردستان.

لەبەرئەوە بوونی ئەو دەزگایانە چ چاودێریی دارایی یان دەستەی نەزاهە، ئەگەر بەپێی یاسایەکی بەهێز رێکنەخرێت کە دەسەڵاتێکی زۆر بداتە ئەو دەستەیەو هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دەچنە دەستەکە لەلایەن پەرلەمانەوە بە مەرجی زۆرباش دیاری نەکرێن، ئەوا ناتوانێت کارابێتو لە گەندەڵیی بپێچێتەوە، ئەگینا حیزبەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن بیکەن بە دەستەیەک بۆ پاکانەکردن لە گەندەڵەکان، نەک دەستەی نەزاهە.

**رۆژنامە: باسی نهێنی ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێریی هەرێمت کرد ئەوە تاچەند یاساییە، بۆ راپۆرتەکانی بەغدا رادەگەیەنرێن، بەڵام ئەوانەی ئێرە تەنیا چەند کەسێکی دیاریکراو بیبینێت؟**

* نازانم بۆ لە هەرێم چاودێریی دارایی گشتیی دەستەیەکی سەربەخۆ نییە، هەرچەندە لە کۆنەوە رەنگە وا هاتبێت، بەڵام ئێستا کە ئەوەندە باس لە گەندەڵیی دەکرێت پێویستە زۆر گرنگی بەو دەزگایە بدرێت مادام قسە لەسەر گەندەڵییو زۆربوونی گەندەڵیی دەکرێت لە کوردستان، هەقە بەرپرسانی یەکەمی هەرێم دیوانی چاودێریی دارایی بکەنە دەزگایەک کە خەڵک بتوانێت هاتوچۆی بکات یا زانیاریی بداتە میدیاکان کە ئەو شەفافیەتە لە هەرێمی کوردستان نییە، بەتایبەتی لە بواری راگەیاندنی راستییەکانی وەک گەندەڵیی ئەوە کێشە سەرەکییەکەیە.

**رۆژنامە: کەواتە ئەو بیانوانەی بەرپرسان شیاو نین کە باس لەوە دەکەن چاودێریی دارایی دەتوانێت جێی دەستەی نەزاهە بگرێتەوە؟**

* پێموایە ئەگەر بوار بدەن دیوانی چاودێریی دارایی گشتیی ئیشوکارەکانی وەک دەزگایەکی سەربەخۆ بکات دەستێوەردانو ئەمری بەسەردا نەکرێت لەلایەن حیزبو لایەنەکانەوە، ئەوکاتە دەستکراوە دەبێت بۆئەوەی ببێتە دەزگایەک کە حسابی بۆبکرێت، بەڵام ئەگەر وەکو ئێستا بێت، ئیشی باشیش بکاتو گەندەڵییەکان دەستنیشان بکات، بەڵام ئیشی لەسەر نەکرێتو داواکاری گشتیی بەدوایدا نەچێت، کەواتە کەس لەسەر گەندەڵیی سزا نادرێت، من نەمبیستووە کە یەکێک لەسەر ئەوە سزابدرێت کە گەندەڵیی کردووەو مەعقولیش نییە کەس گەندەڵیی نەکردبێتو سامانی وڵاتی بە فیڕۆ نەدابێت، بۆیە ئەو مەسەلەیە زۆر هەستیارە لە هەرێمی کوردستانو دەبێت دەسەڵات بە جدیی بیر لەوە بکاتەوە کە لە عێراقو بەغدا ئەو هەموو لایەنە چاودێرە سەربەخۆیانە هەیە، بەڵام لە هەرێمدا نییە، ئەوەش کێشەکەیە کە گومانی لای خەڵک دروستکردووەو وانیشانی دەدات کە دەسەڵات نایەوێت دەستەی نەزاهە لە هەرێمیش دروستبێت.

**رۆژنامە: هەندێک لە بەرپرسانی هەرێم کە پرسیاری دانەمەزراندنی دەستەیەکی نەزاهەیان لێدەکرێت ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستەی نەزاهە لە بەغدا شتێکی شکڵیەو توانای لێپێچینەوەی نییە، تا چەند وایە؟**

* بەپێچەوانەوە دەستەی نەزاهەی عێراق توانیویەتی هەزاران کەس بداتە

> **پارتیو یەکێتی هەریەکە دیوانی چاودێریی داراییان هەیە، ئەوەش بۆخۆی خەلەلێکی گەورەیە**

دادگا، جگە لەوە هاوکارییان لەگەڵ لیژنەی نەزاهە هەیە کە لەو رێیەوە ئێمە توانیومانە وەزیر بانگبکەینە ئەنجومەنی نوێنەرانو متمانەی لێبسەنینەوە یان لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەین، لەگەڵ سەرۆکی دەستەی پێشووی نەزاهە لێپرسینەوەمان کردووەو متمانەمان لێسەندووەتەوە، هەروەها ئێستا کۆمەڵێک وەزیری دیکەش بەڕێوەن کە بانگبکرێنە پەرلەمانو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئایا لە کوردستان ئەوە کراوە، پرسیارەکە لێرەدایە کەواتە ناتوانن بەوەی ئەوان بڵێن ناکاریگەرنو ئیشەکانی خۆیان ناکەن، لەوە تێناگەم کە چۆن بیانوو بۆ ئەوە دەهێننەوە.

**رۆژنامە: بە رای ئێوە حکومەتی هەرێم تا چەند قبووڵی دەرئەنجامەکانی کارەکانی دەستەی نەزاهە دەکات، وەک ئەوەی لێپرسینەوە لە وەزیرەکانو بەتایبەت وەزیری بازرگانی عێراق، ئەوە ترسەکە نییە لە دروستکردنی دەستەی نەزاهە؟**

* پێموایە دەستەی نەزاهە پەیوەندیی بەچەند شتێکی دیکەوە هەیە وەک دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێک لە ناو پەرلەمانی عێراق، پێش هەموو شتێک ئێمە پەرلەمانێکی بەهێزمان دەوێت لە هەرێمی کوردستان، تا ئەوە دروست نەبێت کاری هەموو وەزارەتو دەزگاکانی دەوڵەت دەتوانیت گومانی بخەیتە سەر.

لەبەرئەوەی گرنگی هاتنەکایەی پەرلەمانێکی بەهێز کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی تێدابێت کلیلی چاککردنی ئەم بارودۆخەیە لە هەرێم، تا ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر نەبێت دەزگاکانی دیکە سەر بە حیزبو لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵات دەبن، کە ئەوە بۆخۆی جۆرێکە لە گەندەڵییو سەرەتای دروستبوونی گەندەڵییە لە کوردستان، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵەکان بۆپەرلەمانێکی کاراو بەهێزبێت کە لەرێیەوە دەتوانیت یاسایەکی باش دابڕێژێت بۆ دەستەی نەزاهە، کە بەپێی ئاستو خواستی بەرژەوەندیی خەڵک بێت.

**رۆژنامە: باست لە گرنگیی هاتنەکایەی ئۆپۆزسیۆن کرد لە پەرلەماندا بۆ رێگری لە گەندەڵیی، پێتوایە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمانی نوێی کوردستان ئەوەیە دەستەی نەزاهە دابمەزرێت یان لیژنەی نەزاهە لەناو خۆیاندا دابنێن؟**

* نابێت هەموو هیوایەک لەسەر ئەم پەرلەمانە دابنێین، کە ئەم پەرلەمانە لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە دەتوانێت هەموو شتێک بگۆڕێت، ئەوە بەو موتڵەقیە راست نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەمە سەرەتایەو ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە پەرلەمان هاتووەتە کایەوە سەرەتایەکی باشە بۆئەوەی وردە وردە کارەکان بە رێکوپێکو یاسایی بکرێن، داخوازییەکانمان باڵاتر بکەینو راگەیاندنەکان بکەینە ئامرازێکی فشار بۆ سەر دەسەڵات بۆ چاککردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، چونکە هێشتا زۆرینە بەلای دەسەڵاتدایەو ئۆپۆزسیۆن کەمینەیە.

ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت داوای ئەوە بکات کە دەستەی نەزاهە دابمەزرێت، بەڵام ئەگەر داشبمەزرێت دەبێت دەستەیەک بێت دەستکراوەو بێلایەن بێتو بتوانێت لە هەموو بەرپرسە باڵاکان بکۆڵێتەوەو دەستەیەک بێت داوابکات بەرپرسانو پەرلەمانتاران سامانی خۆیان ئاشکرابکەن، ئایا دەستەیەکە لە رووی یاساییەوە ئەو هێزەی دەدەیتێ کە بتوانێت کارەکانی خۆی بکات یان دەیکەیت بە دەستەیەک وەکو پاشکۆی دەسەڵاتی لێدێت، ئەوە ئەرکی پەرلەمانو ئەو یاسایەیە ئەگەربێتو دەربچێت بۆ دامەزراندنی ئەو دەستەیە بەشێوەیەک بێت کە فیعلەن ئەو دەستەیە بکاتە دەستەیەکی کاریگەرو بێلایەنو سەربەخۆ.

### دەستەی نەزاهەی عێراق

لە سەردەمی حوکمڕانیی بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق ٢٠٠٢-٢٠٠٤ بە بڕیاری (٥٥) هاتە کایەوە، ئەوەش وەک پێویستیەک لەوکاتەدا کە لەگەڵ بوونی باری نائارامیی عێراق «هەموو دامەزراوەکانی حکومەت کەوتنە بەر شاڵاوی گەندەڵیی»، مەبەستی دەستەکەش بۆ چاودێریکردنو دژایەتی گەندەڵییە.

دەستەی نەزاهە چەندین سەرچاوەی زانیاری هەیە کە زانیاری بۆ دەنێرن لەبارەی ئەو گەندەڵییە ئیدارییو داراییانەی لە فەرمانگەو وەزارەتە حکومیەکاندا دەکرێت، سەرچاوەکانیش لیژنەی نەزاهە، دیوانی چاودێری دارایی گشتی عیراق، موفەتیشە گشتییەکانی وەزارەتەکان کە وەک چاوی دەستەکەن لەو شوێنانە، هەروەها هەواڵدەری نهێنیو هێڵی گەرمی تەلەفۆناتو ئەو بابەتو نووسینانەی رۆژنامەو میدیاکان لەسەر گەندەڵییو خراپ بەکارهێنانی بودجەو هێنانی مادەی خراپ بڵاویدەکەنەوە.

# سوریاو عێراق شەڕی ناوەندگیریی دەنێنەوە

# پێچەوانەی پێشبینییەکان روویدا

هیوا جەمال

## دیالۆگی ئەمریکا

لەو کاتەوە کە باراک ئۆباما، وەک سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردراوە، گۆڕانکارییەکی کەم لە بەرامبەر سوریادا لەلایەن کۆشکی سپییەوە روویداوە، کە وایکردووە جۆرێک لە کرانەوەو گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی سوریا لێبکەوێتەوە، بەتایبەت تەرکیز خراوەتەسەر «بەرژەوەندیی هاوبەش»، لەنێوان واشنتۆن‌و دیمەشقدا.

ئـەم سیاسەتەی ئۆباما پێچەوانەی سیاسەتی جۆرج دەبلیو بوشە کە ئیعتمادی کردبووەسەر سزاو پەراوێزخستنی ئەو وڵاتە.

زیادبوونی سەردانی بەرپرسانی ئەمریکا بۆ دیمەشق لەسەروو هەموویانەوە جۆرج میچێل نوێنەری تایبەتی کۆشکی سپی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا دوو سەردانی دیمەشقی کرد. هەروەها جێفری فیلتمان یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ خۆرهەڵاتی خواروو کە وتی، بۆ ئەوە چووە تا هەڵێک بدۆزێتەوە بۆ هاریکاریی دیمەشق‌و واشنتۆن لە دۆسیە هاوبەشەکانیاندا.

لە ئەرکە پێشینەکانی ئیدارەیی نوێی ئەمریکا، بڵاوکردنەوەی ئاشتییە لە جیهاندا، بەڵام ئایا تەنیا ئەو زمانە ماوەتەوە کە ئەمریکا لەگەڵ سوریا گفتوگۆی پێبکات؟

ئەم کرانەوەیەی ئۆباما لە دەرککردنییەوە بوو بە رۆڵی سوریا لە دۆزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی کارتەکانی لە عێراق‌و لوبنان‌و مەیدانی فەلەستینی‌و پەیوەندییەکانی بە حەماس‌و حیزب‌و وڵاتی ئێرانەوە.

ئیان کیلی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: «ئێمە وەک بنەمایەکی گشتیی، لەو بڕوایەداین کە هەموو کێشەیەک پێویستی بە گفتوگۆو چارەسەری ئاشتییانە هەیە، ئەو کێشەو نیگەرانییەی نێوان سوریاو عێراق کێشەی نێوخۆیی ئەو دوو وڵاتەیەو پێویستە هەردوولا بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن».

## ئاسایشی هەموولا

مەسەلەی رێکخستنی ئاسایشی نێوان هەردوو وڵات (عێراق‌و سوریا) لە ئەجێندای گفتوگۆکانی نێوان واشنتۆن‌و دیمەش بووە، بەتایبەت پاراستنی ئاسایشی سنووری نێوان عێراق‌و سوریا کە واشنتۆن‌و ئێستا بەرپرسانی عێراق لەوبڕوایەدان کەلێنی هاتنەناوەوەی ئاژاوەگێڕانە بۆ عێراق.

لە راپۆرتەکەی بیکەرو هاملتۆنیشدا باس لە هاوکاری دراوسێکان بەتایبەت سوریاو ئێران کرابوو بۆ پاراستنی ئاسایشی عێراق، ئەوە یەکێک بوو لە ئامۆژگارییەکان کە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا وەرینەگرت، بەپێچەوانەی ئیدارەی ئێستاوە کە دەیەوێت لە رووی ئەمنییەوە لە عێراق بکشێتەوە.

## شۆکی سوریا

جونبولات‌شکای، سەرکردەیەکی‌سیاسیی لە سوریا رایگەیاند: «وڵاتەکەی تووشی شۆک بوو کاتێک عێراق تۆمەتباریکردووە بە تەقینەوەکانی ئەم دواییە، گوایا لەلایەن سوریاوە پشتگیریی کراوە».

جونبولات وتیشی: «سوریا ژمارەیەکی زۆر عەرەبی تێدایە کە لە وڵاتەکانی دیکەوە هاتوون، ناکرێت هەموو ئەوانەی گومانی تیرۆریستیان پێببەین، بۆیە سوریا بەپێی یاساکانی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات».

بەشار ئەلئەسەد، سەرۆکی سوریا رایگەیاند: «تۆمەتەکانی کە دراونەتە پاڵ سوریا لەلایەن عێراقەوە «نا ئەخلاقییە»و تۆمەتبارکردنی سوریا بە کوشتنی عێراقییەکان، لەکاتێکدا کە زیاتر لە (٢٢٠٠٠٠٠) عێراقی لە وڵاتــەدا دەژیــن، تۆمەتێکی نائەخلاقییە، هەروەها تۆمەتبارکردنی سوریا بە پشتگیریی تیرۆر کە ماوەی دەیەیەکە ئەو تۆمەتە بەردەوامە، تۆمەتێکی سیاسییەو وڵاتـانی دەوروبـەر پشتگیریی تیرۆر دەکەن».

بەڵام نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق راگەیاند: «(٩٠٪)ی ئەو تیرۆریستانەی کە بە رەگەز عەرەبن لە خاکی سوریاوە دێنە عێراقەوە».

ئـەوە جگە لـەوەی هۆشیار زێباری راستەوخۆ سوریای تۆمەتبارکردو داوای پێکهێنانی دادگای نێودەوڵەتی کرد.

## شەڕی ناوەندگیریشی تێدایە

هەفتەی رابـردوو ئەحمەد داودئۆغڵۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، گەیشتە بەغداو لەگەڵ هاوتا عێراقییەکەی کـۆبـووەوە، داودئۆغلۆ بەڵێنیدا کە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی تورکیا لەنێوان هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق‌و وەلید موعەلیم، هاوتا سورییەکەی رێکبخات، هەر هەفتەی رابـردوو داودئۆغلۆ گەیشتە سوریاو لە کۆتایی هەفتەشدا کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیی لەنێوان سوریا، تورکیا، عێراق ئەنجامدرا، بەڵام لەسەر مەسەلەی ئاوی دیجلەو فورات.

هــەر هەفتەی رابـــردوو مەنوچەهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی عەبدولعەزیز ئەلحەکیمەوە سەردانی عێراقی کردو لەگەڵ بەرپرسان بەتایبەت هۆشیار زێباری هاوتا عێراقییەکەی کۆبووەوەو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا نیگەرانی وڵاتەکەی لەبەرامبەر تەقینەوەکان راگەیاند، دوای بەجێهێشتنی عێراقیش سەردانی سوریای کردو لەگەڵ بەرپرسانی دیمەشق کۆبووەوە.

تورکیا کە دەیەوێت رۆڵی میانگێڕیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و وڵاتانی ئیسلامیدا بگێڕێت، لەم مەسەلەیەدا ئێرانیش وەک ئەوەی کە خۆی بکوژەکەبێت‌و خۆشی پرسە گێڕەکەبێت، دەیەوێت رۆڵێکی هەبێت لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی نێوان بەغداو دیمەشقدا.

## وڵاتی ئۆپۆزسیۆنەکان

بە درێژایی بەشێک لە سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی کوردو دواتر گەشەکردن‌و ئیشکردنیان سوریا مەنزڵگەی ئۆپۆزسیۆن یان شۆڕشەکانی کورد بووە.


هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق‌و سوریا

هەر لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی کوردستانی عێراق‌و دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانییەوە بیگرە تا بوونی بە ئارامگەی عەبدوڵلا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (تورکیا).

ســەرەڕای ئەمانە ئــەوەی لە هەموو بەرپرسە عێراقییەکان توندترە بەرامبەر بە دیمەشق، هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراقە کە لەسەر حیسابی کورد چووەتە ئەو شوێنە، بەڵام ئەوەندەی وەک عێراقچییەکی عەرەبی تۆمەتەکان دەبەشێتەوە، هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە سەردەمانێک کورد مەنزڵگەیان ئەو وڵاتە بووە، وەزیری دەرەوە کاری ئەوە نییە تۆمەتی ئەمنیی ببەشێتەوە، بەڵکو کاری ئەوەیە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی وڵاتەکەی گەشەپێبدات، ئــەوە ئیشی وەزیــری ناوخۆ، بەرگریی، ئاسایشی نەتەوەیی یان هەر وەزیرێکی دیکە کە پەیوەندیی بە کاروباری ئەمنیی ناوخۆیی وڵاتــەوە هەبێت، نــەک وەزیــری دەرەوە کە پێویستە سەرگەرمی چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی بێت لەگەڵ وڵاتان.

## قەزای دیزە لە گۆزە

چاودێرانی سیاسیی لەوبڕوایەدان ئەوەی کە نوری مالیکی سوریای پێتۆمەتباردەکات بۆ خۆدزینەوەیە لەو فشارەی کە لەلایەن گروپە شیعەکانی عێراق لەلایەک‌و ئێران لەلایەکی دیکەوە لەسەریەتی، لەبەرئەوەی راستە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی عێراقیی لە سوریا نیشتەجێن کە تیرۆریستە بەعسییەکان‌و توندڕەوە ئیسلامییەکانیشیان تێدایەو خاکی سوریاش دەتوانرێت بکرێت بەڕێرەوێک بۆ هاتوچۆی هەمووان بۆ عێراق، بەڵام هەموو مەسەلەکە ئەوە نییە.

ئەمە لەکاتێکدایە وەک رۆژنـامـەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی بڵاویکردەوە مالیکی عێراقییەکانی لە سەرکەوتن بەسەر تیرۆریزمدا دڵنیاکردبووە. هۆشیار زێباری، وەزیــری دەرەوەی عـێـراق، رەخنەی لە بڕیاری مالیکی گرت بە لابردنی بەربەستە کۆنکرێتییەکان لە بەغدا، ئەمەش بووەتە هۆی تەقینەوەکان، زێباری لە لێدوانێکیدا لەسەر تەلەفزیۆن وتی: «عێراقییەکان دڵنیادەکەمەوە کە هێشتا لە شەڕداین».

زێباری هێزەکانی ئاسایشی تۆمەتبارکرد بە بەشداریکردن لە تەقینەوەکانداو دەڵێت: «زانیاریمان هەیە کە هێزەکانی ئاسایش هاوکاری خۆتەقێنەرەوەکانیان کردووە» مالیکی لەدوای تەقینەوەکانی چوارشەممەی خوێناویی (٨/١٩) پەیمانی پاککردنەوەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشی داو لایەنگرانی ئەلقاعیدەو بەعسی پێشووی تۆمەتبارکردو چەند وڵاتێکی دەرەکیشی بە دەستێوەردان تۆمەتبارکرد.

پێشتر حیزبی دەعـوەی نوری مالیکی لەگەڵ گروپە شیعەکانی دیکە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوویان پێکهێنابوو، دەرکەوت نوری مالیکی هێزێکی جەماوەریی باشی هەیە، بەتایبەت کە بە لیستی دەوڵەتی یاسا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەشدارییکردو ژمارەیەک پارێزگای بردەوە، ئێستا بەشداریی ناکات لەم ئیئتیلافە نوێیەی شیعەکان.

لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی لەنێوان (١١) حیزب‌و ژمارەیەک کەسایەتی پێکهات، بەبێ بەشدارییکردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کەسە نزیکەکانی مالیکیش ئاماژە بەوەدەکەن، پەیامێک لە ئەمریکاوە ئاڕاستەی مالیکی کراوە، کە ئەگەر بەشداریی لیستی ئیئتیلاف نەکات، پشتگیریی دەکەن بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

بە نەبوونی حیزبی دەعــوەی نوری مالیکی ئەو لیستە ناتوانێت ببێتە زۆرینە لە حکومەتی داهاتوودا، لەبەرئەوەیە چاودێران لەوبڕوایەدان، ئەوەی لە پشت گرژییەکان‌و تەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراقەوەیە، ئەوەندەی گروپە شیعەکانن بە پاڵپشتی ئێران بۆ گەڕانەوەی نوری مالیکی بۆ ئیئتیلافەکە، ئەوەندە پەیوەندیی بە قاعیدەو بەعسییەکان‌و سوریاوە نییە.

## پێویستی عێراق بە سوریا

سوریا بۆ عێراق جگە لەوەی وڵاتێکی دراوسـێـی عەرەبی ئیسلامییە، ٧٠٠ کم سنووریان بەیەکەوەیە رێرەوێکی گرنگیشە بۆ عێراقییەکان‌و مەنزڵگەیەکی فراوانی هاوڵاتییانی هەڵاتوو کۆچکەری عێراقیشە کە زیاتر لە (٢٢٠٠٠٠٠) هاوڵاتیی عێراقی لەو وڵاتەدا نیشتەجێن.

جگە لەوەی کە ئاوی رووباری فورات لە خاکی سوریاوە دەڕژێتە عێراقەوەو وڵاتی نێوان دووڕووبـارەکـە پێویستی بەوەیە هەمیشە بەشی ئەوە لەگەڵ تورکیاو سوریا بێڵێتەوە، کە سەرچاوەی ژیانی هاوڵاتییانی وشک نەکەن، چونکە لەدەستیان دێت بۆ مەرامی سیاسیی بەکاری بێنن.

## باسی نوێ

بەغدا باسێکی نوێی هێنایە کایەی سیاسیی عێراقییەوە، کە دادگای نێودەوڵەتییە، هەریەک لە نوری مالیکی‌و هۆشیار زێباری داوای دادگای نێودەوڵەتییانکرد بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ لایەنی بەرامبەری تۆمەتبار لە چوارشەممەی خوێناوییدا.

سـەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، هەڵوێستی عێراق ئەوەیە کە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوان پێکبهێنێت بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی دەیانەوێت ئاسایش‌و ئارامیی عێراق تێکبدەن.

لەدوای ئەوەش وتی، داوا لە سوریا دەکەین داواکراوەکانی ئەو تاوانە کە سەرەکییەکانیان محەمەد یونس ئەحمەدو ستام فەرحانن تەسلیم بە پۆلیستی ئینەتەرپول بکات‌و تیرۆریستەکان‌و بەعسییەکان‌و تەکفیرییەکان لە وڵاتەکەی دەربکات، چونکە ئەو وڵاتەیان کــردووە بە مەنزڵگای خۆیان‌و لەوێوە ئاسایشی عێراق تێکدەدەن.

داوای پێکهێنانی دادگــای نێودەوڵەتی لەکاتێکدایە، کە دادگــای نێودەوڵەتی بۆ تیرۆرکردنی رەفیق حەریریی سەرۆک وەزیــری پێشووتری لوبنان پێکهاتووەو سوریاشی تێدا تۆمەتبارە.

## تەپکەی بەرپرسان

دەرکــەوت بەرپرسە عێراقییەکان یان خۆیان لە دەرئەنجامی رووداوەکانی ناو عێراق گێلدەکەن، یان ناتوانن پێشبینی رووداوەکانی وڵاتەکەیان بکەن، مەگەر وەک گرتنی ریشۆڵە لە زستاندا تەپکە بنێنەوە.

رووداوە ســەرســوڕهـێـنـەرەکـانـی ئەمدواییەی ناوخۆیی عێراق‌و هەڵکشانی ئاستی توندوتیژیی، تا چەند واقیعیە بۆ باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا کە پلانی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی جێبەجێبکات؟ کە دەبـێـت لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا هێزەکانی بە تەواویی لە عێراق کشابنەوە، بەڵام ئایا عێراقییەکان ئامادەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان‌و پاراستنی ئاسایشن؟

یان قەدەری نوری مالکییە بەو شێوەیە تەمەنی سەرۆکایەتی وەزیرانی تەواودەبێت کە لە سەرەتادا دەستیپێکرد؟

## داواکراوەکان

**حکومەتی عێراق داوای لە هاوتا سورییەکەی کردووە کە (١٠٠) داواکراوی رادەست بکاتەوە، کە «لە کاری تاوانی جەنگ‌و تیرۆریستی تێوەگلاون» و پاڵپشتی توندوتیژییان لە عێراقدا کردووە، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا.**

**عەباس بەیاتی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش‌و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەران، رایگەیاند: ژمارەی ئەوانەی داواکراون (١٠٠) کە پێویستە سوریا رادەستی عێراقییان بکاتەوە.**

**گرژی نوێی نێوان عێراق‌و سوریا لەدوای رۆژی چوارشەممەی خوێناویی (١٩)ی ئابی رابردووەوە بوو، کە زیاتر لە (١٢) تەقینەوە لە چەند شارێکی عێراقدا روویدا.**

**لە تەقینەوەی (١٩)ی ئابی رابردوودا زیاتر لە (٧٥) کەس کوژران‌و زیاتر لە (٦٠٠) کەسیش برینداربوون.**

## حیزبی بەعس

**حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ یەکەمجار لە نیسانی (١٩٤٧) لەسەر دەستی میشێل ئەفلەق لە سوریا دروستبووە، لە ماوەیەکی کەمدا لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبیدا دەنگیدایەوەو کە دوو جۆر سەرکردەی هەبوو، سەرکردەی قەومیی کە رێکخستنەکانی لە چوارچێوەی عەرەبدا بەگشتیی ئەنجامدەدا، سەرکردەی قوتری کە رێکخستنی بەعسی لە سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکاندا ئەنجامدەدا. بەعس لە (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)ی کودەتایەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف بەسەر حوکمی مەلەکی مەلیک فەیسەڵی دووەمدا کردو هاتەسەر حوکم‌و حوکمی کۆماری دامەزراند.**

# نیۆرک تایمز: ئەگەر واسیتەت نەبێت دوو حیزبەکە هیچت بۆ ناکەن

شالاو فەتاح

## نیۆرک تایمز: شتەکان باشتر دەبـوو، ئـەگـەر دادپـەروەریـی هەبوایە

لە راپۆرتێکی رۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکیدا لەسەر کەمیی خزمەتگوزاریی حکومەتی هەرێم بەتایبەت بۆ شارۆچکەکان دەنووسرێت، خەڵکی شارۆچکەکان بێزارن لە دەسەڵاتداران‌و کەمی خزمەتگوزاریی. راپۆرتەکە بەمجۆرە دەستپێدەکات، هەر لە یەکەم نیگاوە فەرامۆشکردن دەبینیت، مەسبەحو یاریگای باسکە دەبینیت، بەڵام مەسبەحەکە بێئاوەو یاریگای باسکەکەش تالانکراوە، ئەمە بارودۆخی شارۆچکەیەکە لە کوردستانی عێراق (هەڵەبجەی تازە). ئەم شوێنانە بەشێکبوون لە پرۆژەیەکی جوانکاریی کە لە ساڵی (٢٠٠٥)داو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ شارۆچکەکە دروستـکـراون، بـەڵام هـەر ئـەوەنـدە دەنگەکان دران، ئیتر پشتگوێخراون، دیـارە لـە هـەڵـبـژاردنـی ئەمساڵیشدا ئەمە روویـدایـەوەو دەسـەڵاتـداران ویستیان دەنـگـی خـەڵـک راکێشن زۆرێـک لە هاوڵاتییانی شارۆچکەکان لە دەسەڵاتداران تـورەن، ئەوان دەڵێن حیزبەکان خزمەتگوزاریی کەم پێشکەش دەکەن‌و تەنیا یارمەتی ئەوانەش دەدەن کە لایەنگری خۆیانن‌و واسیتەیان هەیە، دواتر نیۆرک تایمز لەسەر زاری هاوڵاتییەکی کوردی دانیشتووی هەڵەبجەی تازەوە دەنووسێت، «شتەکان باشتردەبوون ئەگەر دادپـەروەریـی هەبوایە». هەر لەبارەی کێشەی واسیتەو لەسەر زاری هاوڵاتییەکی دیکەوە دەنـووسـێـت، «بەگشتیی دوو حیزبەکە شتێکی ئەوتۆت بۆ ناکەن، بەڵام ئەگەر واسیتەت هەبێت جیاوازە». دواتر لە راپۆرتەکەدا باس لەوە دەکرێت کە دانیشتووانی هەڵەبجەی تازە بەهۆی کەمیی خزمەتگوزارییەوە خوازیاری گەڕانەوەن بۆ گوندە ئەسڵییەکانی خۆیان بە نموونە دانیشتووانی هەڵەبجەی تازە کە زۆرێکیان لە گوندی تەوێڵەوە هاتوون، خوازیاری گـەڕانـەوەن بۆ تەوێڵە، چونکە لەوێ دەتوانن خۆیان بژیەنن بە چەند پیشەیەکی ناوخۆییەوەو گوندەکانیشان سروشتی زۆر جوانترە، وەک هاوڵاتییەک وەسفی دەکات، «دێیەکەی خۆمان بەهەشتە».

## ئەی.ئێف.پی: لەدژی هێزەکانی ئەمریکاو پێشمەرگە

کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان جێی سەرنجی میدیای جیهانییەو زۆرێک لە ئێستادا بە گەورەترین کێشەی عێراقی دەزانن، هەربۆیە ئەمریکا (بەپێچەوانەی رێککەوتننامەی ئەمنیی) بڕیاری مانەوەی هێزەکانی خۆی بە هاوکاری عێراق- پێشمەرگە لـەو نـاوچـانـەدا، ئەمەش کاردانەوەی لای هەندێک لە نەتەوەکانی عێراق دروستکرد. رۆژی شەممە (٩/٥) بەسەدان عەرەبی شاری کەرکوکو لە حەویجە خۆپیشاندانێک دژی پێکهێنانی هێزی هاوبەشی پێشمەرگە- ئەمریکا کرد لە ناوچە جێناکۆکەکان کرد، خۆپیشاندەران گوتاری «نا بۆ پـرۆژەی دابەشکردنی عێراق، بەڵێ بەڵێ بۆ کەرکوکی عێراقی» دەوتەوە. لە مانگی هەشتی ئەمساڵدا رای ئۆدێرنۆی فەرماندەی هێزە فرەڕەگەزەکان لە عێراق رایگەیاند: کە هەریەکە لە نـوری مالیکی سـەرۆک وەزیـرانـی عـێـراق‌و مەسعود بـارزانـی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوایان لێکردووە کە چاو بە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکاندا بخشێنێتەوە، پاش گفتوگۆ لەگەڵ هەریەکە لە حکومەتی ناوەندیو هەرێمدا، بڕیاردرا کە هێزێک لە ئەمریکاو عێراق‌و پێشمەرگە پێکبهێنرێت لەو ناوچانەدا، بەڵام رۆژی شەممە خۆپیشاندەران کە ژمارەیان زیاد لە (٢٠٠٠) کەس بوو، بە توندیی دژی پێکهێنانی ئەو هێزەبوون لە کەرکوک.

## سایتی نیقاش: ئامانجی واشنتۆن دروسـت نەبوونی شـەڕە لەنێوان کوردو عەرەبدا نەک ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی

لە راپۆرتێکی سایتی نیقاشدا باس لە کێشەی نێوان کوردو عەرەب لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان‌و پێگەو کاریگەریی ئەمریکا دەکرێت، نیقاش دەنووسێت، کێشەی نێوان کوردو عەرەب بەردەوامەو جێگەی کێشەی مەزهەبیی نێوان سوننەو شیعەی گرتووەتەوە، ململانێ لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان لە سنووری شەنگار تا خانەقین جێی مشتومڕەو کێشەی نـەیـنـەواش لـەنـێـوان لیستی عەرەبی حەدباو لیستی کوردی برایەتیش یەکێکی دیکەیە لە کێشەکان هـەر لەبەر ئەم کێشانەشە کە هێزەکانی ئەمریکا بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ئەم ناوچانەداوە، بەڵام تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکانیش نەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکات، ئێستاش شیکاروان‌و بەرپرسانی ئەمریکا لەوە دەترسن کە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەند سەربکێشێت بۆ توندوتیژیی. واین وایت، کە بەرپرسی تیمی موخابەراتی عێراق بوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ئێستاش ئەندامی گروپی لێکۆڵینەوەی عێراقە، دەڵێت: «دیارنییە کە کوردەکان تا کەی ئارامدەگرن لە نەگەڕانەوەی ناوچەکانیان». لەبارەی مەترسی دروستبوونی شەڕێکەوە وایت دەڵێت: «کوردەکان نەک هەر دەتوانن پشت بە میلیشیای پێشمەرگە ببەستن، بەڵکو بەشێکی زۆریش لە کوردەکانی سوپای عێراق لەم شەڕەدا بەکاردەهێنرێن». لەگەڵ بوونی ئەم کێشانەشدا هێشتا واشنتۆن گرنگییەکی ئەوتۆ بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی عێراقییەکان نادات، بەڵکو وەک شیکارییەکان دەڵێن، ئامانجی واشنتۆن لە ئێستادا دروستنەبوونی شەڕە لەنێوان کوردو عەرەبدا بەردەوامیی ئەم کێشەیە وای لە ئەمریکییەکان کـردووە کە بیر لە هەمواركردنی پلانی کشانەوەکە بکەنەوەو لە باکووری عێراق بمێننەوە، وەک شیکاروانێک دەڵێت: «پێموایە ئەم کێشەیە هێند جدییە کە کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان دوابخات لە عێراقدا».

## رادیۆ فری یوروپ:سەرژمێرییەکە لەترسی دروستبوونی توندوتیژیی دواخرا

ئـەو سەرژمێرییەی کە دەبـوو لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا ئەنجامبدرایە دواخرا لەبەر هەڵکشانی ئاستی توندوتیژیی. دڵی کێشەکانیش ململانێی دەسەڵاتە لەسەر کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان دواخستنی سەرژمێرییش کاریگەریی دەبـێـت لـەسـەر یـاسـای هـەڵـبـژاردن‌و ئـەو بودجەیەی بۆ حکومەتی هەرێم تەرخاندەکرێت. دوایین سەرژمێریی لە عێراقدا لە ساڵی (١٩٩٧)دا بوو، بەڵام ئەم سەرژمێرییە هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، دوایین سەرژمێریی کە هەرێمی کوردستانی گرتەوە ساڵی (١٩٨٧) بوو کـوردەکـان بانگەشەی کەرکوک وەک پایتەخت دەکەن‌و بەشێک لە نەینەواش بە خاکی خۆیان دەزانن، بەڵام تورکمان‌و عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە بە توندیی دژایەتی دەکـەن. عەلی بابان، وەزیری پلاندانانی عێراق، لەبارەی دواخستنی سەرژمێرییەوە دەڵێت ئـەوە ناکۆکی قەومی نێوان کوردو تورکمان‌و عەرەبە کە بووەتە هۆی دواخستنی سەرژمێرییەکەو ئەگەر نا «ئێمە لەڕووی تەکنیکییەوە تەواو ئامادەین». لوای شابانە، راوێژکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ سەرژمێریی لە عێراقدا دەڵێت، پێموایە کاتی گونجاو بۆ سەرژمێریی ئەپریل بۆ ئۆکتۆبەری ساڵی داهاتوو بێت، بەڵام کێشەی سیاسیی بۆی هەیە ئەو سەرمێژییە زیاتر دوابخات، دواتر شابانە لەبارەی سەرژمێرییەوە دەڵێت، پێویستە سیاسییەکانی عێراق سەرژمێرییەکە نەکەن بە کارێکی سیاسیی، چونکە ئەمە یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکان ناکات، دەبێت لـەوە تێبگەین کە سەرژمێریی کـارێـکـی سیاسیی نییەو لـەبـارەی دابەشبوونی عـەرەب‌و کـوردەوە نییە، کێشە سیاسییەکان بە گفتوگۆ چارەسەر دەکرێن نەک بە ژمـارە، هەرچەندە کە سەرژمێرییەکە باس لە دیاریکردنی جۆری نەتەوەو قەومییەت ناکات، بەڵام وەک یوست هیلتەرمان جێگری بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت، لە سەرژمێرییەکەدا پرسیاری زمانی دایک دەکرێت کە ئەمەش نەتەوە دیاریدەکات‌و دواتر هێزی هەر لایەنێک لە ناوچەکاندا دیاریدەکات، هەربۆیە سەرژمێریی لە کەرکوک زۆر گرنگە.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی کە بە سەرژمێریی یەکلاییدەکرێتەوە کێشەی پـارەو بەشی هەرێمی کوردستانە لە بودجەی عێراق، هەندێک لە پەرلەمانتارانی عێراق گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە بەشی هەرێمی کوردستان پێویستە (١٢٪) بێت، بـەڵام بەرپرسانی هەرێم داوای (١٧٪) دەکەن‌و ئەمەش وەک هیلتەرمان دەڵێت، هەر ساڵێک کە بودجە بۆ هەرێم دیاریدەکرێت دەبێتە کێشە لەسەر ئەوەی چەندی بودجەکە بۆ هەرێم بێت. بۆیە سەرژمێریی ئەو کێشەیەش یەکلایی دەکاتەوە.

## ئیکۆنۆمیست: عێراق، ترس لە گەڕانەوەی حوکمی پۆلیسی

عێراقییەکان زۆر نیگەرانن لە هەڕەشە لەسەر ئازادییان، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ زۆر بڵاوبووەتەوەو لەڕاستیدا زۆرێک لە عێراقییەکان ترسی گەڕانەوەی حوکمی پۆلیسییان هەیەو عادەتە کۆنەکانی سەردەمی سەدام دیسان سەرهەڵدەدەنەوە، سزادان بووە بە رۆتین لە دامودەزگای حکومیدا، سەمیر موسقەتی کە (هیومان رایتس وۆچ)ی بنکەی نیۆرک دەکات دەڵێت، «شتەکان خراپبوون‌و خراپتریش دەبن بەپێی هەر پێوەرێکی هەرێمیی». لەناو زیندانەکاندا سزادان رۆتینێکی ئاساییە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی ئیعتیرافیش دەکەن». بڕیاربوو شێوازی دادی ئەمریکی لە عێراق پیادەبکرێت، بەڵام ئەمە زۆر زیـادەڕەویـیـە ئـەگـەر بزانین هەموو مانگێک لە کاتێکدا ئەمریکییەکان خەریکی ئازادکردن‌و پاککردنەوەی سجنەکانیان، عێراقییەکان (١٥٠٠) کەس دەنێرنەوە بۆ زیندانەکان. ژمارەی ئەو زیندانیانەی کە لە زیندانە هاوبەشەکانی عێراق- ئەمریکادا بوون ساڵی پێشوو کەمبووەوە بۆ (٩٠٠٠) ئەم ژمارەیە پێشتر (٢١) هەزاربوو، بەڵام ژمارەی زیندانییەکان لە مانگی فەبرایەری ئەمساڵدا (٣٥٠٠٠) بـوون‌و ئێستاش دوورنییە (٤٠٠٠٠) بێت. لەسێدارەدانیش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، لەماوەی یەک رۆژداو لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا (١٩) کەس لـەسـێـدارەدران. ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال ئـەوەی بڵاوکردەوە کە نزیکەی (١٠٠٠) عێراقیی رووبـەڕووی سزای سێدارە دەبنەوەو هەندێک لەوانەش لەژێر ئەشکەنجەداندا ئیعترافیان پێکراوە.

رۆژنامەنووسانیش بەربەستیان لەبەردەمدا دروستدەکرێت، ساڵی پار رۆژنامەنووسێک دەستگیرکرا تەنیا لەبەرئەوەی وێنەی ئاپۆڕەی ئۆتۆمبیلە وەسـتـاوەکـانـی پایتەختی گرتبوو، ئەمەش بۆ ئەوەی بارودۆخی راستەقینە بشارنەوەو بڵێن لە سایەی مالیکییەوە دۆخـی پایتەخت گەشەی کـردووە لەم دواییانەشدا حکومەت ئەوەی راگەیاندووە کـە سـانـسـۆر دەخـاتـەسـەر کتێب‌و ئینتەرنێت، بەتایبەت کتێبی پۆرنۆگرافی‌و بڵاوکردنەوەی ناکۆکی، بەڵام چاودێرانی مافی مرۆڤ ترسیان لەم هەنگاوە هەیە وەک دەستپێکی سانسۆر بەشێوەیەکی فراوان. حکومەتی شیعی داوای وڵاتێکی یەکگرتوو دەکات، بەڵام کوردەکان داوای وڵاتێکی فیدراڵ دەکەن لە هەر حاڵەتێکدا مالیکی دەیەوێت هێزی زیاتر بەدەستبێنێت بۆ هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی داهـاتـوو، هەرچەندە ناوبانگی بەهۆی تەقینەوەکانی ئەم دواییەوە کەمێک لەدەستداوە حکومەتیش یاسای نوێ بۆ پارتە سیاسییەکان‌و رێکخراوەکانی دیکە (تەنانەت خێرخوازیش) دەردەکات‌و ئەمەش نارەزایی دروستکردووە، مەیسون دەملوجی پەرلەمانتاری عێراق، دەڵێت: «دیموکراسی بەمشێوەیە بینا ناکرێت». دبلۆماسێکی خۆرئاواییش کە ئەزموونێکی زۆری لە عێراق هەیە دەڵێت، بە دڵنیاییەوە حکومەتێکی پۆلیسی دروستدەبێت، ساڵێک یان دوو ساڵ دەخایەنێت، بەڵام لە دروستبووندایە.



هەڵەبجەی تازە: ئەو مەلەوانگەی لە ٢٠٠٥ دروستکراوەو تا ئێستا بێ ئاوە
فۆتۆ: نیۆرک تایمز

## زەوییەکانیان دراون بە ڕەفیق حیزبییەکان

# خاوەنی (٢٤٠٨)دۆنم زەوی، داوای قەرەبوو دەکەنەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

(٦٠٠) هاوڵاتی گوندەکانی ئابلاخو کانی سپیکەو بۆگەنە لەساڵی (١٩٧٩)وە بەهۆی پەیوەندییان بەپێشمەرگەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەست بەسەر زەوییەکانیاندا گیراوەو دابەشکراون، بەڵام تائێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نە زەوییەکانیان بۆ گەڕێنراوەتەوە نە قەرەبووشیان پێدراوە.

(١٣٥) پارچە زەوی (٦٠٠) هاوڵاتی گوندەکانی ئابلاخو بۆگەنەو کانی سپیکە، لەساڵی (١٩٧٩)وە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەهۆی کوردایەتیو پەیوەندییان بەپێشمەرگەوە دەستیان بەسەرداگیراوەو کـوژاونـەتـەوەو بـەسـەر «ڕەفـیـق حیزبییەکان»ی ئەو کاتەدا دابەشکراون، بـەڵام ئـەوەی جێی تێبینییە خـاوەن زەوییەکان لەدوای ساڵی (١٩٩١)و ڕوخانی ڕژێمی بەعسو گرتنەدەستی دەسەڵاتی کوردییەوە، حکومەتی هەرێم هیچ کارێکی جدیی بۆ نەکردوون، نە بۆ گەڕاندنەوەی زەوییەکانیان نە بۆ قەرەبووکردنەوەیان.

خاوەنی ئەو (١٣٥) پارچە زەوییە کە زیاتر لە (٢) هـەزارو (٤٠٨) دۆنمە، هەر لەسەردەمی حکومەتی عێراقەوە چەندینجار نووسراویان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان کـردووەو داوای مافی خۆیان کـردووە، بەڵام پێیان ڕاگەیەنراوە، کە بەهۆی ئەوەی کوڕیان پێشمەرگەیەو لەماڵەکانیاندا داڵدەی پێشمەرگەی شۆڕش دەدەن چیتر چاویان بە زەوییەکانیان ناکەوێتەوە، بەڵام بە وتەی یەکێک لە خاوەن زەوییەکان «ئەوەش وەفای حکومەتی هەرێم بوو بەرامبەریان کە هەر لاشیان لێ ناکاتەوە».

محەمەد ڕەشید، یەکێکە لە خاوەنی زەوییەکان ئاماژەی بەوەکرد، هەر لەدوای کـوژانـەوەی نـاوی خـاوەن زەوییەکان لە ساڵی (١٩٧٩)وە دەیانجار سەردانی بەرپرسانی حکومەتی عێراق کـردووە، بەڵام وەڵامیان نەداونەتەوە، وتیشی «ئەو کاتە زۆر دڵگران نەبووین، لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر کوردایەتی ئەوەمان پێکرابوو، بەڵام لەئێستادا ئەوەی دڵگرانمان دەکات ئەو هەڵوێستەی حکومەتی کوردی خۆمانە، کە نە زەوییەکانمان بۆ دەگەڕێنێتەوە نە قەرەبووشمان دەکاتەوە».

ئـەو (٦٠٠)هـاوڵاتـیـیـە زیاتر لەسەد نووسراویان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرزکردووەتەوە، لەوانەش (پارێزگاری سلێمانی، شارەوانیی سلێمانی، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شارەوانییەکان)، ئەمە جگە لەسەر ئاستی کەسایەتییەکانی وەک(حاکم قادر حەمەجان، عومەر فەتاح، عیماد ئەحمەد، عومەر سەید عەلی، کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح)، هاوکات چەندینجاریش سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییان کردووە، بەڵام وێڕای چەندین بەڵێن، سەرجەم هەوڵەکانیان شکستی هێناوەوەو بێئەنجام بوون.

دوای ئـەوەی لەهەوڵەکانیان لای حکومەتی هەرێم بێئومێدبوون، دوابەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق نوێنەری خاوەن زەوییەکان چوونەتە بەغداو سەردانی پۆل بریمەر، حاکمی مەدەنیی ئەوکاتەی عێراقیان کردووەو داوای بەدواداچوونی کێشەکەیان لێکردووە، ئەویش لیژنەیەکی بۆ پێکهێناونو سـەردانـی سلێمانییان کـردووەو دوای تەواوبوونی کارەکانیان هەریەکە لەوپارچە زەوییانەیان بە(٢)ملیارو (٣١٦)ملیۆن دینار خەمڵاندووە کە قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە یان هەریەکەیان زەوییەکیان بەو نرخە لەسلێمانی بۆ تەرخانبکرێت، بـەڵام بە وتەی محەمەد ڕەشید «حکومەتی هەرێم دەستی خستە کارەکانی لیژنەکەوەو ئەو قەرەبووەشیان پێنەدرا».

ئەو هاوڵاتییە ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، ئەو زەوییەی ئێستا مزگەوتی حسێنییەی شاری سلێمانی لەسەرکراوە موڵکی ئەوبووە، ئەوکاتەی تێیدا دەستکراوە بەکارکردن، سەردانی ئێرانی کـردووەو چاوی بەیەکێک لەبەرپرسانی پەیوەندیدار کـەوتـووە، تـا قـەنـاعـەت بەحکومەتی هەرێم بهێنێت کە لەسەر زەوییەکەی ئەو مزگەوتەکە دروست نەکرێت، بەڵام وتی «بەرپرسە ئێرانییەکە پێیوتم، ئێمە چەندین دەفتەر دۆلارمان داوە بە(........)کە بەرپرسێکی یەکێتی بوو تا ڕازیمان کرد ئەو زەوییەمان پێبداتو بیکەینە ئەو مزگەوتە».

خـاوەنـی زەویـیـە کشتوکاڵییەکانی ئابلاخو بۆگەنەو کانیسپیکە نووسراویان بۆ خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بـەرزکـردبـووەوە بـە مـەبـەسـتـی بـەدواداچـوونـی کێشەکەیان، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی کاتی بۆ پێکهێنراوەو لـە ڕۆژی (٢٠٠٦/٧/٢٢)دا سـەردانـی سلێمانییان کردووەو ئاگاداری کەیسەکە بوونو دواتر عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوی ژمارە(٤٧٢٠/٣/٤) لە ڕۆژی(٢٠٠٧/٤/٢٤)دا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کـردووە، داوای چارەسەری کێشەکەی کردووەو ئاماژەی بەوەکردووە، کە ئەو خاوەن زەوییانە خەڵکی هەژارنو هێشتاش بەشێک لەزەوییەکانیان بێ دەستکاری ماوەتەوە، بەڵام تائێستا وەڵامی خاوەن زەوییەکان نەدراوەتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەداو بەنووسراوی ژمارە (٧٨)کە لە بـەرواری(٢٠٠٦/٩/٢٦)دا لەلایەن شێروان حـەیـدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، تێیدا هاتووە «بڕیاری کوژانەوەی مافی ڕەفتارکردن لەسەر زەوی جوتیارەکانی گوندی ئابلاخ پلەی بنەبڕی وەرگرتووەو ماوەی چوونە ناوی نەماوە، خەڵکی زیانلێکەوتووی ئابلاخ پێشنیازدەکەن، حکومەت ڕێگاچارەیەکی گونجاو و یاساییان بۆ بدۆزێتەوە لە ڕێگەی شارەوانیی سلێمانییەوە بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا».

بەڵام بەختیار عەلی، لێپرسراوی بەشی هونەریی شارەوانیی سلێمانی، ئەوەی ڕەتکردەوە کە کێشەی ئەو هاوڵاتییانە لای ئـەوان چارەسەر بکرێتو ئاماژەی بـەوەدا، کە ئەم زەوییانە لەکاتی خۆیدا بە بڕیاری یاسایی کاری کوژانەوەیان بۆ کراوەو لەتاپۆش بەناوی شارەوانیی سلێمانییەوە تۆمارکراوە، بەڵام ئەوان ناتوانن قەرەبوویان بۆ بکەنەوەو هەر هاوڵاتییەکیش خۆی بە زەرەرمەند دەزانێت دەتوانێت بچێتە دەستەی چارەسەری کێشە موڵکدارییەکانی عێراق، کە ئێستا لقیان لەسلێمانی هەیەو لـەوێ داوای گەڕاندنەوەی مافەکانی بکات، بەختیار عەلی وتی: «لای ئێمە هەتا لەسەرووی خۆمانەوە یان لەدادگاوە فەرمانمان بەدەست نەگات، ناتوانین قەرەبووی هیچ زەرەرمەندێک بکەینەوە کە کاری کوژانەوە بۆ زەوییەکەی کرابێت».

خـاوەنـی زەویـیـەکـان بەمەبەستی گـەڕانـدنـەوەی مافەکانیان سـەردانـی دەستەی کێشە موڵکدارییەکانی عێراقیان کردووە، بەڵام بە وتەی محەمەد ڕەشید «لە بەغدا پێیانوتین کێشەکە لەدەست بەرپرسەکانی خۆتاندایە، ئەگەر ئەوان بۆتان چارەسەرنەکەن، ئێمە هیچمان لەدەست نایەت».

پێش دەستبەسەراگرتنی زەوییەکانیان لەلایەن بەرپرسە حیزبیو حکومییەکانو کەسانی خاوەن پشتەوە کە ئێستا کراونەتە ڤێللاو باڵەخانە، خاوەنی زەوییەکان گەنمو جۆو گەنمەشامییان لەسەر ئەو زەوییانە دەکردو هەر بە بەروبوومی ئەو زەوییانە دەژیان، بەڵام لەئێستادا وێڕای ئەوەی کە خاوەنی ئەو هەموو موڵکەن، زۆربەیان باری گوزەرانیان خراپەو لەئاستی هەژاریدا دەژین، بەشێوەیەک لەچەند ساڵی ڕابردوودا یەکێک لەخاوەنی موڵکەکان کە ژنێکی بەساڵاچووبوو، گیانی لەدەستداو خەڵکی گەڕەکەکەی پارەی کفنو پرسەکەیان بۆ دابینکرد.



---

## دوای بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین «بەنزینە حکومییەکە، بۆ زیانگەیاندنە بە خەڵک»

**دلێر عەبدولخالق**

بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینی حکومیی لـە (٤٥٠) دیـنـارەوە بـۆ (٥٠٠) دینار، کاریگەری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی بەنزینە تیجارییەکەش. شۆفێرانیش گلەییو گازندەیەکی زۆریـان لە حکومەت هەیە لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخو خراپی کوالیتی بەنزینی حکومیی.

هـاوڕێ عـەلـی، شۆفێری تاکسی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەنزینە حکومییەکە بەکارناهێنم، چونکە لەبری ئەوەی سوود بە خەڵک بگەیەنێت، زیانت لـێـدەداتو ئۆتۆمبێلەکەت ناڕواتو دەبێت پاڵی پێوەبنێیت، کەواتە ئەوەی حکومەت دەیکات بۆ سوودی خەڵک نییە، لە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینە حکومییەکەش هەر خواستی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، نەک خەڵکی کاسب».

هاوڕێ کە سەرگەرمی تێکردنی بەنزین بوو، ئاماژەی بەوەکرد، لە بەنرینخانەیەکی تیجاریی بە (٩٠٠) دینار بایی (٢٦) هەزار بەنزینی تێکردووە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان هەیە لە هیچ شوێنێک نییە، چونکە کەس نییە چاودێریی بەنزینخانەکان بکاتو لەهەر بەنزینخانەیەکیش نرخ بە جۆرێکە.

بەڕێوەبەری بەنزیخانەیەکی تیجاریی پێیوایە، بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینی حکومیی کاریگەری زۆری لەسەر نرخی بەنزینی تیجاریی نییەو جیاوازی نرخی بەنزینی ئەو بەنزینخانانەش دەکەوێتە سەر ویژدانی خاوەنەکانیان.

یـوسـف حـەسـەن، بـەڕێـوەبـەری بەنرینخانەی بینایی وتی: «بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینی تیجاریی (٥٠) دینار بووە، ئەمەش دەریدەخات کە بەنزینی حکومییو تیجاریی زۆر پەیوەندی بەیەکەوە نییە، بەڵکو ئەوەی کاریگەری دەکاتە سەر بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینی تیجاریی، بەرزبونەوەی نرخیەتی لەبۆرسەی جیهانیدا».

لـە بەنزیخانەیەکی تیجاریی کە نرخی لیترێک بەنزین (٩٠٠)دیـنـار بوو، بەڕێوەبەرەکەی ئەوەی ڕوونکردەوە کە زیادو کەمیی نرخی بەنزین لە بەنزینخانە تیجارییەکان بۆ ویژدانی خاوەنەکانیان دەگەڕێتەوەو وتی: «ئێمە لەخانەقین لیترێک بەنزین بە (٨٥٠)دیـنـار دەکـڕیـنو (٢٥) دینار کرێ سەیارەو هەندێک مەسرەفی دیکەی دێتە سەر، لێرەش بە (٩٠٠)دینار دەیفرۆشین، واتە بۆ هەر لیترێک (٢٥) دینار قازانج دەکەین، بەڵام بەنزینخانە هەیە (٥٠-٧٥) دینار قازانجی دەخاتە سەر».

لایەنی پەیوەندیداری سووتەمەنیش ئاماژە بەوەدەکەن، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی بڕیاری حکومەتی مەرکەزییەو خراپی کوالیتی سووتەمەنییەکەش لەئەستوی بەغدایە.

ئەحمەد عارف، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتیی دابەشکردنی بەرهەمە سووتەمەنییەکان لە سلێمانی ڕوونیکردەوە، ئـەوان خاوەنی سووتەمەنی نین، بەڵکو حکومەتی عێراقی دەینرێتو لەفرۆشتنیشدا پارەکەیان بۆ بەغدا دەگەڕێتەوە. وتیشی: «حکومەتی عێراقی لەژێر فشاری سندوقی نەختی نـێـودەوڵـەتـیـدا نرخی بەنزینی بـەرزکـردووەتـەوە، ڕاستە بەنزینەکەش خراپە، بەڵام حکومەتی بەغدا لە خراپیی کوالیتی بەنزینەکە بەرپرسیارە، هاوکات ئەو بڕە سووتەمەنییەشی بۆمان دێت بەشمان ناکاتو کڕیاری خۆی هەیە، نەک ئەوەی کە خەڵک لەبەر خراپیی بەکاری نەهێنێت».



## نوێترین راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی: حکومەتی هەرێم

# بەبیانووی دژایەتیکردنی تیرۆر، سزای لەسێدارەدان جێبەجێدەکات

بەرهەم عومەر

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی لە راپۆرتی ساڵی (٢٠٠٩)دا، کە لە رۆژی (٩/٢) بڵاوکرایەوە ئاماژە بە جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان دەکات لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بیانووی بنەبڕکردنی تیرۆر.

بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو، لە راپۆرتە نوێیەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیدا باس لە کۆمەڵێک چاکسازیی و خاڵی پۆزەتیڤ کراوە، کە لە بواری یاسادانان و رەوشی ژناندا حکومەتی هەرێم کاری بۆکردووە، بەڵام تیایدا هاتووە کە «پەرلەمانی کوردستان بڕیاریداوە بە درێژکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای (دژە تیرۆر) بۆ ماوەی دوو ساڵ، کە لەساڵی (٢٠٠٦)دا دەرکراوە، ئەم یاسایەش ژمارەی ئەو سزایانە زیاتر دەکات کە بەهۆیانەوە خەڵک لە سێدارە دەدرێت».

بەپێی راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لە زیندانەکانی کوردستاندا نزیکەی (٨٤) کەس بە لە سێدارەدان سزادراون، کە (٣٣) کەسیان لە شاری هەولێرن و (٤٧) کەسی دیکەیان لە شاری سلێمانین، لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نزیکەی (٩) کەس لە سێدارە دراون.

بەڵام بەپێی وتەی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی مافی مرۆڤ، نازم دڵبەند بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن: «(١٤٢) سزادراو بە سزای لە سێدرەدان لە گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، لەم ژمارەیەش (٢٦)یان لە گرتوخانەکانی هەولێرو (٦٨) لە سلێمانیو (٤٠) لە پارێزگای دهۆکن و لەنێو ئەم ژمارەیەش (٧) ژن هەن کە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە».

وتیشی: «وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە سزای لە سێدارەدان نەمێنێت و ئەو سزایانەی کە پێشتر بەسەر تۆمەتباراندا سەپێنراون سوکتر بکرێن.

دوا حاڵەتی ئەنجامدانی سزای لە سێدارەدان لە مانگی (٤)ی ساڵی رابردوودا بوو، کە (٢) تاوانبار لە شاری هەولێر لە سێدارە دران، پاش ئەوەی بە تۆمەتی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلێک لەو شارە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، لەساڵی (٢٠٠٥)داو بەو هۆیەوە (٤٨) کەس گیانیان لەدەستدا.

تاڤگە محەمەد، ئەندامی خولی دووەمی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، باسی لەو ئاستەنگانە کرد کە هاتونەتە بەردەم لیژنەکەیان و بەهۆیانەوە نەتوانراوە سزای لە سێدارەدان لە کوردستاندا لەکار بخەن و وتی: «لە خولی دووەمی پەرلەماندا هیچ پرۆژەیاسایەکمان پێشکەش نەکرا بۆ لەکارخستنی سزای لە سێدارەدان و لیژنەکەشمان نەیتوانی ئەو کارە بکات».

لە جیهاندا نزیکەی (٥٠) وڵات کارناکەن بە سزای لە سێدارەدان و تەنانەت گۆڕانکارییانکردووە لە شێوازەکانی دیکەی سزادانداو لە رووی یاساییەوە ئامادەنین هیچ تاوانبارێک رادەستی ئەو وڵاتانەش بکەنەوە کە سزای لە سێدارەدان تێیدا جێبەجێدەکرێت.

**داوا دەکرێت خولی نوێی پەرلەمان کاربکات بۆ نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان**



کەی پەتەکانی لەسێدارەدان دەخرێنە مۆزەخانەوە؟ فۆتۆ: daylife

ئەندامەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەکرد، کە بەرلەوەی (یاسای دژە تیرۆر) بۆ ماوەی دووساڵ درێژبکرێتەوە، ئەوان یاداشتێکیان ئامادەکردو پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمانکرد بۆئەوەی سزای لە سێدارەدان لەو یاسایەدا کاری پێنەکرێت، بەڵام یاداشتەکەمان پەسەند نەکراو بەکۆی دەنگ ئەو یاسایە درێژکرایەوە، بەوپێیەش سزای لە سێدارەدان لە زۆرینەی یاساکانی سزادانی عێراقی و مەدەنی و یاساکانی دیکەدا درێژەی پێدرا.

تاڤگە محەمەد پێیوابوو، کە نەهێشتنی سزای لە سێدارەدان لە کوردستاندا تەنیا کاری لیژنەیەک نییە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵکو دەبێت ئەوە بە هەماهەنگییەک بێت لەنێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتەکانی دادوەریی و قەزائی و جێبەجێکردندا، هەروەها وتی: «دەبێت رێکخراوەکانی پارێزەران و دادوەران و یاساناسان ببنە هێزێک و کاربکەن بۆ ناچارکردنی حکومەت و پەرلەمان بۆئەوەی سزای لە سێدارەدان نەمێنێت».

لەکاتی گفتوگۆی یاسای دژە تیرۆردا، زۆرێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان داکۆکییان لە مانەوەی سزای لە سێدارەدان دەکرد لەنێو یاساکەدا، بەوپێیەی «ئەگەر سزای لە سێدارەدان نەمێنێت، تاوان زۆر دەبێت». ئەگەرچی لە ئێستادا کە سزاکە جێبەجێدەکرێت تاوان هەر ئەنجام دەدرێت.

تاڤگە محەمەد وتی: «بەباشی دەزانم کاربکرێت لەسەر فکری کۆمەڵگەی کوردی، بۆئەوەی دووربێت لە بیری توندوتیژیی، بەشێوەیەک کە رێگەچارەکان بۆ کەمکردنەوەی تاوان و پرۆسەی چاکسازیی پەرەی پێبدرێت و کار لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک بکەین، کە بیرکردنەوەیەکی توندوتیژانەیە لە ئێستادا».

بە گشتیی لە عێراقدا نزیکەی (١٠٠٠) کەس لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەداندا ژیانی خۆیان لە زیندانەکاندا دەگوزەرێنن، کە لەنێوانیاندا (١٢) ژن هەیە، کە یەکێک لەو ژنانە ناوی (س.س.ع) (٢٧) ساڵانەو بە تۆمەتی کوشتن سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووەو بەپێی زانیارییەکانی رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی،(س)لەژێرفشاریئەشکەنجەی کارەبالێدان و فەلاقەکردندا دانیناوە بەو تاوانەدا، هەروەها لە دانیشتنێکی داخراوی دادگادا سزاکەی بەسەردا سەپێنراوە، کە کەمتر لە دوو رۆژی خایاندووەو دادوەریش پارێزەرەکانی لە هۆڵی دادگا کردووەتە دەرەوە.

لە نوێترین لێدواندا رۆژی (٨/٢) بەڕێوەبەری هەڵمەتەکانی رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیی لە بەریتانیا، تیم هانۆک، رایگەیاند: دادگاکانی عێراق وای لێهاتووە توانای دادگاییکردنی ئاسایی نەماوە، بەوپێیەی زۆرینەی بڕیارەکان دەگاتە سزای لە سێدارەدان، چونکە لەدوای هاتنی سوپای ئەمریکاوە لەساڵی (٢٠٠٣)، بێ یاسایی و گەندەڵیی باڵی کێشاوە بەسەر دەسەڵاتی دادوەریداو وتی: «لەبری ئەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق سەدان هاوڵاتی بنێرنە بەردەمی سێدارە، باشتروایە بڕیار بدات کە بەهەموو شێوەیەک ئەو بڕیارانەی لە سێدارەدان رابگیرێت و لە هیچ یاسایەکدا جێگەی نەهێڵرێت».

لە کوردستانیشدا بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە لە دەسەڵاتی دادوەریی و یاسادانان‌دا، زۆرێک لەو هەوڵانە شکستیانهێناوە کە بۆ چاودێریی و نەهێشتنی سزای لە سێدارەدان لە کوردستاندا هەبووە، تاڤگە وتی: «بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە هەندێک لە پرۆژەیاساکان لە پەرلەماندا تێدەپەڕێنران و نەدەدرایە دەست لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەوەش حەماسەتی لە ئێمەدا کوشتبوو».

تاڤگە محەمەد داواشیکرد کە ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی مافی مرۆڤ لە خولی سێیەمدا بەگژداچوونەوەی سزای لە سێدارەدان بخەنە پێشینەی هەموو کارەکانەوەو ئەو کارانە تەواو بکەن کە لە دۆسییەکاندا بەجێمانهێشتووە.

لە گرتوخانەکانی کوردستاندا بەشێک جیاکراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، ئەو بەشە هیچ خزمەتگوزارییەکی چاککردنی کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە، بەوپێیەی ئەو کەسانە بۆ لە سێدارەدان راگیراون، ئەگەرچی هەندێک لەو سزادراوانە زیاتر لە (١٠) ساڵە ئەو سزایەیان بەسەردا سەپێنراوەو جێبەجێش نەکراوە بەسەریانداو هیچ کارئاسانییەکی یاساییان بۆ ئەنجام نەدراوە.

**(١٤٢) سزادراو بە سزای لەسێدرەدان لە گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، لەم ژمارەیەش (٢٦)یان لە گرتوخانەکانی هەولێرو (٦٨) لە سلێمانیو (٤٠) لە پارێزگای دهۆکن و لەنێو ئەم ژمارەیەش (٧) ژن هەن کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە**



دەستگیرکردنی دەستدرێژکارێکی سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک فۆتۆ: daylife

# دژایەتیکردنی عەدالەت

## دەربارەی کێشەی دادگاییکردنی بەرپرسانی سلێمانی



هیلال ئیبراهیم

**ئەگەر بڕیارە یەکێتیی نیشتمانیی لێپرسینەوە لە کاندیدەکانی لە حکومەت بکات، ئەوا پێویستی بە دروستکردنو دانانی دەستەو ناوەندێکی بێلایەنو یاسایی هەیە لە وەزیرەکانەوە تا خوارەوە دەستپێبکات، نەوەک بەبێ پرسکردن بە حکومەت دەستوەربداتە ئەو کارەوەو دۆسیە بۆ ئەو بەرپرسانە دروستبکات کە لێوەی دوورنو ئەوانەش کە لە سەرکردایەتی ئێستای یەکێتییەوە نزیکن چی دەکەنو چۆنچۆنی ماڵو موڵکی ئەو وڵاتە بەهەدەر دەدەن، ئەوانە هیچیان پێنەگوترێتو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن**

ماوەیەکە قسەو باس لەسەر دادگایکردنی بەرپرسانی سنووری پارێزگای سلێمانی بووەتە باسێکی گەرمی ناو راگەیاندنەکانو خەڵکی. ئەم شەپۆلە کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە هاتووەتە ئاراوە، جێگەی دڵخۆشی نییە، ئومێدی ئەوەی لێناکرێت ئەنجامێکی ئیجابیی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەو رێوشوێنانەی یەکێتیی نیشتمانیی گرتوویەتیەبەر تۆڵەی سیاسیی رووتەو کەمترین پەیوەندیی بە مەسەلەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی گەندەڵیو پاکیی ئەو بەرپرسانەوە هەیە.

ئەو بەدواداچوونو دۆسیە دروستکردنەی یەکێتی دژی چەند بەرپرسێکی خۆی خستیویەتیەڕوو، تۆڵەکردنەوەیە نەک لێکۆڵینەوەی یاساییو سزادان. لەبەرئەوە پێویستە ئەوە بزانین کە تۆڵەکردنەوە لە «دۆڕان» هیچی لێ سەوز نابێت، بەڵکو تەنیا هەڵچوونو کاردانەوەیەکی کاتییە رەنگە لەم بێنەو بەردەیەدا چەند کەسێک ببنە قوربانیی، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی وەک وتمان هیچ پەیوەندییەکی بەعەدالەتوسەروەریی یاساوە نییە. من پێموایە پێویستە باس لە عەدالەتو دادپەروەریی بکرێت لەدوای راپەڕینەوە، ئەم باسە ببێتە باسێک کە میدیاکانو کەسانی یاسایی باسی لێوەبکەن، کە پارتیو یەکێتی چەندە گرنگی بە عەدالەتیی کۆمەڵایەتیو سیاسییو دادپەروەریی دەدەنو چەندین رقیان لەو باسەیە، هەروەها باس لەوەش بکرێت ئەوان لەدوای راپەڕینەوەئەوەی خستویانەتە ژێر پێیانەوە ئەو مەسەلانەن.

دادپەروەریی لە ژیانی سیاسیی «پارتیو یەکێتی» بە درێژایی ساڵانی دوای راپەڕین هیچ بەهاو مانایەکی نییە، هەرگیزیش سەرکردایەتی ئەو پارتانە رێزیان بۆ گرنگی ئەم پرسە دانەناوە، کە پەیوەستە بە کۆی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەوە، ئەگەر ئێستا بیانەوێت بەهۆی تۆڵەکردنەوەو سزای سیاسییەوە، خۆیان واپیشان بدەن کە دەیانەوێت رێگە لە گەندەڵیی ئیداریی بگرنو بە شوێن عەدالەتو دادپەروەرییەوەن، ئەوەی خۆشیان باوەڕیان بەم هەڵسوکەوتو بیروڕایە نییە.

ئەگەر بڕیارە لێپێچینەوە لە کاربەدەستانی حکومەت بکرێت، ئەوا پێویستە ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونانە سەرجەم کاربەدەستەکانی حکومەت لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە زاخۆوە تا تەوێڵە بگرێتەوە. سەرجەم بەرپرسانو ناوچەکان بکەونە ژێر لێپرسینەوەو سزادانەوە، هەروەها پێویستە رێوشوێنێکی یاسایی بگیرێتەبەرو لەژێر چاودێرییو سەرپەرشتی دەزگایەکی سەربەخۆ ئەم کارە ئەنجامبدرێت، نەوەک لە سنووری ئیدارەیی یەکێتیی نیشتمانیی کاربەدەستانی حکومەت دۆسیەیان بۆ ئامادەبکرێتو ببرێنە بەردەم دادگا، ئەم مەسەلەی دادگایکردنەش وەک بەهانەو بۆ مەرامی سیاسیی بەکاربیبهێننو ئەم کارەش وا بڵاوبکرێتەوەو پیشانبدرێت کە ئەوانە سەرچاوەی پشتگوێخستنو وێرانیی ئەو شارەن.

ئێستا ئەوان وا مەسەلەکان دەخەنەڕوو بەرپرسانی دیکە هیچیان نییەو هیچیشیان نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو رێوشوێنانە گیراونەتەبەر بەرپرسانی ناوچەکانی دیکەو تەنانەت بەرپرسانی دیکەی یەکێتیی نیشتمانیی بێتاوان دەکات لەوەی رۆژێک لە رۆژان بچووکترین کاری نایاساییو گەندەڵییان ئەنجامدابێت، تەنانەت لەرێگەی دادگایکردنی ئەو بەرپرسانە وادەردەکەوێت کە هەولێرو دهۆک شامی شەریفەو هیچ کێشەو گیرو گرفتێکی سیاسییو ئیداریی لە ئارادا نییە، لەو دوو شارە مەڕو گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە.

ئەم جیاکردنەوە لە لێپرسینەوەو سزادان نیشانەی گەڕانەوەی دوو ئیدارەییو بەدبەختییەکی دیکەیە کە بەسەر خەڵکیدا هاتووە. جیاکردنەوەو سەپاندنی سزا بەسەر کاربەدەستانی شارێک جگە نیشانەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی حیزبو دەستوەردانیەتی لە رێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن چی دیکەی ناو لێبنێین. ئەو حاڵەتەی ئێستا دەریدەخات یەکێتیو پارتی نەک ئیدارەکان، بەڵکو دەتوانن سزاکانیش دابەشبکەن ئەگەر بڕیارە یەکێتیی نیشتمانیی لێپرسینەوە لە کاندیدەکانی لە حکومەت بکات، ئەوا پێویستی بە دروستکردنو دانانی دەستەو ناوەندێکی بێلایەنو یاسایی هەیە لە وەزیرەکانەوە تا خوارەوە دەستپێبکات، نەوەک بەبێ پرسکردن بە حکومەت دەستوەربداتە ئەو کارەوەو دۆسیە بۆ ئەو بەرپرسانە دروستبکات کە لێوەی دوورنو ئەوانەش کە لە سەرکردایەتی ئێستای یەکێتییەوە نزیکن چی دەکەنو چۆنچۆنی ماڵو موڵکی ئەو وڵاتە بەهەدەر دەدەن، ئەوانە هیچیان پێنەگوترێتو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن.

من پێموایە ئەو شەڕەی ئێستا کە یەکێتیی نیشتمانییو میدیای پارتی دەستیداوەتێ مەبەست لێی رێگرتن لە گەندەڵیی لێپرسینەوە لە بەرپرسان نییە، بەڵکو مەبەستیان رووبەڕووبوونەوەو خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ئەوان دەیانەوێت لەرێگەی ئەم شەپۆلەوە پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاو کاربەدەستانی سنووری پارێزگای سلێمانی ناشیرین بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی وا تێبگەیەنن ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگ بە لیستو قەوارەی جیاواز لە خۆیان بدەن بەوە دەردەچن، بە کورتی ئەم شەپۆلەی یەکێتیو پارتی شەڕی هەڵبژاردنەو هیچ پەیوەندیی بە رووبەڕووبوونەوەو دژایەتی گەندەڵییەوە نییە، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئێستا رۆڵی گرنگیان ناشیرینکردنی ئەو کاربەدەستانەیە، نەوەک ئەوان مەبەستیان ئەوە بێت سزای ئەو بەرپرسانە بدەن کە تێوەگلاون لە گەندەڵیی هەموومان ئەوە دەزانین کە لە ناوەندەکانی راگەیاندنەوە بە بەڵگەوە گەندەڵیی چەند بەرپرسو وەزیرێکی حکومەتی هەرێم بڵاوکرانەوە، کام لەوانە درانە دادگا؟، دۆسیە بۆ کام بەرپرسو وەزیر دروستکرا؟. کام وەزیرەیان تەنانەت لەسەر کارەکەی لابرا؟ کەچی ئێستا یەکێتیو پارتی بەرژەوەندییان هەیە لەوەدا چەند بەرپرسێک بدەنە دادگاو ناشیرینیان بکەن، دەستیانکردووە بە دروستکردنو جوڵاندنی دۆسیە گەندەڵیی دژیان.

لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەدا ئەوانەی دەیان مەلەفی گەندەڵییان بڵاوکراوەتەوەو بە روونی بەسەریاندا ساغبووەتەوەو بێتاوانیان کردوون، لێی دانیشتوونو سەیری ئەو یارییە دەکەن کە دەستپێکردووە.

من بەرگریی لە تۆمەتباران ناکەم، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدام لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوە لە گەندەڵییو کاری نایاسایی بکرێت، بەڵام پێویستە عەدالەتو ئەخلاق لەم کارەدا هەبێت، هەروەها بە رێگاو رێوشوێنی یاسایی ئەو کارە ئەنجامبدرێت. بەداخەوە ئەوەی ئێستا هەموومان دەیبینین ئەوەیە، کە حیزب بە ئارەزووی خۆی ئەرکی لێپرسینەوەو دادگایکردنی گرتووەتە ئەستۆ، هەر لەو پێناوەدا کام بەرپرسە بداتە دادگا ئەو کارە دەکاتو بشیەوێت بەرگریی لە کام لێپرسراو بکات زۆر بە ئاسانی بەرگریی لێدەکاتو لە سزادان دەیپارێزێت. ئەو حاڵەتەی ئێستا کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستپێکردووە زیاتر رەشبینمان دەکات لەوەی دادگاکان سەربەخۆبن، هەروەها رۆژێک لە رۆژان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن دەزگاو دامەزراوەی تایبەتمەندەوە بەدواداچوونو لێپرسینەوە لە بەرپرسانی حکومەت بکرێت، ئەمە جگە لەوەی هیچ ئومێدمان بەوە نییە دادپەروەریی لە سزادان لەم کۆمەڵگایە بێتەئاراوە، چونکە لەدوای راپەڕینەوە کاربەدەستو فەرمانبەرو کەسانی پلە نزم دەگیرێنو گەورەکانیش هەڵدێن، پێموایە کاتێک دادپەروەریی دێتە ئاراوەو رێگا لە گەندەڵیی دەگیرێت، کە سزاکان عادیلانە بسەپێنو هەموو کەسێک وەک یەک سزای کارە نایاساییەکانی بدات.

# رەوشە تایبەتمەندییەکانی حیزبو رێکخراوە کوردییەکانو رۆڵی بزووتنەوەی گۆڕان



خدر مەرەسەنە

دەکرێت بڵێین؛ کە ئەگەر نیوەی زانستی سیاسیی حیزبە کوردییەکان لەبارەی نەزمو دیسپلین پێدانی خۆیان، یا بۆ راوەستانی دەسەڵاتی خۆیان بووبێت، نیوەکەی دیکەی بۆ دژایەتیکردنی حیزبو رێکخراوەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی خەبات بووە،وە یان بۆ رووخاندنی دەسەڵاتێک بووە، کە حاکمیەتی بەسەر وڵاتدا کردووە، کە ئەویش بۆ دابینکردنی نیازو خواستە سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بووە. ئەو کارەش تەنیا لەڕێگەی بەزۆرو دابەشکردنی پارەو بە پشتیوانی دەوڵەتانی داگیرکەر، بۆ بەرگریکردن لە سیستمی دیموکراسی هاتووەتە ئەنجامدان. لەلایەکی دیکەشەوە ناونیشانی گشتیی دیکەی سیاسەتی حیزبەکان بریتییە لە، بێنەزمیو لێکهەڵتەکاندنی کۆمەڵگەو دابەشکردنی دەسەڵاتو بە تاڵانبردنی سەروەتو سامانیوڵاتو خوڵقاندنی کەشو هەوای نادیموکراتییانەو هەڵگیرسانی شەڕو ئاژاوەو یەکتر بەکوشتدانی رۆڵەکانی گەلو سەرەنجام بازرگانی بە سیاسەتو ئەوجار هەرەسهێنان بووە بە شۆڕش. هەروەک لە باشوورو رۆژهەڵاتی کودستان ئەم دیاردەیە بە تەواوی خۆی سەپاندووەتە سەر بارودۆخی سیاسیی بزووتنەوەی کوردو شۆڕشی لە شارەوە بۆ شاخو لەوێشەوە بۆ هەندەران بۆ ئۆردوگاکان گواستووەتەوە، بەم هۆیەوە بەکردەوە شۆڕشێک لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ زوڵمو زۆری دوژمناندا نەماوە. لەمبارەوە مێژوو شاهیدی رووداوەکانی کوردستانە. ئەو رووداوو گۆڕانانەی، کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان لە ئارادان، چ تێکەڵبن لەگەڵ دیالۆگ، لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی کوردو چ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیو چ لەڕووی توندوتیژیو تورەیی شەڕ بێت هەر پێیدەگوترێت گۆڕان.گۆڕانیش وەک دیاردەیەکی نوێو پیرۆز لە ژیانی سیاسیی گەلەکەماندا سەریهەڵدا، جا ئەو گۆڕانەش چ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی لە سەرەوەرا، واتا لە دەرەوونی دەسەڵاتدا بێت، کە حکومەتی بەدەستەو چ لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بێت هەر پێیدەڵێن گۆڕان. پێدەچێت ئەو گۆڕانە لە ساختارو میکانیزمە سیاسییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکان لە کوردستان کەمبکاتەوە، یان هەر سیستم بگۆڕێتو تەنانەت چاکسازییەکانی گۆڕان دەستوورو یاساکانی کوردستانیش لەخۆی بگرێتو حکومەتو پەرلەمانیش بە دیموکراتیزەو بە خەڵکی بوون بکاتو گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیستمی سیاسیی کۆمەڵایەتی کورددا پێک بێت. دیارە ئەو پێورە گشتییانە هەنو دەبێت لە لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکاندا بە سەرنجەوە هەبوونی رژێمەکانی دەوروبەریش وەبەرچاو بگیرێن، کە هەمیشە رۆڵی خراپکارانەیان لە بزووتنەوەی کورددا گێڕاوە، چونکە بنەمای هەر چەشنە ناکۆکییو دووبەرەکایەتییەکی نێوان حیزبە کوردییەکان لە رابردووو ئێستاشدا دەستێکی دوژمنانی کوردی لەگەڵدا بووەو هەمووی دەربەست لە کارتێکەری دەروونی خۆیان نەبووە، بەڵکو بەشێکی زۆری هاوکاریی لاوەکیش کاردانەوەی خۆی هەبووە، هەروەک ئێستاش لەسەر دەسەڵاتی کوردی کاردانەوەی خۆی هەیە، بۆ نموونە لەشکرکێشییەکانی دوژمنان بۆ سەر خاکی کوردستانو گەرمکردنی کورەی شەڕە ناوخۆییەکان بەیانگەری ئەو راستیەن.

زیاد لەوەش مومکینە رەهەندی گۆڕانکارییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی کوردستانو دەرەوەی وڵاتیش چ لە بواری سیاسییو دیپلۆماسییو چ لە بواری ئابووریو کۆمەڵایەتی لە دەروونی دەسەڵاتی سیاسیی حیزبی کوردیدا کارێکی دژوار بێت، چونکە ئەوان پچکیان بەم سیستمە کۆنە گرتووە، کە خۆیان لە بەرژەوەندی خۆیان دایانمەزراندووەو کادیرو پێشمەرگەکانیان بە فەرهەنگی عەشیرەگەراییو پەیڕەوی کردن لە بڕیارەکانی تاکی سیاسیی، پەروەردەو گۆش کردوونو خێرو بەرژەوەندی هاوبەشی خەڵکی کوردستانیان بە دونیای لە بیرچوونەوەی خۆیان سپاردووە.لەم رووەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکانی کوردیدا بەگشتییو دەسەڵاتی سیاسیی کورد بە تایبەتی لە باشوور نە گۆڕان دروست دەبێتو نە دیموکراسی بە واتاکانی خۆی گەشە دەکاتو دەچەسپێت. یەکێک لە هۆکاری گرنگی گۆڕانە سیاسییەکان چاکسای کردن لە دامودەزگا حیزبیو حکومییەکاندایە، کە با ئاشکرا خۆی دەربخات، کە هەتا تەپڵی سەریان لە گەندەڵییدا نقوم بوونو ناشتوانن لاری لەم راستییە بکەن، کەواتە لەوڵاتێکدا، کە ئیمکانی چاکسازییو سەرهەڵدانی شۆڕشێکی سپی لەژێر چەتری رۆشنەگەریدا نەبووە، ناچار ریفۆرمخوازان لە رادەی سەرەوەرا ریفۆرمیان دەست پێکردووە. هەروەک دیتمان چۆن لە رادەی سەرووی یەکێتیی نیشتمانیدا نەوشیروان مستەفاو هاوبیرانی بە پشتیوانی نووسەرانو سیاسەتمەدارانی کورد پرۆسەی گۆڕانیان دەستپێکردو شۆڕشێکی سپییان بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە رێکخستو خەڵک پشتیوانی لێکردن. بۆ نموونە لە هەندێک وڵاتانی دونیاش وەک ئینقلابی میجی لە ژاپۆن لە ساڵی (١٨٦٨)و چاکسازیی بەناوبانگی بیسمارک لە ئەڵمانیاو ئەو دواییانەش گۆرباتشۆف لە یەکێتیی سۆڤیەتی پیشوو رەوتێکی ئەوتۆیان گرتەبەر، کە ئەمڕۆش لە کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان گرتوویەتەبەر. ئەوانە هەر هەموویان گۆڕانکاری سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتی گەورەیان بە دوای خۆیاندا هێنا، کە لە رادەی سەرێ را دەستیان پێکرد. بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شێوە کە سەرچاوەی لە دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵقوڵاوە، بێگومان مێژوویەکی نوێ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا دروست دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بارودۆخی سیاسییو جیۆپۆلۆتیکی کوردستان جیا لەو وڵاتانەیە کە ئاماژەمان پێکردن، بۆیە وێ دەچێت گۆڕانکارییەکانیش لە سەرەخۆو درێژخایەن بنو زەمەنێکیشیان بوێت هەتا بتوانن رەوتی خۆیان بپێون. بەڵام هەرچۆنێک بێت گۆڕانکاری لە سیستمی حیزبایەتیو دەسەڵاتو شێوازەکانی دەوڵەتداری لەکوردستان زەرورەتێکی سەردەمییو نیشتمانییو نەتەوەییەو کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێت هەروا بە سانایی بەسەریدا باز بداتو دەبێت پێی بگات. حیزبی کوردیش، یان تاکی سیاسیی لە نێو حیزبەکان ناتوانن لەمە بەدوا، لە پێناو سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیاندا، رۆڵەکانی گەل بە یەکتر بەکوشت بدەنەوە. لەم رووەوە پێویستە سیاسەتمەداران، رووناکبیرانو نووسەران، ژنانو ئافرەتان، خوێندکارانو قوتابیانو کۆمەڵانی خەڵک بە گشتییو بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی بە پاراستنی ئوسوڵو پرەنسیپە سیاسییەکان، لە رێگەی دیموکراسییەوە هەوڵ بدەین ئەو ئەرکە نەتەوەییو نیشتمانییەی کە دەکەوێتە سەرشانمان بە شێوەیەکی گونجاو، کە زیان بە یەکگرتوویی ریزەکانی گەلو ستراتیژیکی هاوبەشی نەتەوەییمان نەگەیەنین، بە ئەنجامی بگەیەنینو هەموومان رۆڵی خۆمان لەم بوارەدا ببینین. هەتا بتوانین لە ژێر چەتری پرۆسەی دیموکراسیدا حکومەتێکی دادپەروەری هەمەلایەنەی سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتی بە شێوەی دیموکراتیک، کە بریتیی بێت لە دەسەڵاتی خەڵک بەسەر خەڵکدا، لە جێگەی حکومەتی دوو حیزبیو تاک دەسەڵاتی لە کوردستان دابنێین، کە لەوێدا هەموو نیازو خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە شێوەی یەکسان دابین بکرێت، هەر بەم جۆرەش دەبێت رێگر بین لەبەردەم هەر چەشنە چەواشەکارییەکی حیزبە کوردییەکان لەسەر ئاستی کوردستان، واتا کۆنترۆڵی سەرکردە دۆڕاوەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات بکەین بۆ ئەوەی نەهێڵین کوردستان لەوە زیاتر لێک داببڕێو سەرکردەکانیش لەمە زیاتر حیزبەکان چکۆڵە بکەنەوە. من پێموایە؛ ئەو سەرکردەو سکرتێرانەی کە حیزبە کوردییەکانیان چکۆڵە کردوونەوە، لە دەروونـدا خۆیان چکۆڵە بوونو تازەش نە بە خەڵک گەورە دەکرێنەوەو نە مێژووش بە گەورەیی ناویان لەخۆیدا تۆمار دەکات. هە بۆیەشە کە خەباتو تێکۆشانی بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان بەگشتییو لە چاوچێوەی تیۆری سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، وەک دیاردەیەکی پرشنگدارو پیرۆز، لە جێی خۆیدا دێتە ژماردنو خەڵکی کوردستانیش بە هیواو ئومێدێکی زۆرەوە دەڕواننە ئاسۆی روونی ئەو بزووتنەوەیە.

# مامۆستایان بۆ بێدەنگن؟؟!

**ئاری ئەحمەد رەحیم***

دەمەوێت ئەم پرسیارانە لە مامۆستایان بکەم، دوای وەڵامدانەوەشیان دەپرسم ئەی بۆ بێدەنگن؟

١) هەموو کەس باش دەزانێت کە هەرێمی کوردستان نرخی کاڵاکانی لەهەموو شارەکانی تری عێراق بەرزترەو لەناو هەرێمیشدا بەتایبەتی ئەو حاڵەتە لە شاری سلێمانی بەدی دەکرێت، کەواتە بۆ داوای دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان ناکەین؟ بەتایبەتی لە ئێستادا کە دەزانین بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی هەرێم زۆر جێگیرو بگرە ئارامیشە، بەڵام ئەوەشتان بیردێنمەوە کە هەڵوێستوەرگرتنتان تەنیا بۆ پارە نابێت هەروەک بەرپرسانمان باسی دەکەن، بەڵکو هەموو باش دەزانین کە مامۆستایان پێشەنگ بوون لەسەرجەم جۆرەکانی قوربانیدان لە رۆژە سەختەکانی خەباتی کوردستاندا، هەر بۆنموونەو بۆ بەرچاوی بەرپرسان(حکومەتی هەرێم تائێستاش مووچەی مانگی ئابی (١٩٩٦)ی مامۆستایان قەرزارە)و مامۆستایانیش بێدەنگبوون، بەڵام باچیتر بێدەنگ نەبین.

٣) پەیتا پەیتا فەرمانبەران زەوی وەردەگرن، ئەی بۆ زەوی بۆ مامۆستا نییە، بۆچی هیچ رێکخراوو سەندیکایەک ناوێرێت لەم بابەتە بدوێت و لێی بکۆڵێتەوەو بەتایبەتیش (یەکێتی مامۆستایان)، لێرەدا کوا جێ دەستی؟

٤) سەرتان نەسوڕماوە لە جێگیرنەکردنی بەرنامەو پرۆگرامو بڕیارەکان بۆ ساڵی خوێندنو دەرکردنی بڕیاری بەپەلەو نادرووستو لابەلا، ئەمە یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردە، چونکە ساڵانە کۆمەڵێک بڕیار دەردرێت کە هەندێکی لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندنەوە دەدرێت، پاشان لە نیوەی دەوامدا کۆمەڵە بڕیارێکی تر دەدرێت کە جیاوازە لەبڕیارەکانی پێشتر، هەروەها لەکۆتایی دەوامدا کۆمەڵە بڕیارێکی تر دەدرێت، ئەمەش وا دەکات کە بەڕێوەبەرەکان جێگیر نەبن لەبڕیارەکانیانداو بەم کارەش دەوامو پرۆسەکە شلۆق دەبنو پاشانیش بەڕێوەبەرەکان ناتوانن پلانی ساڵانەی خۆیان ئەنجام بدەنو جێگیری بکەن.

٤) ئایا گرنگی نەدان بە رۆڵی مامۆستایانو نوێنەری مامۆستایان لەناو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا، هەروەها بەشداری پێنەکردنیان لە لیژنەکانی ناو بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەدا هەست پێناکەن؟ کە هەموو ساڵێک لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە هەڵدەبژێررێنو دیاری دەکرێن، بەڵام پاشان هەر لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە وەلادەنرێنو پشتگوێدەخرێن، ئەی کەواتە ئەم هەمووهەڵبژاردنە بۆ؟

٥) ئایا بینیوتانە گرنگی بە تاکە رۆژەکەتان بدرێت کە رۆژی (١٠/٦) جەژنی مامۆستایانە؟ ئایا ناتانەوێت وەک هەموو جەژنەکانی (ئافرەتان، کرێکاران، ڤالانتاین، دایکان یان .......) بەرپرسان پیرۆزباییتان بۆ بنێرن.

٦) دواخستنی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانو شەرعییەتدانەوە بە خۆیانو بەردەوامبوونیان لەو پۆستەدا وەک نوێنەری مامۆستایان بۆماوەیەکی دیاری نەکراو سەغڵەتی نەکردون؟ کە دەبوو هەموو چوار ساڵێک جارێک هەڵبژاردن بکرایەو نوێنەری راستەقینەی خۆتان هەڵبژاردایە.

٧) ساڵانە کۆمەڵێک مامۆستا دەنێررێنە دەرەوەی وڵات، ئایا دەزانن لەسەر چ بنەماو لەسەر چ بنچینەیەک ئەو بەرێزانە دەنێردرێنە دەرەوە، ئەو پرسیارەتان لەخۆتان کردووە کە ئایا لەسەر بنەمای لێهاتوویییە، یان پێداویستی ئەو مامۆستایانەیە بۆ ئەو ناردنە، یان تەنیا لەبەر پلەو پایەو ناسیاوییە؟، چونکە ئەگەر وا نیە ئەی ئەوانەی کە تا ئێستا چوون بۆ دەرەوەی وڵات، چ گۆڕنکارییەکیان کردووە لە پرۆسەی پەروەردەدا؟ چ بەرنامەیەکیان دارشت بۆ گۆڕانی بەرنامەو پرۆگرامی پەروەردە؟ تائێستا چەند سیمیناریان سازکرد لە بواری پەروەردەدا؟

پرسیارە گشتییەکەم ئەوەیە (ئەی بێدەنگترین چینی کوردستان، سەرەڕای ئەم هەموو ناهەقییەی کە بەرامبەرتان دەکرێت، بۆ بێدەنگن؟)

* مامۆستا

# دەستەی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی مامۆستایان پێکدێت

**سیروان عەول**

ژمارەیەک لە مامۆستایانی ناڕازیی دەستەی داکۆکیکردن لەبەرژەوەندییەکانی مامۆستایان پێکدێنن بە پاساوی ئەوەی کە «یەکێتی مامۆستایان نوێنەرایەتی راستەقینەی مامۆستایان ناکات».

ئێوارەی رۆژی (٩/٣) دەستەی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی مامۆستایان کۆبوونەوەیەکیان کردوو لەو کۆبوونەوەیەدا داوایان لە پەرلەمانی کوردستانو لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد فشار دروستبکەن،بۆئەوەی هەڵبژاردنێکی شەفافی ئازادانە لە یەکێتی مامۆستایان ئەنجامبدرێت بۆ دوورخستەوەی دەستی حیزب، هاوکات داوا لە ستافی یەکێتی مامۆستایانی ئێستادەکەن(کەنوێنەرایەتی راستەقینەی مامۆستایان ناکەن)، دەست لە کاری رێکخراوەیی بکێشنەوە.

کوێستان عەزیز، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە بزووتنەوەیەکی مامۆستایان دروستبکەین لە هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەدا بۆ دیاریکردنی پشتگیرییەکانی مامۆستایان بۆئەوەی داواکارییەکانمان بۆ جێبەجێبکرێتو حیزبو حکومەت لە یەک جیابکرێتەوە».

کوێستان گومانی هەبوولەوەی یەکێتی مامۆستایان بەپێی ئەوپێشینەیەی کە هەیان بووە بە هیچ شێوەیەک لە خزمەتی مامۆستایاندا بووبێتن، بەڵکو «تەنیا مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان جێبەجێکردوە». لێدوانەکانی ئەو مامۆستایە لە کاتێکدایە کە سیروان نوری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان بە رۆژنامەی راگەیاند کە ئەوان بەهیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو کۆبوونەوانە نین.

ئاری ئەحمەد، یەکێک لە سەرپەرشتیارانی دەستەی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی مامۆستایانی ناڕازی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەک مامۆستایانی سەربەخۆ کە سەر بە هیچ لایەنو رێکخراو حیزبێک نین ئەمە دووەم کۆبوونەوەمانەو ئامانجمان تەنیا کارکردنە بۆ مامۆستایان، چونکە تائێستا یەکێتی مامۆستایان نەبووەتە دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مامۆستایان».

ئاماژەی بەوەشکرد کە بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بە مامۆستایان هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوە دەستپێدەکەن بەو هیوایەی داواکانی مامۆستایانی ناڕازی بدەنە پەرلەمانی کوردستانو لایەنە پەیوەندیدارەکان کە فشار دروستبکەن بۆ دوورخستنەوەی حیزب لە بواری پەروەردەو فێرکردن.

# یەکێتی مامۆستایان لەژێر گوماندا

**شارا عەبدولڕەحمان**



یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٢)ەوە کۆنگرەی نەبەستووەو ساڵانەش هەر دەرچوویەکی پەیمانگا یان زانکۆ لەگەڵ دامەزراندنیدا بە مامۆستا راستەوخۆ بێ وەرگرتنی رەزامەندیی خۆی دەبێتە ئەندام لەو یەکێتیەداو لە وەرگرتنی یەکەم مووچەیەوە مانگانە بڕی (٧٥٠) دیناری وەک ئابوونە لێدەبڕدرێت.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ماوەی چوار ساڵە شەرعیەتی لە دەستداوەو تاکە رێکخراوە لە دنیادا کە بەبێ خواستی ئەو چینەی نوێنەرایەتیان دەکات ئەندام وەردەگرێت، هەر بەو هۆیەشەوە لەئێستادا زیاتر لە (١٠٠) هەزار ئەندامی (زۆرەملێی) هەیە.

ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی کوردستان لە ئێستادا لە ئاستی رێکخراوەکەیان ناڕازینو چەندین کەموکورتیی بۆ ئەو مەبەستە دەخەنەڕوو، ئاماژە بەوەدەکەن، کە ئەو رێکخراوە نوێنەرایەتییان ناکات.

## پێکهاتەی رێکخراوەکە:

سەرۆکایەتی رێکخراوەکە پێکهاتووە لە سەرۆکو جێگر، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی یەکێتی مامۆستایانی سلێمانیو سەندیکای مامۆستایانی کوردستانی هەولێر، سەرۆکایەتی رێکخراوەکە پێکهاتووە لە دوو سەرۆک، هەر شەش مانگ جارێک سەرۆک لە یەکێک لەو دوو حیزبەیە (یەکێتی، پارتی).

ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیی کە پێکهاتوون لە ئەندامانی سکرتاریەتو ئەندامە یەدەگەکانو سەرۆکی لقەکانو ئەندامانی مەکتەبەکان، کە زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیی پەنجا بە پەنجا لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دابەشکراونو نوێنەری هەریەک لە حیزبەکانی شیوعی، سۆسیالست، یەکگرتوو، زەحمەتکێشان، کۆمەڵی تێدایە.

دوای ئەوانیش ئەندامانی لقەکانو ئەندامەکانی یەکێتی مامۆستایان دێت کە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان دەگرێتەوە.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆ یان یاسای رێکخراوەکە ئەندامانی سەرەوەی یەکێتی مامۆستایان نابێت پۆستی باڵای پەروەردەییان هەبێت، بەڵام لەم رێکخراوەدا پێشێلی یاساکە کراوەو زۆربەی ئەندامانی باڵای رێکخراوەکە بەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەری گشتین، لەلایەکی دیکەشەوە نابێت ئەوانەی بەرپرسیارێتیان لە رێکخراوەکەدا بە دەستەوەیە فەرمانبەربن، بەڵام چەند کەسێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیی فەرمانبەرنو مانگانەش ئابوونە نادەن لەبەرئەوەی مامۆستا نین.

## کۆنگرەی رێکخراوەکە

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٢)و لەدوای کۆنگرەی دەیەمەوە هیچ کۆنگرەیەکی نەبەستووە، بەو هۆیەشەوە ماوەی سێ ساڵە ئەو رێکخراوە شەرعیەتی لەدەستداوەو نوێنەرایەتیی ئەو مامۆستایانە ناکات کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بوونەتە ئەندام، بەوهۆیەشەوە مامۆستایان داوای کۆنگرەیەکی فیعلیی دەکەن کە نوێنەری سەرجەم مامۆستایانی بەبێ ئینتیمای حیزبیی تێدابێتو ئەو یەکێتیە دووربخرێتەوە لە پەنجا بە پەنجای یەکێتیو پارتیو دەستێوەردانی ئەو دوو حیزبە بەسەر کاروبارەکانییەوە».

بڕیارە لە مانگی شوباتی ساڵی داهاتوودا یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کۆنگرەی یانزەیەمینی خۆی ببەستێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە کێن ئەوانەی دەبنە ئەندامی کۆنگرە؟

ئەو کەسانەی کە بەڕێوەبەری تەنفیزیی یەکێتیەکەن راستەوخۆ دەبنە ئەندامانی کۆنگرە کە زۆربەیان سەر بە یەکێتیو پارتینو نوێنەری حیزبەکانی دیکەشی بە تەوافوق تێدایە، بەو هۆیەشەوە هەرچەند ئەندامانی تەنفیزیی دەربچن هەر لەو حیزبانە دەبنو نوێنەرایەتیی ئەو حیزبە دەکەن لە رێکخراوەکەدا، نەک نوێنەری راستەقینەی مامۆستایانو لایەنێک نابێت بۆ کۆکردنەوەی مامۆستایان لەکاتی بوونی کێشەیەکدا، بەڵکو بەهۆی ئیلتیزاماتی بۆ سەرەوەی خۆی لە حیزبەکەیدا ناتوانرێت زۆر بڕیار هەیە بدرێت، هاوکات لەدوای رێکەوتنی ستراتیژیی یەکێتیو پارتیو یەکگرتنەوەی یەکێتیو سەندیکای مامۆستایانی هەولێرو سلێمانی دانان لە مەکتەبی سکرتاریەتدا بووەتە دامەزراندنو نوێنەرەکانی لەو دوو حیزبەن.

## مامۆستایان نایانەوێت ببنە ئەندام

لەماوەی رابردوودا ژمارەیەک لە مامۆستایان بە نووسراو داوایان لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کرد، کە نوێنەرایەتیی ئەوان هەڵپەسێرێتو چیتر ئەوان وەک ئەندامی خۆیان نەناسێت، بەڵام تاکە وەڵامی یەکێتی مامۆستایان بۆیان ئەوەبوو کە (١٢٥) هەزار دینارەکەی دەرماڵەی سەر مووچەکەی مامۆستایان دەستکەوتی یەکێتی مامۆستایانەو هەرکەسێک نایەوێت ئەندام بێت نابێت ئەو (١٢٥) هەزار دینارەش وەک دەرماڵە وەربگرێت.

## مامۆستایان داواکارییان هەیە

لە ئێستادا مامۆستایان چەند خاڵێکیان وەک داواکاریی بەرزکردوەتەوە کە بریتین لە: دەرماڵەی وانەبێژیی زیاد بکرێت.

لەم بارەیەوە دەپرسن، ژمارەیەک لە مامۆستایان زیاد لە سێ ساڵە ناویان بۆ وەرگرتنی زەوی دەرچووە، بەڵام تائێستا پێیان نەدراوە، یەکێتی مامۆستایان چیکردووە بۆ ئەمە؟

هەرچەندە لەماوەی رابردوودا یەکێتی مامۆستایان ئاماژەی بەوەکردووە، کە چەندین هەوڵی هەبووە لە بواری خزمەتکردنی مامۆستایانو پێدانی دەرماڵەدا، بەڵام وەزارەتی دارایی بێئاگایی خۆی لەوبارەیەوە راگەیاندووە.

## دەستێوەردانی یەکێتیو پارتی

کۆتایی مانگی ئابی رابردوو دوو ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی مامۆستایان بە بیانووی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە لە یەکێتیەکە دەرکران، ئەمەش بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بوو.

هاوکات بۆ چارەسەری کێشەکەش شێخ عەففان نەقشبەندی، یەکێک لە سەرۆکەکانی یەکێتی مامۆستایان، ئاماژەی بەوە کردبوو؛ کە ئەو دوو ئەندامە بۆ کارکردنیان لە یەکێتیەکەدا پێویستیان بە رەزامەندییو داواکاریی لیستی گۆڕان هەیە.

خوێنەرانی رۆژنامە دەتوانن بابەتەکانی پەروەردەو خوێندن بنێرن بۆ ئیمەیلی
perwerde.rozhnama.gmail.com



# سوێندو بەرپرسیارێتیی سەرۆک

ئاوات شێخ جەناب

**بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ئەم ڕەوشە ناسروشتیو نایاسایی و نادیموکراسییە، وا دەخوازێت سەرۆکی هەرێم کە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو لە (٨/٢٠)دا سوێندی یاسایی خواردووە، سنوورێک بۆ ئەو کارە دزێوانە دابنێت کە بوونەتە مەترسیی لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و یەکێتیی ریزەکانی، کە بەپێی یاساو دەستووری پێشنیازکراوی کوردستان و سوێندە یاساییەکەی، ئەرکی ڕاستەوخۆی بەرێزێتی**

لە پێش هەڵبژاردن و دروست هەر لە ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان و بەشداریکردنی لەو پرۆسەیەدا، ڕۆژ بەڕۆژ کەشو هەوایەکی گرژو ئاڵۆزو پڕ لە هەڕەشەو نانبڕین و دەرکردن و گواستنەوەو لە پۆست لابردن...هتد لە سنووری پارێزگای سلێمانی «ئیدارەی سلێمانی» دەستپێکردو تائێستاش نەک لە پەتای هەڵبژاردن دەرنەچووە، بەڵکو بەردەوامەو دەکرێت بە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا لە قەڵەم بدرێت.

بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ئەم ڕەوشە ناسروشتی و نایاسایی و نادیموکراسییە، وا دەخوازێت سەرۆکی هەرێم کە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنەو لە (٨/٢٠)دا سوێندی یاسایی خواردووە، کە تیایدا هاتووە «یەکێتی و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان» دەپارێزێت و «پابەندی دەستووری کوردستان دەبێت»و لەو ڕۆژەوە بەپێی یاسا دەستبەکارە، بێتە جواب و سنوورێک بۆ ئەو کارە دزێوانە دابنێت کە بوونەتە مەترسیی لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و یەکێتیی ریزەکانی، کە بەپێی یاساو دەستووری پێشنیازکراوی کوردستان و سوێندە یاساییەکەی، ئەرکی ڕاستەوخۆی بەرێزێتی.

ئاشکرایە لە دوای هەڵبژاردنەکانی(٧/٢٥)ەوە گۆڕان لە سنووری ئیدارەی سلێمانی «قەڵەمڕەوی جارانی یەکێتی» زۆرینەی دەنگەکانی هێناو پێش لیستی کوردستانی کەوت، واتە لە نزیکەی نیوەی هەرێمدا بردیەوەو لە هەولێریش پتر لە سەد هەزار دەنگی هێنا.

لە سنووری سەوزی جاراندا، ئەگەر پارتی ڕازی بێت و دەنگەکانی لیستی کوردستانی دابەشی دوو بکرێت، ئەوا لەو سنوورە گۆڕان بە زیاتر لە سەد هەزار دەنگ لە پێش یەکێتییەوەیە کە ئێستا یەکێتی تیایدا دەسەڵاتدارە... وردتر دەکرێت بوترێت ئێستا لەوێ کەمینە حوکمی زۆرینە دەکات. ئەم کەمینە دەستڕۆیشتووەی ئەمڕۆ، بە سوودوەرگرتنی خراپ لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی، زۆر دڵڕەقانەو دوور لە یاساو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت، بەردەوامە لە دەرکردن و نانبڕین و لابردن و دوورخستنەوەو بەرکەنارکردنی گۆڕانخوازانی «زۆرینە» لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. بەدڵنیاییەوە ئەم ڕەفتارە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەل ناکات و دژو ناکۆکە لەگەڵ دروستکردنی یەکێتیی کردارو گوفتاری نەتەوەیی و سیماو پیاهەڵدانی دیموکراسییەتی هەرێم لە بەردەم هەموو دنیا ناشیرین و ڕسوا دەکات و یەکێتیی ریزەکانی گەل دەخاتە بەر هەڕەشەی لێکترازان و هەڵوەشان و هەستی نیشتمانپەروەریی و هاوڵاتیبوون لاوازو هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر گەل و نیشتمان دەخاتە ژێر مەترسیی ڕاستەقینەوە، کاتێک منداڵێکی کۆرپە لە سایەی سزای دەستەجەمعیدا، شیرخواردنی لێ یاساغ دەکرێت لە ڕێگەی مووچەبڕینی بەخێوکەرەکەیەوە، یان پێشمەرگەیەکی خانەنشین یان کەمئەندامی سەنگەرو زیندانییەکی سیاسیی یان منداڵە شەهیدێک نانبڕاو دەکرێت، تەنیا لەبەر دەرنەچوونی یەکێتیی لەو ناوچانەو سزای بە کۆمەڵ بەسەر خێزان و بنەماڵەو هەموو ئیدارەی «سەوزی جاران لە سلێمانیدا دەسەپێنرێت، لێرەوە ئیتر چ دوو ڕاییەک بۆ یەکێتیی ریزەکان و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان دەمێنێتەوە؟!» لە وڵاتێکدا بۆ چواریەکی هاوڵاتییانی نەبێت لە وەزارەتی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس و هەموو فەرمانگە حکومییەکاندا بەشدارو بەرپرس بن، ئیتر قوڵایی ستراتیژی گەلی کوردستان دەکەوێتە کوێوە؟! تۆ بڵێی لە دیوەخانی میرەکانی جەنگی یەکێتیدا دابین و مسۆگەر بکرێت؟! یان یەکێتیی ریزەکانی گەلی کوردستان لەو سنوورەدا بە زۆرەملێیی بە یەکێتی بە زۆر دابین بکرێت.

لە هەرێمێکدا تەنیا بۆ (٥٧٪) پێکهاتەکەی بۆ تەنیا دوو حیزبی هەبێت لەشکری یەکگرتووی کوردستان پێکبهێنن و هەموو حیزبەکانی دیکەو بێلایەنەکان بێبەش بکەن، دەتوانێت لە پشتیوانی هەموو گەلی کوردستان بەهرەمەند بێت و فەرماندەی گشتیی ئەو لەشکرە کە خودی سەرۆکی هەرێمەو بەرپرسیاری یەکەمی سەرکەوتن و شکستە، دەتوانێت دڵنیابێت بە هەموو پشتیوانی و تواناکانی گەلەکەیەوە لە شەڕە چارەنووسسازەکاندا «ئەگەر ڕوویدا» بەرامبەر «ئەگەری مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان»؟! بە خۆشەویستی و پشتیوانی و هەموو توانای گەلی کوردستانەوە شەڕ بکات و سەرکەوتوو بێت؟!

لە لایەکی دیکەوە لە سوێندەکەی سەرۆکی هەرێمدا هاتووە «ئەرک و فەرمانەکانم بەڕاستی و بە دڵسۆزیی بەجێ بگەیەنم و پابەندی دەستووری هەرێمی کوردستان بم»، ئەم سوێندە هانمان دەدات دڵسۆزانە بەڕێزی ئاگادار بکەینەوە لەو دەستوورشکێنییەی ئێستا بە ڕیتمێکی بەردەوام و ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت و بڕگەکانی مادەی (١٩)، کە تایبەتە بە کەرامەت و ژیان و ئازادیی لە دەستووری پێشنیازکراوی کوردستاندا بە نموونە بهێنینەوە، کە لە کۆی بیست بڕگەی ئەو مادەیەدا چواردە بڕگەی کە تایبەتە بە کەرامەتی ئینسان و ئازادیی و مافی ژیان و سووکایەتی پێنەکردن و بێگاریی پێنەکردن و ئاسایشی تایبەتی و کەسی و ماف و ئازادیی دەربڕین و دەنگدان و چاودێرییەکردنی نایاسایی و ڕێگریی دروستنەکردن لە پەرەپێدانی تازەپێگەیشتووان و گەنجان و وەرزشکاران و ئازادیی کۆبوونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵەو پابەندبوونی هەموو حیزبەکان بە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و حوکمەکانی ئەم دەستوورەو ڕێگریی لەو چالاکییانەی زیان بە سیستمی دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت و دەبێت بە هەڕەشە لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە... تێکڕای ئەم بڕگانە یان بەشێکی پێشێلکراوە کە هەمووشیان لە دەستووری عێراقدا جێگیرن و گەلی کوردیش دەنگی پێداوە.

بۆیە دوای ئەم سوێندەی سەرۆکی هەرێم و دووپاتکردنەوەی لە وتارەکەیدا، «چونکە سوێندێکی گەورەیە و هەمووشمان دەبێت پابەندی ئەو سوێندەبین» ئامادەیی نیشاندان بۆ جیاوازینەکردن و گوێ لە ڕەخنەگرتن «هەتا ئەگەر ڕەئیش بێت لە پێناوی گەل و نیشتماندابێت». ئێستا بەڕێزی بەپێی سوێندەکەی و وتارەکەی بەرپرسیارێتیی مێژوویی و یاسایی و نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئەستۆدایەو با بزانین لەم تاقیکردنەوەی داکۆکیکردن لە مافی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەدا سەرکەوتوو دەبێت.



# ئیتر .. موازنە !

کامیل ژیر

**ئەگەر لە ئێستادا نەشتوانرێ پارەوە حەرامەکان لە قورگی گەندەڵەکان بهێنرێنە دەرێ، ئەوا ئێوە ئەتوانن و پێویستە، بە وردەکاری و بەدرشتەکارییەوە، وەڵامەکان بخەنە بەردەم میللەت**

بیرمە، نزیکەی شەست ساڵێک لەمەوبەر، پیاوێکی ئێسک سوکی ڕوخۆش کە کارمەندێک بو لە خەستەخانەی سەرەوەی سلێمانی و ماڵەکەی لە گەڕەکی سەرشەقام بو، بە ناو بازاڕی گەورەدا ئەچو بۆ سەر کارەکەی و ئەگەڕایەوە بە دەم ڕۆیشتنەوە، هەمیشە ئەم دو وشەیەی (ئیتر، موازنە) دوبارە ئەکردەوە. خەڵکەکەش وردە وردە وایانلێهات کە هەر حەمە ساڵح دەرکەوتایە، بە یەکێک لەو دو وشەیە پێشوازیان لێئەکرد. ئەویش بە وشەی دوەم وەڵامی ئەدانەوە: (ــ ئیتر * موازەنە * موازەنە ــ ئیتر).

کردەوەکەی حەمە ساڵح هەرچەندە لە هی شێت ئەچو، بەڵام لە ڕاستیدا، خۆی پیاوێکی ئاساییبو. هەتا مردیش، نهێنی ئەو دو وشەیەی نەدرکاند. کە لێیان ئەپرسی مەبەستت لە (ئیتر) چیە؟ ئەیوت(موازەنە) ئەی مەستت لە موازەنە چیە؟ ئەیوت: ئیتر!

ئەڵێن مێژو خۆی دوبارە ئەکاتەوە. ئەوە هەژدە ساڵە، لە هەرێمی کوردستاندا، وەڵامی پرسیاری موازەنە (میزانیە) جۆرێکە لە ئیترە تەمومژاوییەکەی حەمە ساڵح! لێرەوە ڕوی دەمم ئەکەمە بەرهەڵستەکانی ناو ئەم دەورەیەی پەرلەمانی کوردستان و ئەڵێم: نەکەن ڕێبدەن ئەم دەسەڵاتەش، وەک حەمە ساڵح، نهێنی موازەنەکەی ئێستەو هەژدە ساڵی ڕابردو لەگەڵ خۆیاندا بەرنە گۆڕ! ئەمە مەرج و پێوانەی یەکەمە بۆ سەرکەوتنی ئێوەی نوێنەری ئەو ڕەشو ڕوتەی هەژدەی ساڵە مافیان ئەخورێ. ئەرکی سەرشانتانە بچنە بنج و بناوانی هەمو داهاتەکانی ئەو هەژدە ساڵی ڕابوردوە و ئەم چوار ساڵی داهاتوە. بڕ یان؟ چەندێتی و جۆرێتی و چونیەتی و ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی خەرجکردنیان، کۆمێشن و بەرسمێڵ؟ بۆ کام گیرفان و... هتد؟ ئینجا ئەگەر لە ئێستادا نەشتوانرێ پاروە حەرامەکان لە قورگی گەندەڵەکان بهێنرێنە دەرێ، ئەوا ئێوە ئەتوانن و پێویستە، بە وردەکاری و بەدرشتەکارییەوە، وەڵامەکان بخەنە بەردەم میللەت. دڵنیابن دادگای گەورە، ئەمڕۆ یا سبەی، میللەتە، بەڵام هیچ دادگایەکیش بەبێ لێکۆڵینەوە و بەبێ بەڵگە و بەبێ خاڵ خستنەسەر پیتەکان، بڕیاری دادپەروەرانەی بۆ نادرێ و بە ئیتر و موازەنەی ڕوت هیچ ناکرێت.

بەڵگەبەندیش، ئەبێ لە جێگەی خۆیدابێ و بوار نەدرێ کاتی بەسەر بچێ. ئەبێ سەرەتای کارتان لە موازەنەکەدا بێ و گوێ لە ئیتر نەگرن. ئایندەی گۆڕانیش، بردنەوەی گرەو یا دۆڕاندنی، لە ئەستۆی ئەو چل پەرلەمانکارە بەرهەڵستەدایە، کە چل ملیۆن چاویان لە سەرە و مێژوش ڕەحم بەکەس ناکات و ئیش کە ڕوی لە هەورازە، سەرەو لێژی نەکەن.



# ماندێلاو وەفای سەرکردەکانی ئێمە

مەجید ساڵح

بەسەرهاتی ژیانی نیلسۆن ماندێلا وەک مەزنترین پیاوی سەر گۆی زەوی، ژیانی ئەو داستانێکە پڕە لە پەندو عیبرەت بۆ مرۆڤایەتی بەگشتیی و سەرکردەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، زۆربەمان دەزانین ماندێلا لە ساڵی (١٩٦٤) بۆ ساڵی (١٩٩٠) لەپێناوی نەهێشتنی سیاسەتی «ئەپارتایت» لە باشووری ئەفریقا لە زیندانداببوو، کاتێک لە ساڵی (١٩٩١) هەڵبژاردن لە باشووری ئەفریقا ئەنجامدەدرێت و بۆ یەکەمینجار ڕێگە بە ڕەشپێستەکان دەدرێت بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکەن، ماندێلا ناهێڵێت ئەو بۆنەیە هەروا بە سادەیی بەسەریدا تێپەڕببێت، بۆیە خۆی بۆ دەنگدان دەگەیەنێتە شاری «ناتال»، ئەو شارەی کە مەزارگەی «جۆن دوبی» دامەزرێنەری حیزبی کۆنگرەی گەلی ئەفریقی لێیە. ماندێلا لە بیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیە باس لەو دەنگدانەی خۆی دەکات: «پاش دەنگدان چوومە سەر مەزاری «جۆن دوبی»، ئەو ساتەم لە بیرکردو گەڕامەوە بۆ ڕابردوو، یەکە یەکەی هاوڕێ قارەمانەکانم کەوتنەوە یاد، ئەو هاوڕێیانەی لەپێناوی ئەوەی ڕۆژێک بێت من و ڕەشپێستەکانی دیکە تێدا بە ئازادیی دەنگبدەین، شەهیدبوون». ئەو ژن و پیاوە شۆڕشگێڕانەم کەوتەوە یاد کە بە نرخترین قوربانییاندا بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا سەرکەوتن بەدەستبێنین. ئۆلیفر تامبۆ، کریس هانی، لیتولی ویبرام،.... هەموویانم کەوتنەوە یاد هەستمکرد لەو ساتەدا من بە تەنیا نەهاتووم بۆ دەنگدان، وامدەزانی لەگەڵ مندا ئەوانیش دەنگدەدەن».

دوای چوار ساڵ لە حوکمڕانی وەک یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی باشووری ئەفریقا ماندێلا خۆی خانەنشین کرد. ئێستا ئەو ڕێزەی کە لەلایەن دوژمنەکانییەوە لە ماندێلا دەگیرێت، هیچ کەمتر نییە لەو ڕێزەی کە دۆستەکانی بۆی دادەنێن.

لە فەلەستین، یاسر عەرەفات بەوە بەناوبانگبوو تەسفیەی جەستەیی ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەی خۆی دەکرد کە دواتر ببوون بە بەرهەڵستکاری. بۆ نموونە هەڕەشەی لە هونەرمەند «ناجی العلی» کرد کە «ڕۆژێک دێت لەبەر ئەو کاریکاتێرانەی دەیکەیت، پەنجەکانت دەخەمە ناو تێزابەوە»، ساڵی (١٩٨٧) نەک هەر ئەوەی کرد، بەڵکو شەهیدی کرد، دواتر لەبەرئەوەی «نبیل عمرو»ی سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرو تێکۆشەر ڕەخنەی ئەوەی لێگرتبوو پێیوتبوو «غەزەو کەناری خۆرئاوات کردووەتە مەزرەعەیەک بۆ سەرکردەکانی فەتح» دایە بەر گوللەو قاچێکی قرتاند.

سەرکردەکانی ئێمە بۆ پاداشتی هاوسەنگەرەکانیان، ڕێگەکەی ماندێلایان نەگرتەبەر، لەوەش تێگەیشتوون ئەوەی یاسر عەرەفاتیان بۆ ناچێتەسەر، بۆیە ڕێگە سێیەمیان داهێنا «نانبڕین و ناوزڕاندنی تێکۆشەرەکانی دوێنێ و بەرهەڵستکارانی ئەمڕۆ». سەرکردەکانی ئێمە هەر کە تام و چێژی کورسیی دەسەڵاتیان چەشت، خەباتی شاخ و داخ و زیندانی هاوڕێکانییان لە یادکرد. نەک هەر هاوڕێ شەهیدەکانیان لە بیرنەما، بەڵکو کەوتوونەتە وێزەی هاوسەنگەرەکانی زیندەکانی دوێنیان لە جیاتی ڕێزلێنان بۆ ئەو خەبات و تێکۆشانەی کردوویانە لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی خۆفرۆش و قەڵەم فرۆشەوە لە هەوڵی لەکەدارکردنی مێژووی پڕ سەروەریی تێکۆشەرەکانی زیندانەکانی بەعس و شاخەکانی کوردستانن. ئەو جۆرە سەرکردانە لە جیاتی ئەوەی وەک ماندێلا بۆ هەتا هەتایە خۆیان بە قەرزاری ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی میللەتەکەیان بزانن، کەچی داڵدەی کەسێکی وەک تەها محێدین مەعروفی تا سەر ئێسقان خۆفرۆش دەدەن و تا ئەو ڕۆژەی مرد ژیانی دەپارێزن و لەدوای مردنیش بە ڕێزو حورمەتەوە لەناو جەرگەی سلێمانی بە ئازادانە پرسەی بۆ دادەنێن.

ئەم سەرکردانەی ئێمە کەی لەوە تێدەگەن دەبێت نانی چەند کەس ببڕن بۆ ئەوەی فێڵی گەندەڵییان ئاشکرا نەکرێت، زمانی چەند کەس ببڕن بۆ ئەوەی باس لە بەتاڵانبردنی داهاتی ئەم وڵاتە نەکرێت.

دەبێت چارەنووسی نەتەوەیەک چی بێت ئەمە وەفای سەرکردەکانی بێت بۆ ئەوانەی ئەوانیان گەیاندووەتە ئەو پلەو پایەیە؟



# بەرهەمی یەک لیستی چی بوو، تا شینو شەپۆڕی بۆ بکەینەوە؟

ئاسۆ عەبدوللەتیف

**بەهۆی لاوازیی سیاسییە شەرمنەکانی کورد لە بەغدا زۆر شتمان دۆڕاندو بەردەوام سازشمان پێکرا، ئێستا قسەی ڕاست ئەوەیە، ئەم دەسەڵاتەی خۆمان توانای جوڵەی فیزیکی نەماوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەزیداو بە ترساندنی خەڵکو قەوارە سیاسییەکانو لیستەکان ئەوە بڵاودەکاتەوە کە ئەگەر بە یەک لیست بەشداریی پەرلەمانی عێراق نەکەین، ئەوەیشی کە هەمانە لەدەستی دەدەین**

هیندییەکان دەڵێن «بەدەستهێنانی دەستکەوت گرنگ نییە ئەگەر هونەری پارێزگاریت لێی نەبێت»، کورد بە پێچەوانەوە هونەری لەدەستدانی دەستکەوتەکانی زیاترە تا پاراستنیان، لەدەستدانی گوتاری نەتەوەیی بەرامبەر بە سیاسەتی تازەی بەغدا باشترین بەڵگەیەو لە (٦)ساڵی ڕابردوودا ئەوە سەلمێنرا کە دەسەڵاتی کوردی بیر لە دەستکەوتی کاتیو حیزبیی دەکاتەوە تا پارێزگارییەکی درێژخایەنو ستراتیژیی، گرنگترین ستراتیژ ئەوە بووە پێکدادانی خوێناویی ڕوونەداتەوە بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی، ئەم پێکدادانەش نەک لەبەرئەوەی کە شەڕخواز نین یان شەڕزانو ئازا نین، بەڵکو لەبەرئەوەی کە نەبادا ئەوەی کۆمانکردووەتەوە وەک سەرمایەی مادییو خەونی حیزبی لەدەست بچێت، بێئاگا لەوەی کە دەیان سەرمایەی ڕەمزییو نەتەوەییو کەسایەتی هەرێمی خۆمان زایەکرد بە عەرەبو بەغدا، پارساڵ بۆ لەباربردنی مادەی ١٤٠ لە کەرکوک خۆپیشاندانێکی گەورەو خوێناویی ئەنجامدرا لە ٢٠٠٨/٧/٢٧و لە ٢٢ی تەمموزی هەمان ساڵیش ویستیان بە دەرکردنی مادەی ٢٤ دەسەڵاتەکانی هەرێم، نەک خوێناویی بکەن، بەڵکو لە گۆڕیشی بنێن، تا وای لێهات مالیکی کێشەکانی قەرەتەپەو جەلەولاو خانەقینی هەڵایساندو پاشەکشەی پێکردین تا سەرنجی کوردو ڕای گشتیی لەسەر پرسی کەرکوک لابەرێتو ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/١٣ لەخانەقینو ناودۆمانیش بەداخەوە شەهیدی تازەمان بەدەستی حکومەتی نوێی عێراق بەخشی بە لەدەستدانی (عەقید زولفەقار کوێخا مەحمود هەڵەبجەییو هاوڕێکانی).

دەرکەوت کێشەی خانەقین کە ساڵی پار دروستکرا، هێندە گەورە نەبوو کە بەو شێوەیە تیشکی خرایەسەرو گەورەکراو کوردیان پێ ترساندو پاشەکشەیان پێکرد لە قەرەتەپە، لە دەرەوەی کێشەی خانەقینو کەرکوک کێشەی گەورەتر هەبوو، کە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمو لاوازکردنی بوو بە شێوەیەک کە ئەو هەیبەتەی جارانی نەمێنێتو کێبڕکێی بەغدا بکات، چونکە عەرەب ئەمەی قبووڵ نییە، ئەگەرچی کورد لەم گەمەیە بێئاگا نەبوو بگرە دەیزانیو دەسەڵاتی نەبوو کە کوتلەی یەکگرتوو و بەهێزیش بووین لە پەرلەمان، بەڵام بەهۆی لاوازیی سیاسییە شەرمنەکانی کورد لە بەغدا زۆر شتمان دۆڕاندو بەردەوام سازشمان پێکرا، ئێستا قسەی ڕاست ئەوەیە، ئەم دەسەڵاتەی خۆمان توانای جوڵەی فیزیکی نەماوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەزیداو بە ترساندنی خەڵکو قەوارە سیاسییەکانو لیستەکان ئەوە بڵاودەکاتەوە کە ئەگەر بە یەک لیست بەشداریی پەرلەمانی عێراق نەکەین، ئەوەیشی کە هەمانە لەدەستی دەدەین، ئەمەش بێگومان ئەگەرچی بەشێک ڕاستی تێدایە، وەلێ کارەساتەکە بۆ کورد نییەو دەکەوێتە ئەستۆی حیزبو چارەنووسی دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەوە کە ئەو هەموو ساڵە چەند بە لوتبەرزییو غرورەوە سیاسەتیان کردووەو پشکداری هیچ قەوارەو حیزبێکی بچووکیان قبووڵ نەبووە لە پرسە ستراتیژییو دۆسیە ئابوورییە زەبەلاحەکانداو هەموویان بۆ خۆیان قۆرغکردووەو هەرگیز بە گوتارەوە مامەڵەیان نەکردووە، ئەوەندەی بە نەفەسی حیزبەوە ڕەفتاریان نواندووە، ئێستاش وەنەبێت یەک لیستی بمانکات بە دەوڵەتو فرەلیستی کوردستانمان لێبکاتە دۆزەخ، ئەم وەهمە هەمان ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە دروستیانکردووە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستاندا جۆرێک لە شکستیان خواردو پاشەکشەیان کرد لەبەرامبەر هێزە نوێکاندا، بۆیە نایانەوێت ئەوشکستەش ڕووبەڕوویان بێتەوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، کە بە دڵنیاییەوە چارەنووسێکی سەخت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە ئەگەر حیزبە دەسەڵاتدارو پارەدارو مێژوودارەکانی کوردستان لە ناو هەرێمەکەی خۆماندا شەڕی مەدەنیو دیموکراسیی هێزە تازەکانیان پێنەکرێت، ئەوا هەرگیز ناتوانن شەڕی هێزە ڕادیکاڵ مەزهەبو شیعە بنکە فراوانەکانیان پێبکرێت لە بەغدا؟! سیاسەتی تازەی بەغدا دەستبەسەراگرتنی سیاسییانەی هەرێمە بە ڕێگەی دەنگدانی گشتیی، بێگومان لە دەنگدانی گشتیشدا کورد دۆڕاوی یەکەمە، چونکە کەمینەی یەکەمیشە، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە کورد هەرگیز پێویستی بە دەنگی عەرەبو تورکمان نییە کە لە ڕێگەی دەنگدانەوە مافە کلتووریو زمانیو جوگرافییەکانی یەکلایی بکاتەوە، پێویستە بە ڕێگەی گوتارو ستراتیژەوە مامەڵەبکاتو هەرێمی فیدراڵی بەپێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بچەسپێنێت، چونکە دەنگی تاکی عێراقیو کوردیو یەک لیستیو فرەلیستی بۆ هەڵبژاردنەکان زامن نین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، کورد تەنیا دەتوانێت لە ڕێگەی ریفراندۆمی ناوخۆییەوە داوای مافەکانی بکات، نەک بخرێتە ناو چوارچێوەی ململانێیەکی سەختی ئیتنیو مەزهەبیو سیاسییەوە، کە دواجار وەکو کەمینەیەک لەبەرامبەر زۆرینەدا ئیفلیج دەبین، کەواتە ئاڵتەرناتیڤی لەپێش دروستکردنی گوتاری نەتەوەییە، لەپێش گوتاری حیزبیو بەدەستهێنانی مافی کوردیش هیچ پەیوەندیی بە یەک لیستیو فرەلیستییەوە نییە، ئەگەر بە یەک لیستی بوایە دەبوو بە درێژایی کابینەکەی مالیکی کە کورد یەک لیستی هەبوو بەناوی هاوپەیمانیی کوردستانی لە پەرلەماندا، تەواوی مافەکان وەدی بهاتنایە بۆ کوردو هیچ نەبوایە مادەی ١٤٠ کە ئەزعەفولئیمانە.



# سەدو چلو پەرلەمانی کوردستان

لەتیف فاتیح فەرەج

**سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان چوار یاداشتیان لەسەر مادەی «١٤٠»و چۆنێتی جێبەجێکردنی نەداوەتە حکومەتی عێراقی**

لە ماوەی ڕابردوودا مادەی «١٤٠» لە بارودۆخێکی قەیراناوییو ناجێگیرو پڕ هەڵچوونو داچووندا هەمیشە لەنێوان نەیارو یارەکانیدا دەهاتو دەچوو، بە تەواوەتی جێبەجێنەبوونی ئەو مادەیە هەر بە تەنیا نوری مالیکی لێی بەرپرسیار نییە، لە کاتێکدا لە لایەنی حکومەتەوە لایەنە مادییەکەی درەنگو زوو هەر جێبەجێکراوە، هەندێک لە بڕگەکانی جگە لە مالیکی هەریەکە لە تارق هاشمیو عادل عەبدولمەهدیو سەرۆکایەتی کۆماریش دەیانتوانی لە کاتو ساتی خۆیدا پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی بکەن، نەک لەمپەربن لە بەردەمیدا، کەبوون!! مادەی (١٤٠) لە ڕاستیدا جگە لە ناوچە کێشە لەسەری نێوان کوردو عەرەب، ناوچە کێشە لەسەری دیکەش بگرێتەوە، وەک هەندێک ئەو بیانووە دەدۆزنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکە لە نێوان کوردو عەرەبدایەو مادەکەش تایبەت بە چارەسەری ئەو پرسە دانراوە، وردە کێشەکانی باشووری عێراق بە کێشە حساب ناکرێن، وەک کێشەی نێوان دوو نەتەوەی جیا، لە نێوان کوردو عەرەبیشدا بە داخەوە ئەو ڕاستییە ڕاشکاوانە قسەی لەسەر نەکراوە، کە ناوچەکانی ناوچەی کوردنو دەستیان بەسەردا گیراوە، گەرچی لە بنەڕەتدا قۆناغەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە ئەوەمان پێدەڵێن، ئەم مادەیە قۆناغی قەرەبووکردنەوەی لێ دەردەچێت، قۆناغەکانی دیکەی هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە، لەمەدا دەبێت بڵێین:

أ- ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقو خودی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بەرپرسیارن لە جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیە لە کاتی خۆیدا، مادام پێشترو لە چوارچێوەی دەستوورەکەدا ماوەو کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنەکەی دەستنیشانکرابوو، ئەنجوومەنی وەزیرانو بە تایبەت سەرۆکی حکومەتەکە دەبوایە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی چوارچێوە زەمەنییە دیاریکراوەکە بەپێی دەستکاریکردنی ماوەکە بە دوای ڕێوشوێنی نوێدا بگەڕانایە بۆ جێبەجێکردنی...

ب- لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقی، دەبوایە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەکەدا یاداشتی خۆیان بەرزبکردایەتەوە بۆ حکومەتو سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی پەرلەمانو دەستنیشانی چەند ڕێگەیەکی خێرایان بکردایە بۆ یەکلایی بوونەوەی ئەو کێشەیەو پرسەکەیان لە پەرلەماندا هەر بۆ نوێنەرە کەرکوکییەکانو لە نێو نوێنەرە کەرکوکیەکانیشدا بۆ چەند کەسێک بەجێ نەهێشتایە، وەک بڵێی تەنیا ئەوانە شەڕکەری کەرکوک بن، هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقی لە بەرامبەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووردا کەمتەرخەم بوون، نەک هەر کەمتەرخەم بگرە سستی ئەوان بوو بەهۆی سەرهەڵدانی گروپی «٢٢»ی تەمموز، ئەو گروپەی بە کردەوە کاری بۆ ئەوە کرد کەرکوکو ناوچە کێشە لەسەرەکان بکاتە بەرمیلە باروتەکە.

پ- سەرۆکایەتی کۆمار کە لە گروپێکی «٣» کەسی پێکدێنو سەرۆکەکەیان کوردەو لە ڕۆژگاری وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری هەموومان وەک ڕووداوێکی گەورەو مێژوویی کەموێنە قسەمان لەسەر کرد، دەیانتوانی لە کاتی خۆیدا، بە تایبەت سەرۆک کۆمار بەهۆی شارەزاییەکەی لە سیاسەتی تەعریبو تەرحیلو تەبعیسو هەروەها کارەساتەکانی ئەنفالو کیمیاباران سۆزی هاوڕێکانی بۆ زیاترو زووتر چارەسەری ئەو پرسە ڕابکێشێت، ئەمە لە کاتێکدا جگە لە سەرۆک کۆمار یەکێکی دیکە لەو سێ کەسە «عادل عەبدولمەهدی» خۆی زۆر بە نزیکو دۆستی کورد دەزانێتو کوردیش هەروا تێگەیشتووە، تەنانەت جارێکیان د.بەرهەم لە بەغدا ئەوی وەکو نزیکترین کەس لە کوردەوە بە ئێمە ناساندو نەیهێشت بڕۆین، هەر بۆ ئەوەی کەمێک لەگەڵی دابنیشین.

بەشێک لە جێبەجێکردنی مادەی «١٤٠» هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی بەعسە، لەوانە دابڕانی قەزاکانی چەمچەماڵ، کەلار، کفری، خورماتوو پێموایە؛ سەرۆکایەتی کۆمار زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە، لە کاتێکدا پێشتر لە سەردەمی بریمەردا بڕیارەکانی بەعسی هەڵوەشابوونەوە!!

ت- سەرۆکی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانی کوردستان لەو ماوەیەدا دەیانتوانی کاری زۆر باش بکەن لەسەر ئەو ناوچانە، هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی وەزارەتێکی تایبەت بەو ناوچانەش لە هەرێمی کوردستان دروستکراوە، بەڵام هیچ یەک لەو سێیە، (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەتی کوردستانو پەرلەمان)، هیچ هەنگاوێکی دیاریان لەو بارەیەوە نەناوە، جگە لە کارئاسانی بۆ حکومەتی عێراقی، بەتایبەت لە بواری قەرەبوو کردنەوەدا، لە کاتی خۆشیدا بڕی پارەی قەرەبووکردنەوە بۆ کورد (٥) ملیۆن بۆ حەوتو نیو بوو، ئێمە چەند کەسێک لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بڕەکەمان گەیاندە (١٠) ملیۆن، جگە لەوە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان چوار یاداشتیان لەسەر مادەی «١٤٠»و چۆنێتی جێبەجێکردنی نەداوەتە حکومەتی عێراقی، بە تایبەت لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی وادەی دیاریکراودا. نەک ئەوە بگرە پەرلەمانی کوردستان، ئەمجارە دەرگای بەڕووی کەرکوکییەکاندا داخستو ئێستا نوێنەری کەرکوک وەک کەرکوکیی لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا نییە، بۆ سەرۆکی پەرلەمانیش کە د.کەمال کەرکوکییە ئەو پیاوە تائێستا دۆسییەو سجلی خۆی نەگێڕاوەتەوە بۆ کەرکوک، ئەوەی دەمێنێتەوە چەند پەرلەمانتارێکی قەزا دابڕاوەکانی کەرکوکە، کە ئەگەر بتوانن بیانەوێت، دەکرێت لۆبییەکی کەرکوکیی لە پەرلەمانی نوێدا دروست بکەن.

جگە لەو لۆبییە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت لە ئێستادا ئەجێندایەک بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بخاتە بەردەست حکومەتی عێراقیو لەسەر بنەمای ئەو ئەجێندایە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتو پەرلەمانی عێراقیی دیاری بکات. پێموایە لەمەدا ئەمەریکییەکانیش بە تایبەت دوای پێشنیازەکەی ئۆدیێرنۆ هاوکار دەبن، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە داوای ڕوونکردنەوە لە هۆکارەکانی سستیو دواکەوتنی مادەی (١٤٠) لە حکومەتی عێراقیی بکاتو ڕێو شوێنی خێراکردنی ئەو مادەیە دەستنیشان بکات.

پێویستە لە ئێستاوە پەرلەمانی کوردستان لە نوێنەری قەزا دابڕاوەکانی کەرکوک بە تایبەت کفری، کەلار، چەمچەماڵو خەڵکی دیکە لیژنەی تایبەت بە مادەی «١٤٠» دروست بکات. ئەو لیژنەیە لە ئایندەی نزیکدا لەگەڵ حکومەتو پەرلەمانی عێراقیی کار بۆ کاراکردنی ئەو بەندە دەستوورییە بکەن.

دیارە لە دەرەوەی پەرلەمانیش خەڵکێکی زۆر هەیە هاوکارییان دەکات، ئەگەر گەرەکیان بێت...



ئاودێر شێخ عومەر

# بەرهەم ساڵح هەڵەكەی دووبارە دەكاتەوە؟

لەدوای ٢٥ی تەممووزەوە یەكێتی بەدوای هۆكارەكانی شكستەكەیدا دەگەڕێت، لە كۆبوونەوەكانی سەركردایەتیدا چەندوچوونی زۆر كراوە لەسەر هۆكارەكانی ئەو تێكشكانە، هەر كەس لای خۆیەوە دەستی بەسەری ئەوی دیكەدا سڕیوە، ئەوەی تائێستاش دەركەوتووە ئەوەیە، كە شانەكە زۆرتر لەسەری كادیرە ناوەندییەكانی حیزبەكەدا شكێنراوەو ئۆباڵەكەی خراوەتە ملی بەرپرسی مەلبەندەكانو هەندێك لابراونو هەندێكی دیكەش لە سەروبەندی لابردندانو تائێستا دەست نەخراوەتە سەر كەمتەرخەمە گەورەكان.

یەكێتی، هۆكاری تێكشانەكەی تائاستێك پەیوەست دەكات بە كەمیی ئاستی دەستەبەری خزمەتگوزاریی لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی خۆیدا، ئەمەش دەستنیشانكردنێكی ژیرانەیە، چونكە بەشێكی هۆكاری شكستەكە شكستی یەكێتیو حكومەتەكەیەتی لە مەسەلەی خزمەتگوزاریدا.

بەرهەم ساڵح كە ئێستا كاندیدی لیستی كوردستانی (پارتیو یەكێتی)یە بۆ پۆستی سەرۆكایەتی حكومەت، یەكێكە لە هۆكارەكانی شكستی یەكێتی لەو مەسەلانەی پەیوەستن بە كەمیی خزمەتگوزاریی لە ناوچەی سەوزی هەرێمدا، بەڵام تائێستا یەكێتیو مەكتەبی سیاسییو سەركردایەتییەكەی دەستی كەمتەرخەمبوونیان بۆ رانەكێشاوە.

بەرهەم لە ماوەی سەرۆكایەتی حكومەتی سلێمانیدا چەند ساڵنامەیەكی كارەكانی خۆی چاپكردو بڵاوكردەوە، بۆ خستنەڕووی ئەو پڕۆژانەی حكومەتی سلێمانی ئەنجامیداون، بەڵام لەوێدا بەشی هەرەزۆری دەستكەوتی خەڵكی دیكەی كردووە بە هی خۆیو ناڕاستگۆیانە زانیارییەكانی گواستووەتەوە، جگە لەوەش شێوازی كاری بەرهەم لە مەسەلەی خزمەتگوزاریدا بووە هۆی ئەوەی یەكێتی دووچاری ئەوە بكات كە لە ٢٥ی تەممووزدا بەسەریدا هات.

بەرهەم لە ساڵنامەكانیدا پڕۆژەكانی بڕیاری ٩٨٦ی نەوت بەخۆراكی كردووە بە دەستكەوتی حكومەتەكەیو بە خەڵكی فرۆشتوونەتەوە، لە نموونەی زۆربوونی قوتابخانەو بنكەی تەندروستیو پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆو ڕێگەوبان. ئەو ماوەیەی وەك سەردەمی زێڕینی حوكمڕانی كورد پیشانداوە، بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەر چاوبگرێت كە بەشەشێرو زیاتری ئەو پڕۆژانە هی بەرنامەیەكن كە رژێمەكەی سەدام ئیمزای كردووەو هەر ئەو رژێمەش بەرپرس بووە لە چۆنێتی جێبەجێكردنی لەگەڵ رێكخراوەكانی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان. لەسەر ئاستی كاری ناوخۆیی حكومەتەكەشی، بەرهەم بە حوكمی بڕوا نەبوونی بە دابەشكردنی دەسەڵاتو كاركردن بە سیستەمی دەسەڵاتی ئاسۆییو پەیوەستبوونی زۆری بە دەسەڵاتی ستوونی، دەسەڵاتەكانی لە سەرەوەی هەڕەمی دەزگاكانیدا كۆكردووەتەوە، كە ئەمە زۆرتر لە هەر بوارێكی دیكە لە بواری خزمەتگوزاریدا بەسەر حیزبەكەیدا شكاوەتەوە.

دروستكردنی دەزگایەكی تایبەت بەناوی (پڕۆژە تایبەتییەكان) داهێنانێكی بەرهەم ساڵح بوو، كە لە سنووری حكومەتەكەیدا هەر هەموو كاری پڕۆژە خزمەتگوزارییەكانی خستە ناو ئەو پڕۆژەیەوەو لە نۆژەنكردنەوەی تەوالێتی قوتابخانەیەكەوە تا دروستكردنی زانكۆیەك خرایە سنووری دەسەڵاتی ئەو دەزگایەوە، ئیدی بوونی ئەو دەزگایە بووە هۆكارێكی هەرە سەرەكی بۆ پاشەكشەی حكومەتەكەی لە بواری خزمەتگوزاریداو هەر ئەوەش بووە مایەی دواكەوتنی بەرچاوی سنووری سەوزی هەرێم لە بورای دەستەبەری خزمەتگوزاریدا بۆ خەڵكی ناوچەكەو باری مەسەلەی خزمەتگوزاریی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەی زەرد بە جۆرێك لاسەنگ بوو، كە حكومەتەكەی دوای بەرهەمیش نەیتوانی ئەو پارسەنگە بە شێوەیەكی نزیككردنەوەش نزیك بە هاوسەنگ بوون بكاتەوە. دەكرێت سەنتەری هەردوو شاری هەولێرو سلێمانی بە نموونەی ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێتو لەسەر ئاستی قەزاش، كەلارو سۆران بەراورد بكرێن، كە پارێزگاو قەزاكانی هەولێرو سۆران تا چ ئاستێك گەشەیان پێدراوەو سلێمانیو كەلاریش لە چ حاڵێكدان.

لە مەسەلەی خزمەتگوزاریدا ئەگەر پڕۆژەكانی بڕیاری ٩٨٦ لە كارەكانی بەرهەم جیابكرێنەوە، دەردەكەوێت كە بڕوانەبوونی ئەو بە دابەشكردنی دەسەڵات بە شێوەی ئاسۆییو بیرۆكەكەی (دروستكردنی دەزگای پڕۆژە تایبەتییەكان)و كارەكانی ئەو دەزگایەو سەرئەنجام دۆسیەی ئەو دەزگایە لە ئاسایشو دەستگیركردنو دەرهێنانی سەرۆكی دەزگاكە لە بەندیخانەی ئاسایش، كاریگەرییەكانیان تا چ ئاستێكن لە شكستخواردوویی یەكێتی نیشتمانی.

گرنگ نییە یەكێتی دەستی كەمتەرخەمی بخاتە سەر بەرهەمو بە دوای ئەو مەسەلەیەدا بچێتو بە ئەندازەی بەشی خۆی لە شكستپێخواردنی یەكێتی لێپرسینەوەی لەگەڵ بكات، گرنگ ئەوەیە بەرهەم خۆی ئەم هەڵەیەی پێشووی لە حوكمڕانی نوێیدا دووبارە نەكاتەوە، یان ئەگەر هەولیشی بۆدا، پێویستە ڕێی پێنەدرێت دووبارەی بكاتەوە.

## بڵاوكراوەی نوێ




ونبوون

بڕی (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینارو (٣٣٠$) سێ سەدو سی دۆلار ونبووە لەنێوان بانكی ئەزمەڕ تا دادگا هەركەس دۆزیویەتیەوە پەیوەندی بكات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٤٢٦٠٩٠)

# وەڵامێك بۆ كەناڵی ئاسمانیی KNN سەبارەت بە ڕێپۆرتاژی كێشەی كەمئاویی لە قەزای شارەزوور

شەوی ٢٨-٢٠٠٩/٨/٢٩ كەناڵی KNNی بەڕێز ڕێپۆرتاژێكی تەلەفزیۆنی سەبارەت بە كێشەی ئاو لە مەلبەندی قەزای شارەزوور، بەبێ ئەوەی پەیوەندیی بكات بەلایەنی پەیوەندیدارەوە كە فەرمانگەی ئاوی ئەو شارەیە، بە ئارەزووی خۆی ڕێپۆرتاژەكە بڵاودەكاتەوە.

نەك ئەوەی ئەلف بێی كاری رۆژنامەوانی خوێندبێت، بەڵكو ئەوەی بۆ جارێكیش ڕێپۆرتاژێكی رۆژنامەوانی خوێندبێتەوە دەزانێت ئەو راپۆرتە چەندە بێماناو پڕكەموكەسرە، لە كاتێكدا لایەنێكی گرنگی راپۆرتەكە لە بیر دەكرێتو كاكی ریپۆرتەر بە ئارەزووی خۆی، ئیدی بە مەبەست بێت یاخود بێ مەبەست مایكێك دەگرێت بەدەستەوەو كامێرای كەناڵێكی ئاسمانیی دەخاتە سەرشانیو راپۆرت ئامادە دەكات، ئیدی گرنگ نییە ئەم كێشەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، كوێ سەرچاوەكەیە؟ لە كەیەوە هەبووە؟ كێ زەرەرمەندە؟ كێ بووەتە هۆكار؟ چۆن چارەسەر دەبێت؟ بۆچی كێشەكە هەیە؟

بەڵام بە داخەوە ئەوەی جێی نیگەرانیی ئێمەو بینەرانیش بوو، تەواوی ئەم پرسیارانە بە هەڵپەسێردراویی مانەوەو هیچكام لە ئێمەو بینەرانیش نەمانزانی ئەم كێشەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووەو كەی چارەسەر دەبێتو...هتد، ئەمەش بە هۆكاری ئەوەی لایەنی پەیوەندیداری سەرەكی ئەم كێشەیە فەرمانگەكەمان بوو كە تەواوی دەستكەوتنی زانیارییەكانو وەڵامی ئەو پرسیارانەی لا دەستدەكەوێت، لەو راپۆرتەدا فەرامۆشكرابوو كە ئومێد دەكەین بەمەبەست نەبووبێت.

ئەمەو لە كاتێكدا چاوپێكەوتنەكان لە راپۆرتەكەدا، جێی گومانو تێڕامانن، دیارە بەمەبەست كۆمەڵێك دەدوێنن ئەوانیش وەك خۆیان راستییەكانیان ئاماژە پێنەداوە، تەنیا باس لە كێشەكە دەكەن، خۆی لە خۆیدا كێشەكە بوونی هەیەو لاریمان لێی نییە، بەڵام بۆ خستنەڕووی راستییەكان بڤەیە ئەگەر سەردانی فەرمانگەكە بكەنو بگەنە هەموو ئامانجەكانی راپۆرت؟

خاڵێكی گرنگی دی ئەوەیە، كە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئەم قەزایە «پڕۆژەی ئاوی بێستانسوورە» كە ئەمە بۆ برادەرانی ریپۆرتەرو كامێرامان زۆر ئاسان بوو، دەیانتوانی بینەر لە كێشەكە حاڵی بكەنو خۆشیان وەڵامێكی مەعقولیان دەست بكەوێت، بەڵام وەك ئەوەی ئەم برادەرانە لە تێستی كاری رۆژنامەوانیدابنو بۆ یەكەمجاریانبێتو پێشتر هیچ خولێكی راگەیاندنیان نەدیبێت، كوێرانە چاو لە ئاستی ئەو خاڵە گرنگەی راپۆرتەكەی خۆیان دادەخەنو هیچ بەسەركردنەوەیەكیشیان بۆ ئەو پڕۆژەیە نابێت.

نیگەرانیی گەورە لەوەدایە، ئەم ئاوتە گەورەیە كە نازانین ناوی لێ بنێین چی؟ كەچی زۆر بە ئاسانی لە دەست ئامادەكارانو هاوڕێیانی كۆنترۆڵ دەردەچێتو بەناوی راپۆرت لە كەناڵێكی زەبەلاحی ئاسمانییەوە نیشاندەدرێت.

هەربۆیە لێرەوە بە ئێوەو هاوڵاتییانی خۆشەویستیی قەزای شارەزوور دەڵێین، لە ئێستادا ٤ بیر لە قەزای شارەزوور لە بواری جێبەجێكردندان، كار كراوە بۆ هەڵكەندنی ٢ بیری قووڵو ٢ بیری سەتح بۆ پڕۆژەی ئاوی بێستانسوور، هەروەها دروستكردنی پڕۆژەیەك بۆ «سێ ئاشان»، كە هاوڵاتییانی سنوورەكە سوودمەند دەبن تێیدا، هەروەها رەزامەندیی مەبدەئی وەرگیراوە بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاوی ئەم شارە، جگە لەوەی پەمپێكی ١٠٠٠م٢ بۆ بێستانسوور دانراوە. هەروەها لە ماوەی ٣مانگی رابردوودا زۆر كاری باشكراوە، كێشەكەش كێشەیەكی سروشتییەو گرفتی وشكەساڵییە كە سنوورەكەی بەشێوەیەكی چڕوپڕ گرتووەتەوەو ئێمەش لای خۆمان درێخیمان نەكردووەو بەردەوام لە هەوڵی چارەسەركردنیدا بووین. هیوادار بووین ئامادەكارانی ئەو راپۆرتە بهاتنایەو لە نزیكەوە فەرمانگەی ئاو و پڕۆژەی ئاوی بێستانسووریان بەسەر بكردایەتەوە تا لە نزیكەوە ئاگاداری كێشە كە بوونایە، بەڵام بەداخەوە راپۆرتەكەتان هیچ سیفاتێكی رۆژنامەوانی تێدانەبوو، دوور لە «ئیتیك» دروستكرابوو كە ئارەزوومەندانەبوو.

**عەلی عەبدوڵڵا فەرەج**
**بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەزای شارەزوور**

خاوەنی ئیمتیاز: كۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: عەدنان عوسمان
بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com
دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
كارگێڕیو ریكلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com
دابەشكردن: كۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەكیی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانكۆ ٩٤ نزیك چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# چەمکی شکست لە هزری وشکی بریندار بووی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی دا

چیا عەباس

زۆر ئاسایە دەسەڵاتو سوودمەندەکان لێی بەرگری لەخۆیانو بۆچونەکانیانو کارە دروستو نادروستەکانیان بکەن.

بەرگریکردنو هەڵساندنەوەو خۆپاراستن بەهرەیەکی سروشتیە، ئایندارەکان بۆئەو مەبەستە پشت بە خواو کتابە پیرۆزەکەیان دەبەستن، عەقائیدیەکان بە هێزو گروتینی بیروباوەر، لیبراڵو ئازادەکان بە دیموکراسیەت، نەتەوەییەکان بە پیرۆزو ڕەوایی بزافەکەیانو ڕەتلەکانی دکتاتۆر بە سەرکردەو رابەرە نەمرەکانیان ..تاد.

من ویستومەو دەشمەوێت گوناهبارانو تاوانباران لە شکستیەکانی یەکێتییو میللەتەکەمان بخرێنە ژێر زەبری هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی پێنوسەکانەوەوەو مێژووش دادپەروەرانەو بە ویژدانەوە حوکمی خۆی بدات .

لێرەدا دەمەوێت ئەڵقەکانی زنجیرەی چەمکی شکستی یەکێتیی بەیەکەوە گرێبدەمەوە.

**یەکەم:** لایەنی ڕێکخراوەییو جەماوەری ئەو شکستیە لە پلەی یەکەمدا شکستی ئەو تاقمو دەستانەن کە تەنها خۆیان بە «یەکێتیی ڕاستەقینە» ناودەبەنو دەزانن. لە مێژوودا لایەنی سیاسی شکستیە گەورەکان کاریگەرىو ڕەنگدانەوەی زۆریان لەسەر نەتەوەکانو بزاڤەکانیان هەبوە، نسکۆوشکستی شۆرشی ئەیلول لە ١٩٧٥ دا میلەتێکی دووچاری سەرگەردانیو ماڵوێرانی کرد بەدەر لە هۆکارەکانو ڕۆلی سەرکردەو حزبو دەستە وتاقمەکان. بە ئاراستە پێچەوانەکەشەوە شکست هەبوە کە ئاسۆیەکی گەشەداری بۆ نەتەوەو بزافەکان بەرپاکردوە، وەک شکستی هتلەر وپینۆشیت ومیلۆسۆفیچو دەیان نموونەی تر، لەمەشیاندا کاریگەرىو ئاکامەکانی هەر بۆ میللەت بوە.

بۆیە ئەو نیەت ونەفەسە ئینعزالیەی هەندێک لە دەسەڵاتدارانی یەکێتیی کە خەریکی باسکردنو شیکردنەوەی هۆکارەکانی شکستن بە حەشاردانو پەنگخواردنەوەیان لە چوارچێوەی ژوورە تاریکەکانی خۆیاندا نیشانەی ئەو مەسافە گەورەیە وکەم متمانەییەیە لەنێوان ئەوان ومیللەتداوزەمینەی عەقلیەتێکە نامۆ بە دیموکراسیەتو کردنەوەیە، وئەو ڕاستیەش دەسەلمێنێت کە ئەوان لە گەردەلولی شیزۆفرینای سیاسیدا گیریان خواردوە، هەم هۆکاری دەردەکانو هەم تەنها خۆشیان بە حەکیمی دەردەکان دەزانن.

لەسیستەمە کراوەکان ولە هزری تەندروستی حزبو هێزە دیموکراسیەکاندا شکستی لەو جۆرە لەلایەن لایەنی شکستەوە دەخرێتە بەردەم چەقۆ تیژەکانی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی میللەتەوە ولە نێو روپەلێکی تەسکدا حەشاری نادەن. چونکە لایەنی شکست زۆر مەبەستیەتی بەدوای هۆکارە بنەرەتیەکانی شکستدا بروات.

**دووەم:** لە هەموو شکستو سەرکەوتنێکدا هۆکارە سەرەکیەکانو هۆکارە لابەلاکان تێکەڵاوی یەکتر دەبنو بەکۆی کاریگەری هاوبەشیان ڕێگا بۆ شکست یا سەرکەوتن خۆشدەکەن. هۆکاری سەرەکی شکستی میلۆسوڤیچ ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنامەی دایتون بوو کە لە سەرەتادا لەسەری رازیبو، هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی عەرەفات پشتگیرىو هاندانی توندرەوە فەلەستینیەکان بوو و لە هەمان کاتیشدا دانوستاندن بە فیز وداوای زۆرەوە و ئەو گەندەڵیەی ئیدارەی فەلەستینی شەتەک کردبو. لە هەر دوو حاڵەتدا پاشماوەکانی شکست وزەرەرمەندەکان لێی بەدەیان هۆکاری لابەلا و بیانو وتەنانەت شتی هەڵبەستراو و بچوکیان قیت دەکردەوە بۆ پاساو هێنانەوە بۆشکست و شاردنەوەی هۆکارە سەرەکیەکان.

بەهەمان وەتیرەش مونەزیرەکانی دەسەڵاتی شکستخواردوی یەکێتیی تەنهالە دید و بۆچونی خۆیانەوە دێن و هۆکارەکانی شکست بۆ چەمکی «موئامەرە» و «توند وگرژی» و «نیەتی تێکدەری» ڕکابەرەکانیان دەگەڕێننەوە.

کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە دەسەڵات بە هەموو باڵ و بۆچون و ڕا جیاوازەکانەوە بێبەری نین لە شکست و سەرکەوتنەکان و پێویست ناکات ئەوەش دووپات بکرێتەوە کە کاک نەوشیروان بە واتەی خۆی وپێنوسی خۆی ئەو ڕاستیەی وتوە تائەو ساتەی لەناو یەکێتیی دا پرسیاریەتی هەبوە و هەروەها بەرێزەکانی تریش کە ئەمرۆ خۆیان لە ڕەوت وهەیمەنەتی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی دەربازکردوە جەختیان لە بەرپرسیاریەتی خۆیان کردۆتەوە.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەڵوێست و داواکاری و پرۆژە وبۆچونەکانی باڵی ریفۆرم و ڕەوتی گۆرینی دیموکراسی و کادرەکانی بەناو «حزبی ناو حزب» و ڕۆشنبیر ونووسەران وتوێژەکانی تری میللەتەکەمان بۆ چاکسازی ونوێبونەوە و گۆران هۆکارە سەرەکیەکانی شکستن؟ یا بێباکی وبێخەمی دەستە و تاقمە دەسەڵاتدارەکانی ناویەکێتیی، بەتایبەت ئەوانەی دەوروبەری بەرێز مام جلال، لەبەرامبەر داواو بۆچونەکانی لایەنەکانی تر وهەڵپەی بێ سنوریان بۆ پارە و دەسەڵات وپاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و» پاککردنەوەی» یەکێتیی لە «ئاژاوەچی وگێرەشێوێنەکان». هەوڵی چەواشەکردن بۆ خستنی گوناهی شکستیان لەئەستۆ وئۆباڵی ڕکابەرەکانیان بێسودە لە قورتارکردنی لێپرساویەتیان لەو شکستیە. دەبوا زۆر بوێرانە دانیان بەوەدا بنایە کەپشکی شێری ئەو شکستیە لە ئەستۆیاندایە. خۆ بەم کارەیان ئەو گرژی و توندی وتوەرەبونەی ئەمرۆکە بە روخساری سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندنیانەوە بەدیدەکرێن کەمتر دەکردەوە. هەر بۆچون و تێروانینێک نەتوانێت بابەتیانە و ڕاستگۆیانە وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە دەکەوێتە چوارچێوەی دیماگۆگ و چەواشەکردنەوە و گومان دەخاتە سەر نیەتی بێدەنگیو وەلام نەدانەوە.

**سێیەم:** هەر شکست وسەرکەوتنێک تایبەتمەندی خۆی هەیە لە رووی کات وشوێن وفەزای سیاسی وئابوری وسەربازیەوە و کارەکتارەکانی شکستەوە. ونستۆن چەرچڵ براوەیەک بو لە شەری دووەمی جیهاندا و ڕاستەوخۆ دوای ئەوە شەری هەڵبژاردنی پارلەمانی وڵاتەکەی دۆراند و هۆکاری سەرەکی خۆی و سیاسەتی حزبەکەی بوو، نیکسۆن هەڵبژاردنی لەخولی دووەمدا بۆ سەرۆک کۆماری بردەوە وچەند مانگێک دواتر وازی هێنا، هۆکاری سەرەکی ساختەکاری خۆی بو لەو هەڵبژاردنەدا ، جۆرج بوشی باوک شەری « زریانی بیابانی بردەوە» و یەکسەر دوای ئەوە شەری هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی ئەمریکای دۆراند، هۆکاری سەرەکیشی باری نالەباری ئابووری ئەمریکیەکان بوو لەئاکامی سیاسەتی ئابوری ئەودا، گۆرباشۆف شەری پریسترۆیکا و گلاسنۆتی لەناو پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و بەرەی سۆشیالیستی سەردەمەکەی خۆی بردەوە بەڵام شەری شەقاوەیەتی وبەکارهێنانی دەبابە و ماسولکەی دۆراند، هۆکاری سەرەکیشی خۆشباوەری ساویلکانەی خۆی بوو بە کردنەوە و نوێبونەوە لەنێو گەلە گورگێکدا. عەرەفات لە زۆربەی شەرەکانی سەربازی وسیاسی ژیانی دۆراو بو، بەڵام لە شەری سۆز و هەڵچونی نەتەوەییدا براوە بو، هۆکاری سەرەکیش باوەری کوێرانەی خۆی بوو بە ڕەوایەتی مەسەلەکەی لەدنیایەکی ئاڵۆز وبێ ویژداندا و میکافیلیەتی بەرچاوی سیاسەتکردنی.

هەروەهاش هۆکاری سەرەکی نسکۆی شۆرشی ئەیلول ئەو باوەرە توندە ناواقیعیانەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بو بە قسەی شای ئێران وئەمریکا. خۆ ناکرێت هۆکاری شکست بخرێتە ئەستۆی جەلالیەکان کە چەند سالێک پێش شکست لە پارتی جیابووبەنەوە. خۆ ناکرێت سەرانی پارتی هۆکاری سەرەکی شکستی سیاسیان لە ٣١ ئۆگۆستی ١٩٩٦ بۆ مام جەلال ویەکێتیی بگەرێننەوە. خۆ بێویژدانیە شکستی گەورەی عەرەب لە جەنگی ساڵی ١٩٦٧ بخرێتە ئەستۆی ڕکابەر وناحەزەکانی خوالێخۆشبو جمال عەبدولناسیر لە سەرانسەر وڵاتانی عەرەبیدا بەڵکو پشکی شێر لەو شکستیە لە ئەستۆی ناسر ودەوروبەرەکەی بوە، چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ عەقلیەتی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و بەرێوەبردنی عەرەب وململانێکان بوون، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر دڵسۆز بوون بۆ نەتەوەکەیان بەڵام خاک و نەتەوەیان بەرەو گەورەترین شکست لە مێژوویدا برد کە تا ئەم ساتەش عەرەب پێوەی دەناڵێنێ.

هۆکاری سەرەکی ئەو نموونانەی شکست لەسەرەوە باسکراون لە هزر و بونیاتی دەسەڵاتدا ڕەگ و ریشەیان داکوتیوە تا ئەو رادەیەی کە شکست پەیوەندار بوە بەخۆیانەوە و لە ئاکامی دەسەڵات و هێزێکی بێئەندازە نەبوە.

هۆکاری سەرەکی شکستی یەکێتییش سیاسەت و ڕەوتی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەڵە وتێکدەری لوتکەی دەسەڵات و دەوروبەرەکەیەتی کە خۆی لە گوێنەگرتن لەبیرورا جیاوازەکان و بنیاتنەرەکان و پیادەکردنی تەکەتول وناوچەگەری وبنەماڵەیی لەکاری حزبی و حوکمرانیدا دەبینیەوە.

تۆ بڵێی ئەوانەی ناو یەکێتیی کەئەم سیاسەت وپراکتیک و گەندەڵیەیان پێ قبوڵ نەکراوە ئیتر لەبەر خاتری خاتران وازیان لە ماندووبونی و خەباتی خۆیان بهێنایە و فەرامۆشییان بکردایە بۆ ڕازیکردنی دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی، پاش ئەوەی هەموو دەروازەکان لەناو یەکێتیی دا بە قایمی بەرووی هەوڵەکانیاندا داخران. هەرکەسێک بەم جۆرە بیربکاتەوە و بیەوێت ناچاری لایەنە ڕکابەرەکانی بکات بە پاساوی پاراستنی پیرۆزی حزب و سەرکردە و دەسەڵات میللەتەکەی لەبیر بکات و لە ڕێکخراوێکی وەک یەکێتیی دا کە خاوەنی هەزاران شەهید و سەروەریە هەروا بۆ ئەو دەستەوتاقمانەی چۆڵ بکردایە ئەوا بێگومان تووشی دەردی بەخۆ گەورە زانین و خۆسەپاندن بوە، ئاکامی بیرکردنەوەیەک لەوجۆرە هەر شکستی و بێئومیدی دەبێت.

**چوارەم:** ئەم شکستەی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی شکستی سەربازی نیە، شکستیەک نیە لەبەرامبەر بە دوژمندا، شکستیەک نیە بە کودەتا وخوێن رشتن بەسەریدا هاتبێت. بەڵکو شکستێکی دیموکراسیانەیە و میللەت بریاری لێداوە، بۆیە دەبوا بە دڵێکی فراوان و ڕۆحێکی نەفەس درێژەوە پەسندیان بکردایە نەک بەو هەموو فووکردنە بەخۆدا و خۆ بەزل وپیرۆز وبێگەرد زانینە وتۆمەتبارکردنی ڕکابەرەکانیان.

ئەم خۆدزینەوەیە لە هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە وکراوە بۆ شکست ڕەنگدانەوەی هزری بریندارکراوی دەسەڵاتدارانە ولە ئاکامیدا بۆچون و لێکدانەوەیان بۆ چەمکی دەسەڵات ودیموکراسیەت ئەو هەموو تورەیی وگرژی ودژایەتیکردنەی پێوەدیارە.

**پێنجەم:** سەرکەوتن وشکستی دیموکراسیانە هەمیشەیی نین و لەسەر هیچ لایەنێک لە پرۆسەکەدا تاپۆ ناکرێن. کاتێک کێرڤی دیموکراسیەت گۆران بەخۆیەوە نەبینی مانای ئەوەیە خەلەلێکی گەورە لەو پرۆسەیەدا هەیە. ئەگەر وابوایە ئالوگۆرکردنی دەسەڵات لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا قەد رووی نەدەدا. کاتێک دەسەڵاتدارانی یەکێتیی بتوانن ئەو ڕاستیە پەسندبکەن کە خۆیان هۆکاری سەرەکی ئەم شکستیە دیموکراتیانەیانن، کاتێک درک بەوە بکەن بەزۆرەملێ و چاوسورکردنەوە ناتوانن قەوارە و پان و پۆری حزبەکەیان بەگەورەیی ڕابگرن، کاتێک بەراشکاوی دان دەنێن بەو ڕاستیەدا کە ئەوانی دەسەڵاتدار وەک دەستە وتاقمی هەڵبژاردەی نایاب و بێ وێنە سیستەمی دیموکراسیەتیان لەناو حزب و لە حوکمرانید شێواندوە وڕەفتاریان کردوە، کاتێک وازدەهێنن لە فەرامۆشکردن و پاککردنەوە و چەوساندنەوەی جیاوازیەکان و کاتێک نیەتی ڕاستەقینەی خۆیان لەپشت «بەرژەوەندی نەتەوەیی» و «مەترسیە دەرەکیەکان» و»ڕێککەوتنامەی شەراکەت» حەشار نادەن و کاتێک ... ئەوا بێگومان کێرڤی هەڵچونیان لە پرۆسەی دیموکراسیەتدا بەرەو سەر ڕێدەگرێت ومتمانەی خەڵک پێیان زیندودەبێتەوە.

ئەمانە داوکاری وخواستی ئەو هەڤاڵ و تاقم و گروپانە بوون کە پاش چاوەروانیەکی گۆدۆ ئاسا و بێ ئومێدیەکی ئازاردەر خۆیان لە ئەختەبوتی دەسەڵاتی ئەو هزرە بریندارە و وشکەی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی قورتارکرد. خۆ بەدیهێنانی بەشێکیش لە داواکاری و گوێگرتنی جدی لە بۆچون و ڕاکانیان (نەک مناوەرە و کوشتنی کات ودەستی دەستی پێکردن و ئاوردانەوە بەنەفەسی بەزەیی و ڕازیکردن و بەمەبەستی دروستکردنی چەند فاقەیی لەنێوانیان) دەبونە مایەی سەرکەوتن و گەشەکردن وتۆکمەکردنی یەکێتیی. کاتێک ملمڵانێی ڕەوا ودیموکراسیانە لە ئارادا بوو یەکلایانە یەکلاپی ناکرێتەوە، بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بزوتنەوەی گۆران وەک بزوتنەوەیەکی گەورەی جەماوەری کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەدا سەرکەوتوە و متمانەی بەشێکی زۆری میللەتی پێبەخشراوە شکستی هەر هێزێکی دیموکراسی ڕەسەنی کوردی وخاوەن مێژووی خەبات و سەروەری لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا هەڵدەسەنگێنێت و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات. لەهەمان کاتیشدا بەووردی لەو ڕاستیە تێدەگات کە پرۆسەی دیموکراسی لای خۆمان بێ ڕێکخستنی پارسەنگی هێزەکان دەبێتە مایەی فەوزا و لەباربردنی دەسکەوتەکان. ئەمەش زەمینەی فیکری ئەو بزووتنەوەیە کە هیچ نیەتێکی دژایەتیکردنی هێزێکی دیموکراسی نیە و هیچ کامێک لەو هێزانەش بە ڕەفتاری سیاسی ولەناو پارلەماندا ناسرێتەوە.

ئیتر چی پێویست دەکات لایەنی شکست ئەم هەموو کەف و هەڵچوون و دوژمنایەتیکردنەی بزوتنەوەی گۆران ی کردۆتە ڕێبازی ڕۆژانەی خۆی بە هیوای نەزۆکیان بۆ هەڵساندنەوە. خۆ بە دوا پێوەر کاتێک گۆران سەرکەوتو بو لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوە خزمەتێکی گەورەیە لەپلەی یەکەمدا بە بزافی کوردایەتی لەباشوری کوردستان.

## دواقسە: مام جلال وشکست

بەرپرسیەتی شکستیەکانی یەکێتیی لە ڕابورد وئێستاشدا لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە ئەستۆی بەرێز مام جلال، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەوانەی دەوروبەری کە کاریگەریان لەسەری هەبوە لەو پرۆسەیەدا لەنێو ووشەکانی ئەم هاوکێشەیەدا خۆیان حەشاربدەن وقورتاربکەن و وەک قەڵغان بەکاری بهێنن. ئەوە ئەرکی بەرێزیەتی تیشک و ڕوناکی بخاتە سەر دەهالیز و کوچە تاریکەکانی نێو ووشەکانی ئەو بەرپرسیاریەتەی خۆی.

کەم نین ئەوانەی ئێستا لەدەرەوەی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی کاردەکەن باوەریان بە نیەت و ڕۆڵی مام جلال بۆ چاکسازی و پاکسازی وڕاستکردنەوە لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، هۆکاری سەرەکیش بۆ بەرێزی و دەوروبەرەکەی دەگەرێتەوە. بەڵام ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بە ئەمەک بۆ خاک و نیشتمانە (ئەمە ڕاستیەکی مێژووییە نەک ماستاوکردن بۆ مام جلال، چونکە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە بچوککردنەوەی کەسایەتی و کاریگەری مام جلالە کە نەدەچێتە ژێر کارگەری ئەو جۆرە ڕەفتارانە ونە پێویستی پێیەتی بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی ڕکابەرەکانی) کە لەم ساتانەدا نیاز ودڵی خۆی بۆ سەرکرە دەسەڵاتدارەکان بەیان بکات ولە هەمان کاتیشدا ئەو سەرکردانە پێویستە بەردەوام بەئاگابن لە دیدوبۆچونی زۆربەی خەڵک وتا فشاری کاریگەری ڕاستەوخۆی دەوروبەر لەسەریان کەڵەکە نەبێت وبە ئاراستەی نادروستدا بەرەو شکستی تر بیان بەن.

ئەم شکستیەی دەسەڵاتدارانی یەکێتیی شکستی سەربازیی نیە، شکستیەک نیە لەبەرامبەر بە دوژمندا، شکستیەک نیە بە کودەتاو خوێنرشتن بەسەریدا هاتبێت. بەڵکو شکستێکی دیموکراسیانەیە و میللەت بریاری لێداوە، بۆیە دەبوا بە دڵێکی فراوانو ڕۆحێکی نەفەس درێژەوە پەسندیان بکردایە نەک بەو هەموو فووکردنە بەخۆداو خۆبەزلو پیرۆزو بێگەرد زانینەو تۆمەتبارکردنی ڕکابەرەکانیان

کۆمپانیای رۆژی نوێ بۆ وەبەرهێنانی خانوو بەرە
Rozhi Nwe Co.
www.rozhinwe.net
پرۆژەی رۆژ ستی





هەلیکی زێرین

هاولاتی ئازیز ..... دلنیا بە براوەیت
زووکە,تا درەنگ نەبووە ... لەگەڵ کۆمپانیای رۆژی نوێ , گرێبەستێکی ئەلترونی ئیمزا بکە .
دەبیتە خاوەنی شوورقەیەکی109مەتری , لە جوانترین و باشترین شوێنی شاردا ...



بەبێ ئەوەی باری شانت گران بێت ....
3800 $ بێنەو گرێبەستەکە ئیمزا بکە ...
3800 $ کە سەقفی شوقەکەت تێکرا ...
3700 $ کە گەیشتە گەچکاری ...
3700 $ بەدەو کلیلی شوورقەکەت وەرگرە
ئەمە هەمووی ئەکاتە 15000$ ....
دواتر : -
25000$ سندوورقی نیشتەجێبوون پارەکەی دەدات .... لە ماوەی 10 ساڵیشدا وەریدەگرێتەوە .
10000$ کۆمپانیای رۆژی نوێ دەیدات .... ئەویش لە ماوەی 5 ساڵدا وەریدەگرێتەوە ,
بێ خستنە سەری هیچ سوودێک ....

ئۆفیسی کۆمپانیا – فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەلیک– بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تاهیر
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە : 5777 053 لە ئەربیلەوە – 5777 لە تورەڵووە / ر 1717 152 0750 - 5555 016 0771




لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا هێڵی ئاسیاسێڵ بکڕە بە 5$ و 10$
باڵانسی بێ بەرامبەر وەربگرە لە دوای دوو جار پڕکردنەوەی باڵانس

ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاری بەشداربووان ١١١

ISHIK UNIVERSITY
# مژدە بۆ دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی

زانکۆی ئیشق بۆ جارێکی تر ئامێزی خۆی والا دەکات بۆ وەرگرتنی ژمارەیەک ئەوەی دوارۆژ.
هەوڵ دەدات بە پەروەردەکرنی قوتابیان وخوێندکارانی بەتوێترین زانست وپێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای جیهانی لەسەر دەستی پسپۆرانی نێودەوڵەتی .

لە سیما جوانەکانی زانکۆی ئیشق :
- هۆڵی خوێندنی پێشوو بەخش.
- راڤەکردنی وانەکان بە نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم (سمارت بۆرد).
- گۆرەپانی وەرزشی.
- کتێبخانەی فراوان.
- چالاکی وەرزشی وکۆمەلایەتی ورۆشنبیری و ئەکادیمی جۆراوجۆر.
- رێکخستنی بالەخانەی زانکۆ بەهەموو ئامێرە تەکنەلۆژیە پێشکەوتووەکان.
- رێکخستنی هاتوچۆ بە سیستەمی ID کارد وفێنکەر برینت.

تێبینی ، بۆ وەرگرتنی فۆرم دەتوانی سەردانی زانکۆی ئیشق بکەن ،
یان ماڵپەری زانکۆی ئیشق بکات www.ishikuniversity.com
ناونیشان :
هەولێر – شەقامی 60 مەتری تەنیشت هۆڵی زەرد
0750 705 02 11
066 252 98 41



## بەشەکانی زانکۆی ئیشق

| کۆلیژی پزیشکی ددان | پزیشکی ددان |
| --- | --- |
| کۆلیژی ئەندازیاری | بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر |
| کۆلیژی زانستەکانی بەرێوەبردن وئابووری | بەشی بەرێوەبردنی کار<br>بەشی دارایی وئابووری |
| کۆلیژی پەروەردە | بەشی زمانی ئینگلیزی<br>بەشی بیرکاری |
| کۆلیژی زانست | زانستی کۆمپیوتەر (IT) |
| خوێندنی ئێواران | زانستی کۆمپیوتەر (IT)<br>زمانی ئینگلیزی<br>بەرێوەبردنی کار |

# زانکۆی شاهانەی بەریتانی



بۆ یەکەمین جار لە سەرتاسەری عێراق زانکۆی شاهانەی بەریتانی باوەرپێکراو لەلایەن هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا کەبەزمانی بەریتانی ومامۆستایانی پسپۆری بەریتانی، کە پێک دێت لە
- کۆلیژی دەرمانسازی.
- کۆلیژی ئەندازیاری کە پێک دێت لە پێنج بەش
( ئەندازیاری نەوت – ئەندازیاری بیناسازی – ئەندازیاری شارستانی – ئەندازیاری پەیوەندیەکان – ئەندازیاری کۆمپیوتەر )
- کۆلیژی زانستی ژمێریاریەکان( it )
- کۆلیژی کارگێری وئابووری کە پێک دێت لە سێ بەش
( بازرگانی –گەشتوگوزار –کارگێر وکاروباری بانک )
- کۆلیژی زمانەوانی کە پێک دێت لە دوو بەش
- زمانی ئینگلیزی –وەرگێرانی ئینگلیزی

مۆبایل : ( هەولێر ) / ٠٧٧٠ ٦٤٥ ٧١٥٨ - ٠٧٥٠ ٧٨٠ ٧٥١٥ - ٠٧٥٠ ٧٨٠ ٧٥١٦
( سلیمانی ) / ٠٧٧٠ ٦٤٥ ٧١٥٥ - ٠٧٥٠ ٧٨٠ ٧٥١٢
( دهـــوك ) / ٠٧٧٠ ٦٤٥ ٧١٥٦ ٠٧٥٠ ٧٨٠ ٧٥١٧
( بغــــداد ) / ٠٧٧٠ ٨٨٠ ٩٠٧٠ ( بەسرە ) / ٠٧٧١ ٢٤٢ ٥٩٢٦
ناونیشانی کۆلیژ / هەولێر - شەقامی گوڵان - تەنیشت شاروانی دوو
ناونیشانی بنکەی دانیشتن / هەولێر - دوو سایدی بەختیاری نزیک کەنالی ئاسمانی سۆمەریە

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩